دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

پێنجشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩١_١٩ی ئاوریلی ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٨١ | نرخ: ١٥٠ تمەن

### ئێران لە ئاسمانی عێراقەوە چەک بۆ سووریە دەنێرێ



جێگری سەرکۆماری عێراق دەڵێ ئێران لە ڕێگەی سنووری ئاسمانی عێراقەوە چەکوچۆڵ بۆ سووریە دەنێرێ. تاریق ئەلهاشمی لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «زەمان»ی تورکیەدا ئاشکرای کرد کە بەپێی زۆر بەڵگەی بەردەست ڕێژیمی ئێران لە سنووری هەوایی عێراق کەلک بۆ ڕاگواستنی چەک و چۆڵ بۆ سووریە وەردەگرێ.

### ڕفاندن و دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە بۆکان



لە کاتێک دا چەند کەس بە تۆمەتی ڕفاندن و دەستدرێژی بۆ سەر چەندین منداڵی قوتابخانە لە شاری بۆکان دەستبەسەر کراون، نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئەو شارە سەبارەت بەو جینایەتە هەر وا درێژەی هەیە و ئەگەری ئەوەش لە ئارا دایە کە لە ماوەی ڕۆژانی داهاتوودا بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەم کردەوەیە مانگرتنی گشتی وەڕی بخرێ.
دەگوترێ ئەو کەسانەی بەم هۆیەوە گیراون هەر سێ کەس کارمەندی شارەداریی بۆکانن و لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە پشتیوانی دەکرێن.

## سکرتێری گشتیی حدک لە کۆنفرانسی «تێپەڕین بەرەو دێموکراسی لە ئێران»دا:

# ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و دەبێ بە دانان بەو ڕاستییە پێناسە بکرێتەوە



لە ڕۆژانی ٧ و٨ ی مانگی ئاوریل، (١٩ و ٢٠ی خاکەلێوە) کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی «تێپەڕین بەرەو دیموکراسی لە ئێران» لە شاری واشینگتۆن پێتەختی ئەمریکا پێکهات.

لەو کۆبونەوەیەدا کە بە بەشداریی کۆمەڵێک حیزب و کەسایەتیی سیاسی و ئاکادیمی و ڕۆژنامەنووس و نوێنەرانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی پێک هاتبوو ، دەستوری کارێک بۆ تاوتوێکردنی وەزعی ئێرانی ئێستاو میکانیزمی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی لە لایەن چەند کەس کە وەک وتاربێژ دەعوەتیان لیکرابوو هاتە بەرباس و لێکدانەوە.

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکێک لەو کەسایەتیانە بوو کە بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگێشت کرابوون . سکرتیری گشتیی حیزب وتارێکی سەبارەت بە ئاستەنگ و دەرفەتەکانی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی و چۆنیەتیی دروستکردنەوەی ئێران لە سەر بناغەیەکی دیموکراتیک و فیدرڕاڵ هێنایە بەر باس و لێکدانەوە.
سکرتێری گشتیی حیزب ، لە باسەکەی دا ئاماژەی بەو ڕاستیە کرد کە دەبێ لە یەکەم هەنگاودا ئێران پێناسە بکرێتەوە و لەژێر ڕووناکایی ئەو بنەمایە دایە کە دەکرێ ئاستەنگەکان و شێوازی تێپەڕین بەرەو دیموکڕاسی هەڵ سەنگێندرێ.
بەڕێز عەزیزی تەئکیدی کردەوە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەییە و گوزار بۆ دیموکڕاسی دەبێ بە پێی دانانن بەو واقیعیەتە پێناسە بکرێ و لەسەر بناغەی هاوبەشیی فرەچەشنی نەتەوەیی، مەزهەبی، سیاسی، بنەماکانی دیاری و پەسند بکرێن.

درێژە لە ل ٢

ڕوانینمان

## با ڕێچکەی «کوردستان»ی دایک و بەدرخانی پێشەنگ، ون نەکەین

**قادر وریا**

کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەیەم دا کەوتە ڕێ. سەدەیەک دواتریش لە کاتێکدا، سەدەی بیستەمی جێ دەهێشت و پێی دەنایە سەدەی ٢١، چەند ئاسۆیەکی گەش هاتنە سەر ڕێی. لاچوونی سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس لەسەر بەشی هەرە زۆری خەڵک و خەڵکی باشووری کوردستان یەک لەو ئاسۆ گەشانە بوو. چونکە بە دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی و وەدیار کەوتنی ئازادی لەم بەشەی کوردستان، هەلومەرجێکی نوێ بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی هاتە کایەوە کە بەرەکەت و شوێنەوارەکانی هەر بەو بەشەی کوردستان نەوێستا و بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە.
ئاسۆیەکی گەشی دیکە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی ٢١، خۆی نیشانی کورد و نەتەوە بندەست و بێ کیانەکان دا، ئەو دەرەتانە بوو کە لە سۆنگەی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان پەیدا بوو. ئەم پێشکەوتنە هەروا بەردەوامە و هەتا دێ خێراتر و سەرسووڕهێنەرتر دەبێ و ئەم شانسەشی بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و تەنانەت تاکەکانیش دروست کردوە کە لە جیهانی پێوەندییەکان و سەردەمی گەشەی بێ وێنەی میدیا دا، دەنگ و ڕەنگیان دیار بێ و هەست بە بوونی خۆیان بکەن.
دەسپێکی سەدەی دووهەمی تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر تەنیا شایەدی دەوڵەمەندیی ئەو کاروانە لە ڕووی زۆر بوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و پەرەگرتنی جۆراوجۆریی میدیای نووسراو نەبوو، بەڵکوو لەدایکبوونی تەلەڤیزیۆنی کوردی و میدیای ئەلیکترۆنیشی لەگەڵدا بوو. تەیار بوونی نەتەوەی کورد، بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی و تاکە هەمیشە سەرکوتکراوەکەی بە ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی، توانای ئەوانی، هەم لە بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلامار و شەپۆلەکانی میدیای نەیارانی دا، بەرەو ژوور بردوە، هەم هێزی ئەوانی لە داکۆکی لە زمان و کولتوور و ناسنامەی خۆیان دا، زیاد کردوە. هەر بەم پێیە، دەنگ و پەیامیشیان، بە پێچەوانەی ڕابردوو، بە هاسانی سنوورە دەسکردەکان و مەودا زەمانی و مەکانییەکان دەبڕێ و بەردەنگی خۆی دەدۆزێتەوە.
سێهەم ئاسۆی گەش لە بەردەم ڕۆژنامەسیی کوردی کە لەم ساڵانەی دوایی دا، گیانێکی نوێی وەبەر ئەم کاروانە پڕشانازییە ناوەتەوە، گەشەی هەست و بیری نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لای هەر تاکێکی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانە. گەشانەوە و بووژانەوەی ئەم گیانە نەتەوەییە کە بۆخۆی بەرهەمی بەرەوژوور چوونی وشیاری و ئاگاییە، هەتا ڕادەیەکی زۆر، قەرزداری گەشە و هەڵدانی میدیا و پێوەندییەکانە.

ل ٢

## گرژبوونەوەی کێشەی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو






شووڕای هاوکاریی کەنداو دوای دانیشتنی ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوە لە بەیاننامەیەکدا ئێرانی وریا کردەوە کە بەرانبەر سێ دوڕگەی جێی ناکۆکی، هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ ئیمارات دەپارێزێ.
لەم بەیاننامەیەدا هاتوە هەرچەشنە توندوتیژی نواندن بەرانبەر ئیمارات وەک توندوتیژی بەرانبەر سەرجەم ئەندامانی شووڕای هاوکاری وایە.
ئەو شووڕایە هەروەها سەفەری ئەحمەدینژاد بۆ دوڕگەی ئەبوو مووسای بە کردەوەیەکی «وروژێنەرانە» باس کرد و وەک کاردانەوە بەو سەفەرەی سەرکۆماری ئێران بۆ ئەبوومووسا، باڵوێزی ئێران لە ئەبووزەبیی بانگ کردەوە و هەروەها باڵوێزی ئیماراتیش گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی.

ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی خاکەلێوە عەلی ئەکبەر ساڵحی وەزیری دەرەوەی ئێران بە وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی گوت کە ئەگەر ئەوان وریا نەبن، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز دەبێ.
وەزیری دەرەوەی ئیمارات لە نوێترین دژکردەوە بە سەفەری ئەحمەدینژاد بۆ ئەبوومووسا گوتوویە کە ناکۆکی لە سەر دورگەکانی کەنداو هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئەمنیەتی جیهانی.
لەم بارەیەوە، حەبیبوڵڵا سەیاری، فەرماندەی هێزە دەریاییەکانی ئەڕتەشی ئێران گوتوویەتی ئیماراتیەکان ئەو شتە نین کە بیانهەوێ لە بارەی ئەو سێ دورگەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە قسە بکەن.

## کێشەی جێبەجێ بوونی فازی دوویەمی یارانەکان

هاوکات دەگەڵ دەنگ هەڵبڕینی هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیس لە سەر ناقانوونی بوونی ئەگەری جێبەجێ بوونی فازی دوویەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان، وتوویژی ئەحمەدینژاد لهم بارەیەوە لە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەڵوەشایەوە.
ناوەندی ڕاگەیاندنی سەرکۆماری ڕۆژی سێ شەممە ٢٩ی خاکەلێوە ڕایگەیاند: «وتوویژی تەلەڤیزیۆنی ئەمشەوی سەرکۆمار کە بڕیار بوو دوای هەواڵەکان بۆ خەڵک قسە بکا، بۆ ماوەیەکی نادیار دوا خرا.


گەنگەشەی نێوان دوو بەرەی سەرکۆمار و ویلایەتی فەقیهە کە ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە ئێستا زیاتر لە بەربەرەکانیی ئەحمەدینژاد و مەجلیس دا خۆی دەردەخا. هەر چەند ڕۆژ پێشتریش لە سەر سەعید مورتەزەوی کە بووەتە سەرۆکی «ڕێکخراوی تأمین اجتماعی» و ئەم فازەی ئامانجدار کردنی یارانەکان کێشەکان کێشرانە لای خامنەیی.

### بۆ ئەوەی ماشێنی عەداڵەت وەگەڕ بکەوێتەوە
(١٥ ساڵەی بڕیاری دادگای میکۆنوس)



٤

### پێویستیی دیالۆگ لە نێوان کورد و تورک دا
(یادێک لە شەڕی نەغەدە)



٥

### تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی



٦

### شیکارییەکانی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



٧

### ڕۆڵی ژنان لە پاراستنی ژینگەدا



٨

### واشنگتۆن پۆست: کورد لە سووریە، وەک فاکتەرێکی بەهێز هەڵسوکەوت دەکا



٩



## سەردانی شاندێکی کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە دەفتەری سیاسیی حدک



رۆژی چوارشەممە، ١٦ی خاکەلێوە، شاندێکی کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە پێکهاتوو لە بەڕێزان ئەبوو سابیر و دوکتور مەحموود عەدۆ سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیان لێ کرا.

لەو دیدارەدا دوو لایەن لە بارەی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان و پێوەندیی نێوانیان باس و گفتوگۆیان کرد.

رۆڵ و پێگەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان و چۆنیەتیی نوێنەرایەتیکردنی داخوازەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان و نەخش و رۆڵی لە رووداوەکانی داهاتووی سووریە و گۆڕانەکان و چۆنیەتی دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە نێو پرۆژەو بڕیارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەریی سووریە دا تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە بوو.

هەر لەو پێوەندییەدا ئەو فاکتۆرانەش کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی سووریە و رۆژئاوای کوردستان شوێندانەرن، باسیان لێ کرا.

شایانی باسە کە هەر دوو لایەن لە دانیشتنەکەیاندا دووپاتیان کردەوە کە سەرکەوتن و بە دەستهێنانی مافە رەواکانی نەتەوەکەمان لەو پارچەیەی نیشتمان، لە گرەوی یەکڕیزی و یەکگرتوویی سەرجەم هێزەکانی رۆژئاوای کوردستان دایە.

## لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک لە کۆڕێکدا تیشک خرایە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ





پێشنیوەڕۆی دووشەممە ٢٨ی خاکەلێوە(١٦ی ئاوریل) کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆڕێکی بە مەبەستی خوێندنەوە و بەرزنرخاندنی رێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ بۆ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، پێک هێنا.

لەم کۆڕە دا کە ئەندامانی رێبەری و ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرەکان وپێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، بەشدار بوون، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب تیشکی خستە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی رێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ. بەرپرسی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوای ئاماژە کردن بە شکۆ و گەورەیی رێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ و ئەو جۆگرافیا و رووبەرە بەرینەی مراسمە نەورۆزییەکانیان تێدا بەڕیوە چوون،چووە سەر باسی هۆیەکانی گەشەکردنی کولتووری پێشوازی لە نەورۆز لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لەم پێوەندییەدا، بەرەوپێشچوونی ئاگایی سیاسی و گشتی، گەشەکردنی هەست و بیری نەتەوەیی و قۆستنەوەی دەرفەت بۆ نیشاندان و داکۆکی لە کولتوور و شوناسی نەتەوەیی وەک هۆیەکانی ئەم پێشوازییە روو لە گەشەیە ناوبرد. هەر لەم بارەیەوە رۆڵی راگەیەنەکان بە تایبەتی کاناڵە تەلەویزیۆنییە کوردییەکانی لە پەرەپێدانی ئەم نەریتە دا بە گرنگ دانا.

کۆڕگێر، لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا، ئەو بەستێن و هەلومەرجەی شی کردەوە کە خەڵکی رۆژهەڵات تێیدا پێشوازییان لە نەورۆز کردوە. هەر وەها باسی ئەوەی کرد کە نەورۆز بەو هۆیەوە کە بۆنەیەکی فەرهەنگی و مێژوویی و گشتییە، زەرفییەتی ئەوەی هەیە بۆ لێک کۆبوونەوەی جەماوەری و پێشاندانی یەکگرتوویی نەتەوەیی و دەرخستنی کولتووری کوردی و پەیامی ئازادیخوازانەی خەڵک، بقۆزرێتەوە. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات،ئەو راستیەشی وەبیر هێنایەوە کە ئەگەر چی نەورۆز، جێژنی هاوبەشی چەندین نەتەوەی ناوچەکەیە، بەڵام کورد مۆرکی خۆی لە نەورۆز داوە. بەو واتایە کە نەورۆز، لە ژێر کاریگەریی واقیعی بێبەشی و بندەستیی کورد وبە هێز بوونی گیانی بەرخۆدان لە نیو ئەو نەتەوەیەدا، بووە بە بەستێنێک بۆ ئەوەی کورد بێزاریی خۆی لە بندەستی نەتەوەیی و تامەزرۆیی و سووربوونی خۆی لە سەر خەبات و هەوڵدان بۆ رزگاری،پێشان بدا. ئەم راستییە لە شێعر و ئەدەبیات و هونەری کوردیدا، پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، لە هەر پارچەیەکی کوردستانیش کە زۆرداری و دەسەڵاتی دیکتاتۆری زاڵ بووە، ئەم تایبەتمەندییە لە بەڕیوەبردنی ریورەسمە نەورۆزییەکانیشدا خۆی نواندوە.

قادر وریا، لە باسی تایبەتمەندییەکانی رێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەم یەک دوو ساڵەی دواییدا، وێڕای ئاوڕدانەوە لە گشتگیربوون، نەتەوەیی بوون و بەرێوەچوونی مەدەنییانەیان، ئاماژەی بەتێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە سەرەڕای کۆسپ و لەمپەری سیاسی و گرفتی ئابووری، بە ئیمکاناتی خۆیان، و پشتئەستوور بە بەڕیوەبەرێتی و توانا مەعنەوییەکانی خۆیان، رێورەسمی گەورە وشکۆدار بەڕیوە دەبەن.

کۆڕگێر لە باسەکەیدا هەروەها گرنگییەکی تایبەتیی بە پێشکەوتوویی و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی خەڵکی کوردستان دا. لەم بارەیەوە چەند خاڵێکی ناوبرد. بۆ وێنە: بەشداریی کچان و ژنان شانبەشانی کوڕان و پیاوان لە بەرنامەکانی تایبەت بە نەورۆزدا، بایەخدان بە منداڵان و بە ساڵداچووان، رێزگرتن لە ژینگە و شوێنەوارە مێژووییەکان، شانازی کردن بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، گرنگیدان بە نماد و سیمبۆلە گشتی و نەتەوەییەکان، یادکردنەوە لە سیما ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگییە شانازییە خوڵقێنەکان، بوار و دەرفەتدان بە جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە و سەرئەنجام هەڵبەستنی پردی پێوەندی لە گەڵ خەڵکی شار و ناوچە و بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناوەرۆکی پێشکەوتووانەی کەلتووری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان و ئەو پەیامانەی لە رێگای ئەو رێورەسمانە راگەیەندراون بە مایەی هۆمید و جێگای شانازیی زانی.

لە درێژەی ئەو کۆڕە دا، بەشداران چالاکانە لە هەڵسەنگاندن و بەرزنرخاندنی رێورەسمە نەورۆزییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەشدار بوون و بە سەرنج و تێبینی ولێکدانەوە و پێشنیارەکانی خۆیان، باسەکەیان دەوڵەمەند کرد.

## بەشداری هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری بەرینی حیزبی سۆسیالیستی سویسدا

رۆژی شەممە ٢٦ی خاکەلێوە لە لایەن حیزبی سۆسیالیستی سویسەوە سمینارێک لەسەر هاوکاری و پێوەندیی رێکخراوە سیاسی و کولتوورییەکان و هەروەها مەسەلەی پەنابەران و چۆنیەتیی تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەی سویس، پێک هات. لە سەر بانگهێشتی حیزبی سۆسیالیست، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان،



بە سەرپەرستیی خالید حەسەنپوور راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و بە یاوەرییکۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لەو سمینارەدا بەشداربوون.

لەو سمینارەدا و پاش وتەکانی ئاغای پیتر هۆگ و یەکەم وتەبێژانی سمینارەکە، وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە زمانی ئاڵمانی ئامادەکرابوو، لە لایەن خالید حەسەنپوورەوە پێشکەش کرا . وتارەکە تیشکی خستبووە سەر چۆنیەتیی هاوکاریی نێوان ئەحزابی دۆست لە ئاستی وڵاتی سویس و هەروەها وڵاتانی ئورووپاییدا . سەبارەت بە مەسەلەی پەنابەرانیش پێداگری لەسەر ئەوە کرابۆوە کە ، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە لەسەر ئەو باوەرە بووە کە پەنابەرانی کورد بەشی زۆریان بەخۆشی و ئارەزووی خۆیان روویان لە هەندەران نەکردوە، بەڵکوو لە ئاکامی زوڵم و گوشاری دەوڵەتانی ناوەندیدا ئاوارە بوون . بەڵام ئێستا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردان پەرِیوەی هەندەران بوون، پێویستە بە پاراستنی بنەما نەتەوەییەکان، تێکەڵاوی کۆمەڵگەکانی ئوروپایی و یەک لەوان کۆمەڵگەی سویس بن.

هەر لەو سمینارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتیکوردستان ٣ داوای خستە بەردەمی لێپرسراوانی حیزبی سۆسیالیست کە بریتی بوون لە: ١_ حیزبی سۆسیالیستیسویس، بە پێی ئەو تواناو ئیمکاناتەی کە هەم لە ئاستی سویس ، و هەم لە ئاستی ئوروپادا هەیەتی پشتگیریی دۆزی رەوای گەلی کورد بەگشتی و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بکا.

٢_ حیزبی سۆسیالیستی سویس، هەوڵ بدا کۆنفرانسێک لە پارلمانی سویس بۆ باس لە بارودۆخی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، پێک بێنێ .

٣_ هەوڵ بدرێ رێکخراوەکانی ژنان و لاوانی هەردوو لا(کورد و سویس) پێوەندیەکی چڕ و پڕیان هەبێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانی خۆیان بکەن تا لە ئاکام دا هەر دوو لا تێی دا سوودمەند بن.

شایانی باسە حیزبی دێموکراتی کوردستان ، بە فەرمی لە لایەن حیزبی سۆسیالیستی سویسەوە بۆ ئەم سمینارە بانگهێشت کرابوو و داوای لێ کرابوو لە بارەی ناوەرۆک ومەبەستی سمینارەکە ، بابەت ئامادە و پێشکەش بکا.

## بەردەوامبوونی ئامادەکارییەکان لە پیناوی پێکهینانی کۆنگرەی نەتەوەییخوێندکارانی کورد

دوای بەڕێوەچوونی دووهەمین کۆنفرانسی گەنجانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و پێکهێنانی کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی هەر چوارپارچەی کوردستان ئەنجام دەدرێن.

بۆ ئەو مەبەستە و لە پێناوی هاوهەنگاویی زیاتر بۆ بەڕیوەبردنی کۆنگرەی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردی هەر چوار پارچە و هەر وەها پێکهێنانی کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی هەر چوارپارچەی کوردستان، حەوت رێکخراوی خوێندکاریی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ نوێنەری خوێندکارانی باشووری کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە.

رێکخراوەکانی خوێندکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێکردنی کاروباری رێکخراوە خوێندکارییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی خوێندکاران، رۆژی چوارشەممە بە میوانداریی مەکتەبی سکرتارییەتی «یەکێتی قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان» لە هەولێری پایتەخت، بارودۆخی خوێندکارانیان تاوتوێ کرد و راوبۆچوونی لایەنە خوێندکارییەکانیان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی خوێندکاران وەرگرت.

شایانی باسە بەڕێزان هەژیر عەبدوڵلاپوور و ئارام برایم خاس لە لایەن کۆمیتەی خوێندکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیە دا بەشدار بوون.

## سکرتێری گشتیی حدک لە کۆنفڕانسی «تێپەڕین بەرەو دێموکڕاسی لە ئێران» دا

درێژەی:

سکرتێری گشتی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا، دووپاتی کردەوە کە وڵاتی ئێران بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی لە باری عەمەلییەوە، دیموکراسیی شێوەی خۆی گەرەکە و دەبێ رێککەوتن و هاوبەشی (تەوافوق و ئیشتراک) لە بەینی لایەنەکان لەسەر بناغەی باوەڕ بە مافەکان و دیموکراسی وەک «قەرارداد» جێ بکەوی و وەک رێگەخۆشکەری موشارەکەتیش دەبێ دانان بە بوونی یەکتر هەبێ.

خالید عەزیزی، لە باسەکەی دا سەبارەت بە فیدڕالیزم و خوێندنەوە و پێناسەی حیزبی دیموکڕات بۆ ئێران رایگەیاند کە ئێران واحیدێکی سیاسی و جۆگرافییە کە لە چەند میللەت پێک هاتوە و ئێرانی داهاتوو دەبێ لەو سونگەیەوە سەیر بکرێ.

چەند و چۆنی فیدڕالیزم و پرسی نەتەوەکانی ئێران بووە هۆی دروستبوونی مشتومڕ و هاتنەگۆڕی بیروڕای دوور لەیەک لەنێو کۆنفڕانسەکەدا. یەکێک لە بۆچوونەکان ئەوە بوو کە پێی وابوو فیدڕالیزم سەرەتایەکە بۆ دابەشبوونی ئێران.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قسەکانی خۆیدا بە بەشدارانی کۆنفرانسەکەی راگەیاند کە ئەوە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی دەوڵەتە ناوەندییەکانە کە بە بەشدار نەکردنی نەتەوەکان و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ئێران رێگەخۆشکەری تەجزیەی ئێرانە نەک پرسی کوردستان و رێگەچارەی فیدڕالیزم. هەر وەها سکرتێری گشتیی حیزب، دووپاتی کردەوە کە کوردستان و ئەزموونی کوردستانی ئێران دەبێ وەک فورسەت و مەجال چاوی لێ بکرێ نەک وەک هەڕەشە.

ئەو کۆنفرانسە کە دوو رۆژی خایاند بە جۆرێک درێژەی کۆبوونەوەکانی لەندەن و ناوەندی ئۆلاف پاڵمە لە ستۆکهۆڵم بوو کە بە بەشداریی لایەنە سیاسییەکانی ئێران و بە مەبەستی تاوتوێکردن و دیتنەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ کاری هاوبەش لە لایەن موخالیفانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێک هاتبوون.

## کۆبوونەوەی ٧ رێکخراو و کومیتەی خوێندکاریی رۆژهەڵاتی کوردستان

حەوت رێکخراو و کومیتەی خوێندکاری رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئامادەکاری بە مەبەستی خۆرێکخستن و یەکدەنگبوون بۆ بەشداریکرن لە کۆنگرەی نەتەوەیی خوێندکاری کورد پێکەوە کۆبوونەوە.



کات ژمێر ٣ی دوای نیوەڕۆی رۆژی شەممە،٢٦ خاکە لێوەی ١٣٩١، حەوت رێکخراو و کومیتەی خوێندکاریی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری کۆیە و بە میوانداریی یەکیەتیی خوێندکاریی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێکەوە کۆبوونەوە.

لەم کۆبوونەوەدا ئەم حەوت رێکخراوە لە سەر کۆمەڵێک باس و بابەتی هاوبەش بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ گرتنی کونگرەی نەتەوەیی چوار پارچەی کوردستان، ساغ بوونەوە. هەر وەها لەم کۆبوونەوەیەدا باس و بابەتی پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی نەتەوەیی بۆ رێکخراوە خوێندکارییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی دروستکردنی هاودەنگی و هاوپێوەندیی هەرچی زیاتری خوێندکاران لە رۆژهەڵاتی کوردستان خرایە بەرباس و تاوتوێکردن و بڕیار درا لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەم فیدراسیۆنە پێک بێت و بوونی خۆی رابگەنێت.

رێکخراو و کومیتەی خوێندکارییەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەدا بریتی بوون لە :

کۆمەڵەی خوێندەوارانی رۆژهەڵات، یەکیەتیی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کومیتەی خوێندکاریی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کومیتەی خوێندکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کومیتەی خوێندکارانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کومیتەی خوێندکاریی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کومیتەی خوێندکاریی یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردستان

## با رێچکەی «کوردستان»ی دایک و بەدرخانی پێشەنگ، ون نەکەین

درێژەی:

هەر لەو کاتەشدا وای کردوە میدیا و رۆژنامەنووسیی کوردی، پێوەندییەکی هەراوتر لە جارانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ هەبێ، ژمارەی بەردەنگ بەردەوام لە زیادبوون دابێ و پێوەندیی راگەیەن و بەردەنگ، ببێتە دوولایەنە.

داگیرکەرانی کوردستان و زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد، هەروا کە نەیانتوانی بە هۆی سنوورە دەسکردەکانیان و هێزە ئەهریمەنییەکانیانەوە، پێشی دەستراگەیشتنی کورد بە بەرهەمەکانی زانست و تێکنۆلۆژیای مۆدێرن بەتایبەتی لە بواری میدیایی و پێوەندییەکاندا بگرن، بە دڵنیاییەوە ناشتوانن بەر بە شەپۆلی بێئامانی شۆڕش و راپەڕینی رزگاریخوازانە بگرن. گرنگ ئەوەیە خاوەنی میدیای کوردی و هەموو ئەوانەی لە کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی دا بەشداریی کاریگەریان هەیە، ئەو رێچکەیە بەرنەدەن کە «کوردستان»ی دایک و میقداد میدحەت بەدرخانی پێشەنگ، ١١٤ ساڵ لەمەوبەر، لەسەری رۆیشتن. رێچکەیەک کە دەکرێ بەم جۆرە بیخوێنینەوە: سوود وەرگرتن لە کەرەستە و ئامێز و زانستی سەردەم لە پێناوی رزگاریی خاک و نەتەوە و رۆیشتنی بەرەوپێشەوە شانبەشانی نەتەوە ئازاد و بەختەوەرەکان.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە ژێر ناوی «ئێران و داهاتووی ژێئوپولوتیکی کوردستان»





کۆمیسیۆنی پەروەردە و فێر کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ٧ ی خاکەلێوە سمینارێکی بۆ بەڕێز مامەند ڕۆژە، چاودێری سیاسی لە ژێر سەر دێڕی ئێران و داهاتووی ژێئوپولوتیکی کوردستان پێک هێنا.

مامەند ڕۆژە سەرەتا بە پێناسەیەکی کورتی ژێئوپولوتیک و بە ئاوردانەوەیەک لە زلهێزەکانی پێشوو لە ڕووی ژێئوپولوتیکەوە، سیستمی نێونەتەوەیی بە سەر چوار کایەی ژێئوئستراتیژیکی دابەش کرد کە یەکێک لەوان کایەی ژێئوستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

ناوبراو کایەی ژێئوستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی بە سەر چوار کایەی ژێئوپولوتیکیدا دابەش کرد، کە ئێرانی شیعە یەکێک لە کایەکانی بە ئەژمار دێ و لە سەر بنەمای هیلالی شیعە دامەزراوە.

مامەند ڕۆژە ئاماژەی بەوە کرد کە هەرکام لە زلهێزەکان بۆ پاراستنی هێژمونی و پەرەپێدانی دەسەڵاتیان دەیانهەوێ بە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە بە جەرگستانی ژێئوپولوتیکی دنیا دەناسرێ زاڵ بن.

ناوبراو لە کۆتایی باسەکەیدا گوتی ئەگەر دەوڵەتە دراوسێکانی کوردستان کە هەر کام بەشێکی کوردستانیان لە ژێر دەست دایە، تووشی کێشە و قەیران ببن ئەمە دەروازەی گەورە لە بەردەم کورددا دەکاتەوە و کورد دەتوانێ هەنگاوی گەورە باوێژێ.

# بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی سەنتەری دانمارکی بۆ گەشە پێدانی کارە مرۆڤییەکان



هەیئەتێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سەنتەری دانمارکی بۆ گەشە پێدانی کارە مرۆڤییەکاندا بەشداری کرد. لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی نوێنەری زۆربەی هێزە کوردستانییەکان بەڕێوە چوو، لە لایەن سەفین حەمید و دکتور هیمداد،بەرپرسانی ئەو سەنتەرە باسێکی کورت لە سەر چۆنیەتیی دامەزران و گرنگیی کار و هەبوون و چالاکیی ڕێکخراوێکی دانمارکی–_ کوردی پێشکێش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆبونەوەیەدا تیشک خرایە سەر کار و چالاکییەکانی ئەو ناوەندە کە زیاتر گرنگی بە بوارەکانی «ژینگە، تەندروستی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مرۆیی» دەدا.

شایانی باسە کە هەیئەتی حدک بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا لە هاوڕێیان عەباس شەریفی ، سەلاح حاجی ڕەشیدی و یوسف پەری پێک هاتبوو.

# بەشداری هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس لە یادی ئەنفال دا

هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی لە وڵاتی سویس لە ڕێوڕەسمی ٢٤ ساڵەی تاوانی ئەنفالدا کە لەو وڵاتە بەڕێوە چوو بەشداربوو .



ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی خاکەلێوە، لە سەر بانگهێشتی کۆمیتەی سویسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان – کۆمیتەی سویس ، پێکهاتوو لە بەڕێزان ئەحمەد ڕەسووڵی و یاسین مەولوودی لە شاری خووری وڵاتی سویس لە ڕێوڕەسمی ٢٤ ساڵەی تاوانی ئەنفالدا بەشداربوون.

شایانی باسە لەو ڕێوڕەسمەدا بەیاننامەی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی ئەنفالەوە لە لایەن یاسین مەولوودی بەرپرسی کۆمیتەی سویسەوە خوێندرایەوە.

# کۆڕێک بۆ باس لەسەر «ناکۆکییەکان و دیالۆگ وەک چارەسەر» بەڕێوەچوو

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆڕێکی سیاسیی بۆ دوکتور عەلی مازووجی، کارناسی سیاسی لە ژێر سەردێڕی «پرسی ناکۆکییەکان و دیالۆگ وەک چارەسەر» پێک هێنا.

لەو کۆڕەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٣ ی خاکەلێوە بەبەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حدک لە



ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆنی فێرکردن بەڕێوە چوو، دوکتور عەلی مازووجی وێڕای پێناسەی زانستیی « ناکۆکی» و پۆلێنکردنی کێشە و ناکۆکییەکان لە نێو کۆمەڵگە و لە ڕەهەندەکانی وەک سیاسەت ، ئابووری ، کولتوور و بەرژەوەندیدا، باسەکەی لەسەر چۆنیەتیی چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان چڕ کردەوە.

کۆڕگێڕ، وێڕای باسێکی میتۆدیک لە سەر شێوەی چارەسەری ناکۆکییەکان لە دنیای مۆدێرندا، دوو فاکتۆڕی نێوبژیوانی و، وتوویژ و دانوستانی بە گرینگترین کاراکتێری چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان ناو برد. دواتر باسەکەی لە سەر فاکتۆڕی چۆنیەتیی وتوویژ و دانوستان ورد کردەوە.

# پێکهاتنی کۆنفراسێک بۆ سەرۆکی هەریمی کوردستان لە ویرجینیا بە بەشداریی هەیئەتی حدک لە ئەمریکا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٩ ی خاکەلێوە لە کۆنفراسێکدا بەشدار بوو کە لە یەکێک لە هوتێلەکانی ویرجینیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێک هات.

لەو کۆنفەرانسەدا کە بە وتەیەکی کورتی قوباد تاڵەبانی و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی




کوردستان دەستی پێ کرد، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر سێ تەوەری بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، بارودۆخی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی عێراق و هەروەها حکومەتی هەرێم و وڵاتانی دەوروبەری کوردستان باسێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و دواتر وەلامی پرسیار و سەرنج و تێبینیی بەشدارانی دایەوە.

شایانی باسە کە هەیئەتی کومیتەی حیزبی دێموکرات بەشدار لەو کۆنفرانسە لە هاورێیان سیامند خوسرەوی و مراد ئەحمەدی پێک هاتبوو.

# نامەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خامنەیی

## خەڵک خوازیاری ئاشتی نەتەوەیی و چاکسازی بنەڕەتی لە وڵات و ئاشتی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانیدان



**بۆ بەڕێز ئایەتوڵلا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران!**

هەر وەک ئاشکرایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەکەوە بەهۆی پێڕەو کردنی سیاسەتگەلێکی کێشەخوڵقێن و نابەجێ بەرەنگاری خواستی کۆمەڵگەی جیهانی و زۆرینەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووەتەوە و بەم هۆیەشەوە وڵات لە باری سیاسیەوە تەریک کەوتووەتەوە و لەگەڵ گەمارۆگەلی قورسی ئابووری، ماڵی ، بانکی و ئەگەری هێرشی نیزامی و شەڕێکی ماڵوێرانکەر بەرەوڕوو بووەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی پێڕەوکردن و بەڕیوەبردنی سیاسەتگەلێکی دیکتاتۆرانە و نادیموکراتیک لەگەڵ خەلک و نەتەوەکانی ئێران، جیاوازییە ئیتنیکی، ئایینی و مەزهەبی، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و بە دروستکردنی ترس و دلەڕاوکێ و سەپاندنی دۆخی پۆلیسی (ئەمنیەتی)لە کۆمەڵگە دا و ناداپەروەریی قانوونی و قانوونی، پەرەسەندنی گەندەڵیی ئابووری لەلایەن کەسانی گرێدراو بە ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە و پەرسەندنی هەژاری و دەستکورتی و بێکاری لە بەشی زۆری کۆمەڵگە دا، وڵات لەگەل قەیرانی جیدی و ئەگەری سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی خەڵک و هەڵوەشانەوە بەرەوڕوو بووەتەوە.

**جەناب!**

بەشی زۆری خەلکی ئێران لە سەر ئەم بڕوایەن کە زۆرترین هێزی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چنگی بەرێزتاندایەو بە کردەوە دەزگاکانی قانووندانان، دادپەروەری ، بەڕێوەبەری، نیزامی و ئەمنیەتی لە ژێر بڕیار و دەسەلاتی ئێوەدان، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە پێشینەیەکی ڕەش لە ئاست بەرتەسک کردن، ئەستاندن و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک، یەکێک لە سەرەکیترین ئۆرگانەکانی پێشێلکەری مافی مرۆڤە. دەزگای دادپەروەری بە پێشێلکردنی بنەما و پێوەرەکانی دادوەریی سەربەخۆ، بە تەواوی بووە بە دەزگایەکی سیاسیی بەرگریکار لە کردەوەکانی کاربەدەستانی دەولەت و دادگاکانی شۆڕش بوون بە ئامرازی دەستی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت بۆ سەرکوت و زیندانی کردن و ئیعدامی ڕخنەگران لە دەوڵەت و جیابیران و دەرئەنجامیش دەزگاکانی بەڕێوەبەری کە خۆیان بە نوێنەر و هەڵبژێردراوی خەڵک دەزانن، بەدەرکردنی ئامارگەلێکی بێ بنەما و نادروست لە گەشەو پێشکەوتن و بەدانی وەعدە و بەڵێنی پڕو پووچ و بە دروشمگەلێکی پۆپۆلیستی خەریکی خەڵەتاندنی خەڵکن و ئازادی و مافە بنەڕەتییەکان و ئاسایشی مرۆڤیان لە کۆمەڵگەی ئێرانی زەوت کردوە.

**جەناب!**

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، خەڵکی ئێران بە شیاوی گەمارۆ و زەخت و گوشار و بێبەشبوون لە ئاسایشی مرۆیی ، ئازادییە بنەڕەتییەکان، دیموکراسی و مافی مرۆڤ نازانێ و لەسەر ئەم بڕوایەیە کە بەربەست کردنی ئازادی ، ئەستاندنی مافی ژیان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سەرکوت و کردەوەگەلی نامرۆڤانە دەبنە هۆکاری سەرهەلدان و بەرەورووبوونەوەی خەڵک و حکوومەت. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە خەون و ئاواتەکانی هەموو خەڵکی ئێران دامەزراندنی سیستمێکە کە تێیدا خەڵک لە دەربڕینی بیروبڕواکانیاندا ئازاد و لە ترس و هەژاری و دەستکورتی ڕزگار بن، لەم ڕووەوە، بەداڕشتنەوەی قانوونەکان لە سەر بنەمای ویست و داخوازی خەڵک، ئازادی و دیموکراسی و بە پێوەرکردنی مافی مرۆڤ دەتوانرێ پێش لە ڕاپەرین و بەرەوڕووبەوە لەگەڵ خەڵکی وەزاڵەهاتو بگیردرێ ، پاراستنی کەرامەت و بەهاکانی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە یەکسانی نێوان هەموو مرۆڤەکان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە بیروبۆچوون، ئایین ، نەتەوە، ئیتنیک و ڕەگەز، بناغەی هاوبەشی ئاشتی و بەرابەری و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان کۆمەڵگاکانی وڵات، کۆمەڵگای مرۆڤی و هەموو کوڕ و کۆمەڵ و نەتەوەکانی جیهانە، لەم ڕووەوە ئەم ڕێکخراوە داوا لە بەڕێزتان وەک بەرزترین پلەی کۆماری ئیسلامی دەکا کە بە ڕاگەیاندنی ئاشتی نەتەوەیی لە وڵات و ئاشتی و پێکەوەسازان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و پێکهێنانی پێوەندی دۆستانە لەگەل خەڵک و نەتەوەکانی جیهان، خەڵک و کۆمەڵگەی ئێرانی لەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە ئاسایش و یەکگرتوویی و بنەماکانی ژیانی بەکۆمەڵیان دەکا دوور بخەنەوە. هەتا ئێران پێگەی ڕاستەقینەی خۆی لە نێو وڵاتانی جیهاندا پەیدا بکا.

**بەڕێز!**

ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە سەر ئەو باوەڕەیە کە وڵات پێویستی بە ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بنەڕەتی، هاوئاهەنگ کردنی کۆمەڵە قانوون و ئاکار و کردەوەکانی حکوومەت لەگەڵ بنەما و بەها پەسەند کراوەکانی جیهانی و مافی مرۆڤە. ئەم ڕێکخراوە پێی وایەکە تەنیا بە کردنەوەی دەرگاکانی ئاشتی بەرەوڕووی جیهانیان و ئاشتیی نەتەوەیی لە وڵات و بەڕێوەبردنی بەرنامەی ئاشتیخوازانە، مەرجدارکردنی دەسەڵات ، پێداچوونەوە بە هێزی بەڕێوەبەری، پێدانی سەربەخۆیی بە سێ دەسەڵاتەکە، بەفەرمی ناسینی چاوەدێریی خەڵک بە سەر دەسەڵاتدا، ئازاد کردنی چالاکیی پارتەکانی و کۆمەڵگە سیاسییە سەربەخۆ و خەڵکییەکان، ئاوڕدانەوە بۆ داخوازییەکان و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک، چەسپاندن و دابین کردنی ئازادی،، دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە یەکسانیی ژن و پیاو، ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوە بندەستەکان، ڕێزگرتن لە مافە ئیتنیکی و ئایینی و دەستەبەرکردنی ئەمنیەتی مرۆڤی کرێکاران، چینە هەستیارە کەم داهات و هەژارەکانی کۆمەڵگە و هەموو خەڵک و دواجار بە هاوڕایی و هاریکاریی کۆمەڵگەی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان و بە پشت بەستن بە هێزی خەڵک دەتوانرێ وڵات لە گۆشەگیری و کوێرەوەری و شۆڕش و لێک هەڵوەشانەوە دەرباز بکا. بە بڕوای ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤی کوردستان لە دۆخی ئێستادا ئەو خاڵانەی باسیان کرا خواست و پێداویستیی جیددیی خەڵک و وڵاتن و پێویستە بە زووترین کات کاریان لە سەر بکرێ.

**تاران، گرتووخانەی ئەوین، ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلیوەی ١٣٩١ بەرانبەر بە ٩ی ئابریلی ٢٠١٢**

**محەممەد سەدیق کەبوودوەند بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان**

http://www.hro-kurd.net

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئینسانییەت سەربە ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پرسەی سەید ڕەحیم زەویانی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک





سەید ڕەحیم زەویانی، پیشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات بە هۆی نەخۆشی و پیری ڕۆژی هەینی، ١٨ ی خاکەلێوە لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

سەید ڕەحیم زەویانی ساڵی ١٣٦٧ هاتبووە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات. لە ماوەی ٢٤ ساڵ پیشمەرگایەتیی خۆیدا بەوپەڕی دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسایەتییەوە ئەرک و کارەپێسپێردراوەکانی خۆی بەڕێوە بردبوو.

سەید ڕەحیم دوای چەند مانگ ململانێ لە گەڵ نەخۆشییەکی سەخت، بە داخەوە ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١٨ ی خاکەلێوە کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی ١٩ ی خاکەلێوە لە گۆڕستانی گوندی شێروەت لە ناوچەی پشدەر لە باشووری کوردستان بە خاک سپێردا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی سەید ڕەحیم زەویانی، پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات بۆ دانا.

بەم بۆنەیەوە، ڕێورەسمێکی پرسە و سەرەخۆشی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و میوانان و کۆمەڵێک کەسایەتیی خەڵکی ناوچەی پشدەر بەڕێوە چوو. لەو ڕێورەسمەدا کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات لە سەر کەسایەتی و ژیان و تێکۆشان و تایبەتمەندییەکانی سەید ڕەحیم بۆ بەشداران دوا و پاشان ڕەسووڵ سۆفی، بەرپرسی کومیتە ناوچەی ژاراوێی یەکیەتیی نیشتمانی بەو بۆنەیەوە وێڕای دوان لە سەر کەسایەتیی سەید ڕەحیم، پەخشانێکی لە پەسنی ئەو دا خوێندەوە.

# بۆ ئەوەی ماشێنی عەداڵەت وەگەڕ کەوێتەوە

## (بەبۆنەی پازدە ساڵەی بڕیاری دادگای میکۆنۆس)

د. ئاسۆی حەسەن زادە

١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ ئەو رۆژە پڕشنگدارەی مێژووی عەداڵەت و هەقخوازییە کە لەودا حوکمی دادگای ناسراو بە میکۆنۆس لەپێوەندی لەگەڵ تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و سێ کەس لە هاوڕێیانیدا دەرچوو. ئەو بڕیارە جیا لەوە کە خاڵی کۆتایی یەکێک لە کات هەڵگرترین و پڕتێچووترین دادگاییەکانی مێژووی جینایی نێودەوڵەتی بوو، بەتایبەتی لەو بارەوە بایەخدارە کە بۆ یەکەمجار لە قەزییەیەکی جینایی‌دا کە هەڵگری زۆر رەهەندی سیاسی و حقووقیی هەستیار و ئاڵۆز بوو، دەزگای قەزایی دەوڵەتێک توانی بەشێوەی کاریگەر بەرپرسایەتیی کاربەدەستانی ریزی یەکەمی دەوڵەتێکی تر لەپێوەندی لەگەڵ مرۆڤکوژییەکدا کە لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتە بەڕێوە چووبوو تاوتوێ بکا و بڕیاری لەسەر بدا.

دادگای میکۆنۆس نەک هەر فورسەتێکی بێوێنەی قەزایی و مێدیایی بوو بۆ سەلماندن و لەقاودانی کاروسازی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بەڵکوو هەر لەو کاتەدا دەرفەتێکیش بوو بۆ تۆمار کردن و بەنێونەتەوەیی کردنی کۆنتێکستی تێرۆری میکۆنۆس کە بریتی بوو لە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردەکانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی. بەپێچەوانەی ئەو شتە کە لەدوای تێرۆری د. قاسملوو لە وڵاتێکی هاوزمان و هاونەریتی ئاڵمان واتە ئوتریشدا رووی دا، ئەمجارە نەک تەنیا بەرژەوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان و شانتاژ و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی نەیانتوانی سەربەخۆیی دەزگای قەزایی ئاڵمان خەوشدار بکەن، بەڵکوو دادگا زۆر ئازایانە و بەڕوونی رەهەند و پاڵنەری سیاسیی قەتلەکانی سەلماند.

گرینگییەکی تری بڕیاری دادگای میکۆنۆس ئەو ئاکامە سیاسی و دیپلۆماسییانە بوو کە لێی کەوتەوە. ریسوایی‌یەک کە دادگای میکۆنۆس سەبارەت بە پێشێلکاریی

> **شکایەت کردن لە مووسەویان لەلای دادگایەکی ئەمریکایی لەلایەن یەکێک لە نزیکانی قوربانییانی میکۆنۆس دەتوانێ هەڵڵایەک لە ئاستی سیاسی و مێدیایی‌دا بنێتەوە کە لە هەر حاڵدا پرۆسەی دادخوازیی ئازادیخوازانی کورد و ئێرانی قازانجی لێ دەکا**

رووهەڵماڵاوانەی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە سەرەرەیی دەوڵەتانی ئورووپایی و بەگشتی رێوشوێنە نێونەتەوەیی و ستانداردە شارستانی و مرۆیییەکان‌دا خستبوویە بەر رۆژی رووناک، جێگایەکی بۆ درێژەدانی سیاسەتی دیالۆگی رەخنەگرانەی یەکێتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران نەهێشتەوە و پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوان دەوڵەتانی ئەورووپایی و هێندێک دەوڵەتی رۆژئاوایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەک راگیرا. هەرچەند ئەو دژکردەوە قایمەی ئورووپاییەکان چەند مانگێک زیاتری نەکێشا، بەڵام لێکەوتەکانی دادگای میکۆنۆس لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بەتایبەتی لەئاستی گوتاریدا هەروا درێژەی هەبووە و ئەو بڕیارە وەک یەکێک لە گرینگترین فاکتە ئاماژە پێکراوەکانی باس و خواس و دۆکومێنتە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە ئێران چەسپاوە.

قورسایی سیاسی و ئیعتباری قانوونیی بڕیاری دادگای میکۆنۆس بۆ درێژخایەن بە چەشنێکە کە ئەمڕۆ پاش تێپەڕینی دەهە و نیوێک بەسەر دەرچوونی ئەو بڕیارەدا وا دیارە هێندێک لەو کاربەدەستانەی کۆماری ئیسلامی کە دادگا ئاماژەی بە بەرپرسیارێتیان لە تێرۆرەکەدا کردبوو، ئێستاش لەوە کە لە ئەنجامی ئەو بڕیارەدا رۆژێک دەستی عەداڵەت ئەوکیان بگرێ ئەرخەیان و بێباک نین. ئیدیعاکانی ئەم دواییانەی هاشمی رەفسەنجانی لەپێوەندی لەگەڵ تێرۆری میکۆنۆسدا و هەوڵی ناوبراو بۆ خۆپەڕاندنەوە لە بەرپرسایەتیی روون و سەلماوی لەو بوارەدا هەر بەتەنیا ژێستێکی سیاسی نیە کە لە کۆنتێکستی کێشەکانی نێوان باڵەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بەمەبەستی پاککردنەوەی پەڵە رەشەکانی سەر سیمایەکی لێڵ و لەپێناوی دروستکردنەوەی روخسارێکی نۆژەنبۆوە دەگیرێ، بەڵکوو گوزارش لە ترسێکی واقیعییش دەکا لە دڵی جینایەتکارانی پایەگەورەی رێژیمێک کە رۆژ لەدوای رۆژ بێ داهاتوو بوونی خۆی زیاتر دەردەخا.

ئاشکرایە کە بەهۆی ئەو بەربەستانەی لە یاسای نێودەوڵەتی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لەسەر دەستگیرکردن و بەموحاکمە کێشانی بەرپرسانی پایەبەرزی دەوڵەتی‌دا هەن و هەروەها زاڵبوونەوەی کەشی مشت و مڕی سیاسی و سەوداگەری لەنێوان ئەورووپایی‌یەکان و کۆماری ئیسلامیدا، هەمووی ئەو دینامیزمەی کە دادگای میکۆنۆس دەیتوانی وەڕێی بخا بە ئەنجامی خۆی نەگەیشت. لەلایەک نە هەموو ئەوانەی وا حوکمی جەلبیان بۆ دەرچووبوو یان بەرپرسیارێتییان دەستنیشان کرابوو دەستگیر و موحاکمە کران، نە ئەوانەش کە سزای زیندانیان بەسەردا سەپا، تەواوی ماوەی حوکمەکەیان لە زیندانندا تێپەڕاند. لەلایەکی دیکەوە، سەرەڕای ئەوە کە لەم دوایی‌یانەدا هێندێک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی پێشێلکردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤ کەوتوونەتە نێو لیستە تەحریمییەکانی رۆژئاوا، بەڵام مامەڵەی رۆژئاوایی‌یەکان لەگەڵ ئێران لەدوای بڕیاری میکۆنۆسەوە زۆرتر لەژێر تیشک و کاریگەریی فایلی ئەمنیەتی و دۆسیەی ناوکی‌دا بووە و ئەوان هێشتا زۆر لەوە دوورن کە وڵامدەری ئەو بەرپرسایەتییە ئەخلاقی و ئینسانی و مێژوویی‌یە بن کە چاوپۆشییان لە رمبازێنی مرۆڤکوژانەی کۆماری ئیسلامی لەسەر خاکی وان لە ساڵەکانی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانی زایینی‌دا و بەشداری کردنیان لە بازرگانی بە خوێنی ئینسانەکاندا، خستوویەتە سەر شانیان.

بەهەموو ئەو کەمایەسییانەشەوە دەبێ بزانین کە پۆتانسیەلی دادگای میکۆنۆس هەروا لەجێی خۆیەتی و هەق وایە لە پازدە ساڵەی بڕیاری دادگای میکۆنۆس‌دا هۆگرانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ بەتایبەتی لەنێو ریزی ئازادیخوازانی کورد و ئێرانیدا هەوڵ و دەستپێشخەرییەکانیان هەماهەنگ و بەرۆژ بکەنەوە هەتا بە وردبوونەوە لە ئەزموونی دادگای میکۆنۆس یارمەتی بە وەگەڕکەوتن(ەوە)ی ماشێنی عەداڵەت سەبارەت بە جینایاتێک بکەن کە بەزەحمەت دەتوانین بڵێین لێپێچینەوە لە یەک لە سەدیشی کرابێ.

ئەو هەوڵ و دەستپێشخەرییانە هاوکات دەتوانن لە چەندین بواردا کاریان لەسەر بکرێ. پێش هەموو شتێک لە ئاستی سیاسی نێوخۆی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیدا، بژاردەی سیاسی و مەدەنیی کورد و ئێرانی دەبێ بزانن کە ئەوە کە ئەوان بە هەموو چین و توێژ و تەیفەکانیانەوە وەبەر سیاسەتی سەرکوت و جینایەتی کۆماری ئیسلامی کەوتوون، بەشێوەی سروشتی خاڵێکی هاوبەشی نیشتمانیی لەنێواندا دروست کردوون کە دەکرێ بەدوور لە ریزبەندی و سنووردانانە سیاسی و فیکرییەکان وەک یەکێک لە مەیدانە هەرە گونجاو و بەپیتەکانی کاری هاوبەش کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئەوان دەتوانن قورسایی جەماوەریی خۆیان لە وڵاتانی دەرەوە و ئێلیتی کارناسی خۆماڵی و تۆڕی پێوەندییە بیانییەکانیان بە هەماهەنگی بەکار بێنن هەتا لەکاتی یادکردنەوەی قوربانییانی جینایەتەکانی رێژیم یان لە فورسەتی ئەو هەلە سیاسی و دیپلۆماتییانەی دێنە پێش، تەوژمێکی زۆرتر بخەنە سەر دەوڵەتانی ئورووپایی و رۆژئاوا بەگشتی هەتا زیاتر لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا.


لە ئاستی قەزاییدا، ئەو کاناڵە نێودەوڵەتییانەی دەکرێ بەشێوەی کاریگەر کەڵکیان لێ وەربگیرێ بەداخەوە هێشتا کەمن. رێوشوێنی هەرە پێوەندیدار لەو بوارەدا کە مێکانیزمی دیوانی جینایی نێودەوڵەتییە، بەهۆی هەموو ئەو سنوورانەی ئەساسنامەی دیوان خستوویەتە سەر سەڵاحییەتی ئەو دادگایە، تەنیا لەحاڵەتێکدا دەتوانرێ بەدژی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەربگیرێ کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چ لە چوارچێوەی ئەم دیوانەدا و چ لەرێگای دروستکردنی دادگای تایبەتییەوە بڕیاری پێویستی بۆ دەربکا. تەنیا کەناڵی فەرزی کە هەر ئێستا لەبەر دەستدا بێ دادگای ستراسبورگە بۆ ئەوەی لەوێ بەناوی قوربانییانی تێرۆری د. قاسملوو و تێرۆرەکانی دواترەوە سەبارەت بە لەژێر پێنانی «هەقی شکایەتی کاریگەر» (کە یەکێک لە مافەکانی نێو پەیمانی ئورووپایی مافی مرۆڤە) شکایەت لە دەوڵەتی ئوتریش بکرێ. لەڕاستیدا هەروەک چۆن لەپاش دەرچوونی بڕیاری دادگای میکۆنۆس تێرۆری جیابیران لە دەرەوەی وڵات وەستا، ئەگەر لەکاتی تێرۆری د. قاسملووشدا رێگە بە دەزگای قەزایی ئوتریش درابا کە ئەرکی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ، رەنگە پێش بە قەتڵی کەسانی دیکە لە ساڵەکانی دواتردا گیرابا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کەناڵە نێوخۆییەکان، رەنگە ئەو بەربەستە قانوونی و سیاسییانەی بوونە هۆی ئەوە کە سەرەڕای ئەحکامی جەلبی دیکە (کە ئێستاش ئیعتباریان ماوە) دینامیزمی دادگای میکۆنۆس لە تەواوەتیی خۆی‌دا بە ئەنجام نەگا، زۆر هاندەر و دڵخۆشکەر نەبن. لەگەڵ ئەوەشدا جێی خۆیەتی کە هۆگرانی دادپەروەری و کەس و کاری قوربانییانی تێرۆر و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر شوێنێک لە وڵاتانی رۆژئاوا کە بەرپرسێکی ئێستا یان پێشووی کۆماری ئیسلامی شک دەبەن کە دەستی لەو جینایەتانەدا هەبووە، لە دادگا نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەدا شکایەتی لێ بکەن. نموونەیەکی شیاوی تێڕامان حزووری ئێستای سەید حوسێن موسەویان لە ئەمریکایە کە لەکاتی تێرۆری میکۆنۆسدا سەفیری کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمان بوو و بەرپرسیارێتیی راستەوخۆی سەفارەتی رێژیم لەو وڵاتەش لەپێوەندی لەگەڵ رێکخستن و ئاسانکاریی رایەڵە تێرۆریستییەکاندا بە روونی سەلمێندراوە. شکایەت کردن لە مووسەویان لەلای دادگایەکی ئەمریکایی و لەلایەن یەکێک لە نزیکانی قوربانییانی میکۆنۆس ئەگەر تەنانەت بەهۆکاری جۆربەجۆری پێوەندیدار بە سەڵاحییەتی دادگاش بە ئاکام نەگا، بۆخۆی دەتوانێ هەڵڵایەک لە ئاستی سیاسی و مێدیایی‌دا بنێتەوە کە لە هەر حاڵدا پرۆسەی دادخوازیی ئازادیخوازانی کورد و ئێرانی قازانجی لێ دەکا. کارێکی لەو چەشنە دەتوانێ ئەو پەیامەش بڵاو بکاتەوە کە نابێ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاوپۆشی لە بەرپرسیارێتیی ئەو بەشە لە جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی بکا کە ئەمڕۆ بۆخۆیشیان کەوتوونەتە بەر غەزەبی تاقمی هەرە ملهوڕ و سەرەڕۆی رێژیم و بۆ خۆپەڕاندنەوە لەو بەرپرسایەتییە و بیمەکردنی داهاتوویان رەنگە نەک تەنیا بچنە نێو پێستی مەڕ، بەڵکوو کەڵکەڵەی ئەوەشیان کە رۆژێک ببنە بەشێکی حاشاهەڵنەگری ئالترناتیوی کۆماری ئیسلامی لە سەردا بێ.

سەرەنجام بوارێکی زۆر بەنرخ و شیاوی کارلەسەرکردن دۆکومێنتاسیۆن یان بەڵگەسازی و بەڵگەپارێزییە. ئەگەر راستە کە بەداخەوە هێشتا ئەو هەلومەرجە پێک نەهاتووە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا سەرانی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی تری جینایەتە دژە مرۆیی‌یەکانی ئەو رێژیمە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا موحاکمە بکرێن، خۆ لانیکەم دەکرێ بەشێوەی حیرفەیی و زانستی بەڵگە و شایەتییەکانی پێوەندیدار بە جینایەتەکانی رێژیم کۆبکرێنەوە و هەڵوەژێردرێن هەتا لە رۆژی خۆیدا دەمودەست ببنە هەوێنی پێکهاتنی دادگاکان و بەمجۆرە نیوەی کارەکە کرابێ. ئەو بەڵگانە تەنانەت هەر ئەمڕۆش دەکرێ لە چوارچێوەی ئەو شتەدا کە پێی دەڵێن «دادگای راسێل» کەڵکیان لێ وەربگیرێ، واتە ئەو دادگا خەڵکی و نمایشییانە کە زۆرتر سەمبولیکن و بایەخی قانوونییان نیە، بەڵام یارمەتی بە مێدیایی کردنی جینایەتەکان و حەساس کردنی بیروڕای گشتی نێونەتەوەیی لەو پێوەندییەدا دەکەن و هەروەها تەمرینێکی زۆر جیددی و بەنرخیشن بۆ ئەو رۆژە کە جینایەتکاران لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی راستەقینەدا دادگایی دەکرێن.

بۆ هەمووی ئەم کار و هەوڵانەش پێویستە بژاردە ئازادیخواز و کارلێهاتووەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات تێ‌بکۆشن چ بە هاوبەشی کردنیان لەو کارزارە سەراسەرییانەی لەپێناو موحاکمەکردنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی‌دا بەڕێوەن و چ بەوەڕێ خستنی کارزاری تایبەت بە خۆیان، ئەو بەشی شێرەی لە جینایەتەکانی رێژیم کە وەبەر رۆڵەکانی کورد کەوتووە زەق بکەنەوە و تایبەتمەند بوونی سیاسەتی سەرکوت لە ئاست ئەو گەلەدا کە تەنیا هۆکاری ئازادیخوازیی نیە بەڵکوو هۆکاری نەتەوایەتیشی لەپشتەوەیە، باشتر بناسێنن. خستنەبەر رۆژ و چەسپاندنی تایبەتمەندیی کورد لە قوربانی بووندا، بنەماکانی شەرعییەتی کیانخوازیی گەلی کورد لە ئێرانیشدا وەک یەکێک لە رێگاکانی قەرەبووکردنەوەی زوڵم و زۆر و گەرەنتیی دووبارە نەبوونەوەی سەرکوت و قەڵاچۆ دەوڵەمەند دەکا.






**بەیاننامە:**

## بۆ ئەوەی قوربانیانی ئەنفال و تاوان لە دژی نەتەوەکەمان لە بیر نەکەین

هەموو ساڵی خەڵکی کوردستان لە ١٤ی مانگی ئاوریلدا یادی تاوان یا زنجیرە تاوانی گەورەی ئەنفال دەکەنەوە. ئەنفال، ئەو زنجیرە عەمەلیاتە بەدناوە بوو کە رێژیمی گۆڕکراوی بەعسی عیراق، لە دژی خەڵکی زۆرێک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان بەڕێوەی برد و لەم رێگایەوە زیاتر لە ١٨٠ هەزار مرۆڤی بێتاوانی کوردی کوشت.

لە مانگی مارسی ١٩٨٨ دا رێژیمی بەعسی عێراق لە درێژەی هەوڵەکانی بە مەبەستی بەکۆمەڵکوشتنی خەڵکی کوردستان و بە دوای وێرانکردنی زۆر لە گوندەکان و تەنانەت شارۆچکە و شارەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان، بە پێی پیلانێکی بەرنامەبۆدانراو،قۆڵی لە راپێچکردنی خەڵک بە تایبەتی لە ناوچەکانی گەرمیان هەڵماڵی. سوپای دڕندە و پۆشتە و پەرداخی عێراق ، گوندەکانی گەمارۆ دەدا ولە گەل سووتاندن و وێرانکردنی ماڵەکاندا هەر کەسێکی دەستی کەوتبا سواری زیلە عەسکەرییەکانی دەکردن وپاش وەسەریەکخستنەوەیان لە هێندێک شوێنی دیاریکراو، بۆ خوارووی عێراقی رەوانە دەکردن. ژمارەیەکی بەرچاو لەو خەڵکەی بەم وەزعە لە ماڵ و حاڵی خۆیان دوورخرابوونەوە، بە تایبەتی مندالان و پیر وپەککەوتەکان، پێش ئەوەی بگەنە مەقسەدی یەکجاری، لە گەرمان، لە تینووان و لە برسان ، لە یەکەم رۆژەکانی و لە حەوتووەکانی یەکەمی دەستبەسەریدا، گیانیان لە دەست دا.بەڵام ئەوانی دیکە، دوای ئەوەی رەوانەی بیابانە دوورەدەستەکان کران، هەرگیز نەگەڕانەوە. چونکە بەزۆر خرانە نیو ئەو چاڵ و قووڵکە لە پێشداهەڵکەنراوانەی بۆ زیندەبەچاڵکردنی ئەوان، پێشەکی ئامادەکرابوون.

چیرۆکی شوومی ئەنفال هەتا ئێستاش نەبڕاوەتەوە . هەتا ئێستاش کەم وەرز و کەم مانگ و کەم حەوتووی ساڵ هەیە گۆڕێک یا چەند گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی ئەنفال نەدۆزرێتەوە و ئێسک وپرووسکی تیک شکاو و جلوبەرگی دابێژدابێژکراویان و پێڵاو و قردیلە بچووکەکانیان، داستانی تاڵی زیندەبەچاڵکردنی ئەوانمان بە تاوانی کوردبوون، بۆ نەگێڕنەوە. هەتا ئەو کاتەی بە سەدان و هەزاران دایک و خوشک و برا و باوک مابن کە سۆمایی چاویان وساتەکانی تەمەنیان لەبەر پێی خۆزگە و ئاواتی نەزۆکی گەڕانەوەی ئازیزانیاندا، دەبەشنەوە، داستانی دلهەژێنی ئەنفال کۆتایی نایە.

یادی تاوانی ئەنفال و یادی هەزاران قوربانیی ئەم زنجیرە تاوانەی بەعس، لە ویژدانی نەتەوەکەمان ناسڕێتەوە. بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە. دەبێ وا بکەین ئەم تاوانە گەورەیە و یادی قوربانیانی ئەنفال، لە ویژدانی مرۆڤایەتییش دا بە زیندویی بمێنێتەوە. دەبێ هەموو لایەکمان تێبکۆشین شانبەشانی بەشداریمان لە هەرەوەزی گەڕاندنەوەی گیان و ژیان بۆ کەسوکار و پاشماوە کانی کۆمەلکوژیی ئەنفال و ناوچە ئەنفالکراوەکان، تاوانی ئەنفال و هەموو ئەو تاوانە گەورانەی لە دژی نەتەوەکەمان کراون، لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا بە زیندوویی رابگرین.

لە رۆژی ئەنفال دا، بە رێزەوە یادی قوربانییەکانی ئەو تاوانە شوومە دەکەینەوە وبانگ و نزای دادخوازانەیان لە ویژدانی خۆماندا زیندوو دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەتا ستاندنی دادیان هەست بە ئاسوودەیی نەکەین. هەر لەو کاتەدا دەخوازین بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرانی دیکەی ئەو کۆمەلکوژییە حوکمی عەدالەتیان لە سەر بەڕیوە ببرێ، ناوچە ئەنفال لێدراوەکان و خەڵکە ئەنفالکراوەکان، شوێنەوارەکانی ئەو کارەساتەیان – ئەوەندەی مومکینە– بۆ قەرەبوو بکریتەوە، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە هەموو ئاستیکدا بەردەوام بێ.

**ناوەندی راگەیاندنی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٢/٤/١٤**
**٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧١٢ی کوردی**

# پێویستیی دیالۆگ لە نێوان کورد و تورک دا

## با لە ئەزموونی شەڕی نەغەدە دەرس وەر بگرین

**قادر وریا**

لە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا، شاری نەغەدە و دانیشتووانی کورد و تورکی ئەم شارە و ناوچەکانی دەوروبەر، لە شەڕێکی نەخوازراوەوە گلان. شەڕێک کە زیانێکی گەورەی لە پێوەندیی برایانەی ئەو دوو نەتەوەیەدا و هەتا ئێستاش شوێنەوارەکانی بە تەواوەتی کۆتاییان پێ نەهاتوە.

٣٣ ساڵ لەمەوبەر، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجی نوێی دوای رووخانی رێژیمی شایەتی دا بە مەبەستی ناساندنی ئامانج و بەرنامەکانی بە کۆمەڵانی خەڵک و راکێشانی پشتیوانییان بۆ لای خۆی، هەر جارەی لە شار و ناوچەیەک میتینگ و کۆبوونەوەی گەورەی بە بەشداریی ئۆگران و لایەنگرانی خۆی پێک دێنا. لە ٣١ی خاکەلێوەدا، متتینگێکی لەم چەشنە لە ستادیۆمی وەرزشیی شاری نەغەدە پێک هێنا تا لەوێدا، سکرتێری گشتیی، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو لەبارەی سیاسەتەکانی حیزب لە هەلومەرجی نوێ دا، قسە بۆ ئامادەبووان بکا. دیارە لە نەغەدە رۆڵەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورک پێکەوە دەژیان و تورکەکان کە لەباری بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکەوە هەر لە سەردەمی رێژیمی پێشووەوە بالادەست بوون، بەرامبەر بە جموجۆڵی سیاسیی کوردەکان بۆ ئەم متینگە هەستیار و تەنانەت بەدبین بوون. بەڵام کاربەدەستانی ئەو کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هەر لە جێدا نیازێکی ئاشتیخوازانەیان لە پێکهێنانی ئەو متینگە لەو شارە هەبوو، دەلیلێکیان بۆ بە هیند گرتنی نیگەرانی و هەلوەشاندنەوەی بڕیاری متینگەکە نەبوو.

میتینگی حیزبی دێموکرات هەر لە یەکەم دەقیقەکانی دەستپێکردندا و لە کاتێکدا، دوکتور قاسملوو، خەریکی پێشکەشکردنی وتارەکەی خۆی دەبێ، بە هۆی تەقە و دەسرێژلێکران لە گەڕەکە تورک نشینەکانی ئەو شارەوە، دەشێوێ. بەشدارانی میتینگ لە کاتی وەدەر کەوتن لە ستادیۆمەکە و تێپەڕبوون بە کۆڵانەکاندا لەگەڵ دەسرێژ لە سەربان و ماڵی تورکەکانەوە بەرەوڕوو دەبن و بەم جۆرە شەڕێکی نەخوازراویان بەسەردا دەسەپێ. تەقە و تێکهەڵچوونی دوو لایەنە لە شێوەی شەڕی کورد و تورک دا خۆی دەبینێتەوە و مەرگی ژمارەیەکی چەندین کەسیی مرۆڤی بێ تاوان لە هەر دوو لا بەتایبەتی لە کوردەکانی لێ دەکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکرات بۆ پێشگیری لە تەشەنە کردنی زیاتری شەڕەکە و کەمکردنەوە لە زیانی گیانی و ماڵیی دانیشتووانی شار، بڕیاری بردنە دەری هێزی چەکداری خۆی دەدا، بەڵام ئەرتەش و دەمڕاست و کاربەدەستانی رێژیمی تازە لە ئوستانی ئازەربەیجانی رۆژئاوا، لە جیاتی بەرپوانیی بێ لایەنانە، بە پشتیوانیی تورکەکان و بە دژی کوردەکان، دێنە نێو رووداوەکە. لە ئاکامدا تێکرای دانیشتووانی کوردی ئەو شارە، بە دەستی بە تاڵ و لەحاڵێکدا زۆرێک لەوان کەسوکاریان لەم شەڕە دا لە دەست دابوو، نەغەدە بە جێ دێڵن و پەڕیوەی شار و ناچەکانی دیکەی کوردستان دەبن. ئەگەرچی بەشی زۆری ئەوان لە ساڵانی دواتردا و بە دوای هێور بوونەوەی بەرەبەرەی بارودۆخەکە دەگەڕێنەوە ئەو شارە، بەڵام بەشداریی کورد لە بەڕێوەبەریی کاروباری شاری نەغەدەدا، تەنانەت نەچۆوە دۆخە نابەرامبەرەکەی جارانیش. لە دوای شەڕی نەغەدە کار بەدەستانی تورکی ئەم شارە گیانێکی تۆڵەئەستێنانە و پشتگەرم بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ناوەندی، لە هەر بوار و ئاستێکدا، بەوپەڕی دەست ئاوەڵایی یەوە، سیاسەتی هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینیان لە دژی دانیشتووانی کوردی ئەو شارە بەڕیوە برد.



**حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی بنیاتنانی داهاتوویەکی بە دوور لە کارەسات و ئەزموونە ناخۆشەکانی رابردوو، پێشنیاری دیالۆگ لە نێوان رووناکبیران و هێز و لایەن و کەسایەتییەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورک، دەخاتە روو**

ئەم هەڵاواردنانە هەتا ئێستاش درێژەیان هەیە و نەک هەر لە پشتگوێخستنی بە ئەنقەستی کوردەکان لە بەڕێوەبردنی ناوەندە ئیدارییەکان و دامودەزگا دەوڵەتییەکان، بەڵکوو لە سیمای گەڕەکە کوردنشینەکان و شەقام و مەیدان و قوتابخانە و مزگەوت و پارک و سەرجەم شوێنە گشتییەکانی ئەواندا بە ئاشکرا بەدی دەکرێ.

شەڕی هەڵگیرساو لە نێوان کورد و تورک لە ٣١ی خاکەلێوەی١٣٥٨ لە شاری نەغەدە دا، گەڵ هەموو تاڵییەکەیدا، شیاوی وەبیر هێنانەوە و ئاوڕ لێدانەوەیە، نەک بۆ ئەوەی رق و قینی ئایینی و نەتەوەیی لە نێوان رۆڵەکانی ئەو دوو نەتەوەیەی پێ بورووژێنرێ. ئەم شەڕە بۆیە دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە چونکە زیانێکی قەرەبوونەکراو یا زۆر بەدرەنگەوە قەرەبوو کراوی لە پێوەندیی برایانەی ئەو دوو نەتەوەیە داوە و لە سەر رێی هاوخەباتیی دوو نەتەوەی وەکیەک بێبەشکراو لە زۆر مافی نەتەوەیی، بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بە کۆسپ. ئەم شەڕە و رووداوەکانی دواتر وەک بەشداریی تورکەکان لە کوشتاری دانیشتووانی گوندەکانی کوردستان لە بەرگی هێزی چەکداری رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چەندین دەیە پێوەندیی ئاسایی و دۆستانەی تورک و کوردی کەم رەنگ کردەوە و بەدگومانی و بێ متمانەیی بەسەردا زاڵ کرد.

خەسارناسیی شەڕی نەغەدە و رووداوە خوێناوییەکانی دەیەی یەکەمی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی قەڵاچۆی دانیشتووانی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش، سەرووکانی، سۆفیان، کانی مام سەیدە، قەرەگۆل، سەوزی و سەرچنار، واتە کوژرانی دێنشینەکوردەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر هێزی هێرشبەر و چەکداری تورکی کۆماری ئیسلامی لە شەڕەکانی کوردستاندا، ، لە روانگەیەکی دیکەشەوە پێویستە. ئەم دوو نەتەوەیە هەر ئێستا و لە داهاتووشدا- هەر گۆڕانێکی سیاسی لە ئێران و ناوچەدا روو بدا- دراوسێی یەکترن. لە نێو هەر دوو نەتەوەش دا هەست و بیری نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان لە گەشەکردن دایە. لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا سەدان کیلۆمیتر و زیاتریش سنووری هاوبەش هەیە و دیموگرافیی زۆر شار و ناوچە کە دانیشتووانیان لە کورد و تورک پێک هاتوون، ئەوەندە ئاڵۆز و تێک تەنراوە کە لە داهاتووشدا رۆڵەکانی ئەم دوو نەتەوەیە مەحکووم بە پێکەوە ژیانن.

لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، دەرسێک کە دەبێ لە شەڕی نەغەدە و رووداوەکانی دواتری پێوەندیدار بە هەر دوو نەتەوەی کورد و تورک وەری بگرین، ئەوەیە: نابێ رێگە بدەین ئەم جۆرە کارەسات و رووداوە زیانبارانە، جارێکی دیکە لە نێوان رۆڵەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورک دا، روو بدەنەوە. مافی بێئەم لاولای هەر کام لەو دوو نەتەوەیە و سەرجەم نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان خەبات بکەن و رۆڵەکانی هەر نەتەوەیەکی بندەست و هێزە سیاسییەکانیشیان، نەک هەر نابێ لە دژی خەباتی رەوای نەتەوەیەکی هاودەرد و هاوچارەنووسی خۆیان ببنە داردەستی دەسەڵاتی ناوەندی، بە پێچەوانەوە دەبێ پشتیوان و یارمەتیدەری خەباتە نەتەوەیی و رزگاریخوازانەکە ی بن. لەو جێگایانەش کە رۆڵەکانی دوو نەتەوەی جیاواز، پێکەوە لە چوارچێوەی شارێک، ناوچەیەک یا پارێزگایەک دا دەژین، دەبێ گوتاری یەکتر سڕینەوە و ئینکاری مێژوو و بوونی یەکتر، وەلا بنێن. زێدەرۆیی، توندڕەوی، یەکترقەبووڵنەکردن و بەهێزکردنی گیانی یەکتر بوغزاندن و ورووژاندنی رق و قینی ئایینی و نەتەوەیی، جگە لە کارەسات، هیچ بەرهەمێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی بنیاتنانی داهاتوویەکی بە دوور لە کارەسات و ئەزموونە ناخۆشەکانی رابردوو، پێشنیاری دیالۆگ لە نێوان رووناکبیران و هێز و لایەن و کەسایەتییەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورک، دەخاتە روو. با لە رەوتی دیالۆگێکی ژیرانە و بەرپرسانە و دووربینانەدا، خەسارناسیی شەڕ و تێکهەڵچوونە زیانبارەکانی رابردوو بکەین، قامک لە سەر دەردە هاوبەشەکان دابنێین، ئەزموونی هاوسەنگەری و هاوپەیمانەتیی ئەم دوو نەتەوەیە لە دەیەی ١٣٢٠ و قۆناغەکانی دیکەدا وەبیر بێنینەوە. با لە ئێستاوە تاوتوێی کێشە و گرفتە پێشبینیکراوەکانی داهاتوو بکەین و بە گیان و روانینی رێز لێکگرتن رێگاچارەی سەردەمیانە و گونجاویان بۆ بدۆزینەوە. با ئەمڕۆ لە رێگای دیالۆگێکی دۆستانە و پشتقایم بە نەریت و ریوشوێنە سەردەمییەکان، بەردی بناغەی دراوسێیەتییەکی باش و دۆستایەتییەکی پتەو دابمەزرێنین.

# یاریی دیپلۆماسی؛ نیزیک بوونەوەی ئێران لە ئامانجە سەربازییە ناوکییەکان

**تەها رەحیمی**

نزیک بە دوو دەیەیە بەرنامەو چالاکییە ناوکییەکانی ئێران بوونەتە هۆی ململانێی نێوان ئەو وڵاتەو وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە لایەک ئێران دەڵێ لە پێناوهی بە دەست هێنانی تیکنۆلۆژی و پێویستییە پزیشکییەکان و بەکورتی ئامانجی ئاشتیخوازانەدا لە سەر هەوڵە ناوکییەکانی شێلگیرە و لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە پێی شوناس و ماهییەتی سیستەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی و کردەوەکانی لە کاتی هاتنە سەر کارەوە، گومانیان لە چالاکییەکانی ئەو وڵاتە لەم بوارەدا هەیەو ترسی دەسڕاگەیشتنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بەم رێوشوێن و رێگە پێچەوانە نێونەتەوەییەی گرتوویەتەبەر بووەتە هۆی ئەوەیکە گوشارێکی زۆری لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانەوە بخرێتە سەری.

بەم پێیە لە ساڵی ٢٠٠١ وە کە بە دوای هێرشە بە ناوبانگەکەی ١١ی سێپتامبر کە ئاراستەی سیاسەتی جیهانیی تا رادەیەک گۆڕی، ئێران و چەند وڵاتێکی دیکە کەوتنە لیستەی رەشی ئەمریکاوەو لەم کاتەوە چارەسەری ئەم پرسە یا کێشەیە سەرەڕای هەوراز نشێوێکی زۆر لە رێگەی دیپلۆماسی و پاکەتی هاندانەوە (مشوق) و هەڕەشەوە گەیشتۆتە کۆبوونەوەی ١٤ی ئاوریلی ٢٠١٢ی ئیستامبول. دوای ١٥ مانگ، دانوستانی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران لە حاڵێکدا دەستی پێکردوە کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ پاش چەند بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش و چەندین دەور گەمارۆ بۆ سەر دامەزراو و ئەو کەسانەی گومان دەکرێ پێوەندییان بە کاروباری دامەزراوە ناوکییەکانی ئێرانەوە هەبێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵوێستەکانی خۆیان نەک پاشەکشەیان نەکردووەو گوێیان بە هیچ بڕیارێکی نێونەتەوەیی نەبزووتووە بەڵکوو تەنیا یارییان بە بیروڕای گشتی و نیازپاکیی وڵاتانی جیهان کردووەو بە جۆرێک لە جۆرەکان کاتیان بۆ درێژەدانی بەرنامەو پرۆگرامەکانی خۆیان کڕیوە. کە هەر ئەمەش ناڕەزایەتیی توندی ئیسرائیلی لێ کەوتوتەوە و ئەم چەند مانگەی رابردوو شەڕە دندووکەکانی تا ئاست شەڕێکی سەربازی بەزر بوونەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە سەرەڕای ئەو هەمووە پێویستییە هەنووکەییەی خەڵکی ئێران دروشمی «وزەی ناوکی مافی خۆمانە« یان هەڵگرتوە تا ئێستا هەنگاوێکی ئەوەندە قانیعکەریان نەناوە کە گومان و دڕدۆنگییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بە گوێرەی پێویست بڕەوێنێتەوە و هەر جارە بە بیانوویەکی رێگە بە هاتنی چاوەدێرانی ئاژانسی ناوکی نادەن و کۆبوونەوەکان رادەگرن، ئەو رێژیمە ئێستاش لە حاڵێکدا دێتەوە سەر میزی دانوستان کە لە هەموو کاتێک زیاتر لە بواری ئابوورییەوە لە دارمان دایەو ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی رابردووی جیهان بەتایبەت جیهانی عەرەب پشت بە پشتی ئێرانەوە دەنێ. ئایا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دیسانیش بۆ کات بە فیرۆدان یا خافڵاندنی وڵاتانی رۆژئاوا هەروەک سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلیش دوای کۆبوونەوەی ٢٦ی خاکەلێوەی ئیستامبول ناڕەزایەتی دەربڕی و ئەم کۆبوونەوانەی بە پێدانی کات بۆ درێژەدان و گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکان وەسف کرد، هاتۆتەوە سەر میزی دانوستان؟ یا وادەو بەڵێنی رۆژئاوا و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا؟_ بە پێی وتەکانی ئەم دواییانەی هیلاری کلینتۆن ٥+١ دانی گرەنتی بۆ ئێرانی لەبەر چاوە _ و لەوانەشە ئەمە ویلایەتی فەقیهی هێنابێتە سەر ئەم بڕوایەی کە دانوستان لە شەڕی ئیسرائیل و هەڕەشەی گۆڕینی سیستەمی سەدە ناقینی کۆماری ئیسلامی باشترە..

رۆژئاوا دەیەوێ ئێران پیتاندنی ٢٠٪ راگرێ و سایتی فردوو لە قوم داخا و بە دانی ئیمتیاز بەرنامەیەکی ناوکیی ئاشتیخوازانەیە بە ئۆرانیۆمی (٣,٥٪) لە ژێر چاوەدێریی ئاژانسدا، ئێران رازی بکاو دەروازەی وتووێژەکان بۆ چارەسەری ئەم پرسە بە کراوەیی بهێڵێتەوە.

بەڵام بە بڕوای زۆربەی کارناسان کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە داخستنی سایتی فردوو رازی بێ، چونکی بە داخستنی ئەم سایتە پاشخانی سەرەکی خەساری قورسی پێ دەگا. هەروەها پاساوی ئەم کارە بۆ بیروڕای نێوخۆی وڵات دژوارە. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە پێشتر بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی رایانگەیاندوە کە ئەگەر بە رادەی پێویست سووتەمەنی ٢٠٪ بەرهەم بێنن، لەوانەیە پیتاندنی ٢٠٪ راگرن. کەواتە دەبێ بڵێین راگرتنی پیتاندنی ٢٠٪ لە پێشدا بواری بۆ خۆش کراوە کە لە دۆخی ئەستەمدا گوێ بۆ ئەم داوایە رادێرن.

وتووێژەکانی ئەم خولەی وڵاتانی پێنج کۆی یەک دەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە سەر بەرنامە ناوکییەکانی ئەم وڵاتە لە بارودۆخێکدا کە هەر جۆرە بە ئاکام نەگەیشتنی لەوانەیە پاشهاتی نێگەتیڤی بۆ هەردووک لایەن هەبێ مەحکووم بە سەرکەوتنی رێژەییە. بەهۆی ناکۆکییە جیهانییەکان لە سەر رەوشی سووریە کە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە هەروەک روون و ئاشکرایە ئێرانیش لە بەرەی رووسیا و چیندا دەتوانێ رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لەو بوارەدا هەبێ و سەفەری ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا و لەم دواییانەشدا کۆفی عەنان راسپێردراوی بان کی مۆن و یەکیەتیی عەرەب لە پێوەندیی دەگەڵ ئاڵۆزییەکانی سووریە دەرخەری ئەم راستییەن. هەروەها توندتر بوونی هەڕەشەکانی وڵاتانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت لە سەر هێرش بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی مەحکووم بە سەرکەوتنی ئەم کۆبوونەوەیەن. ترس لە جیددی بوونی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەم ماوەیەدا بە جۆرێک زیادی کردوە کە چەند جار لە لایەن وڵاتانی وەک فەڕانسە، رووسیە، چینەوە هۆشداری دراوە و هەر لەم پێوەندییەدا تەنانەت یەکێک لە ئەندامانی پارلەمانی رووسیا دوما، ئێرانی لە دووپات کردنەوەی هەڵەکانی سەددام حوسێن ئاگادار کردەوە. لەم لایەشەوە ئێران بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاواوە و کێشە نێوخۆییەکان لە هەلومەرجێکی تایبەت دایە و بەتایبەت لەم چەند مانگەی ئەم دواییانەدا شایەتی دارمانی ئابووری و دابەزینی سەرسامی بەهای دراوی ئەم وڵاتە لە بەرانبەر دراوەکانی دیکەدا بووین و داخرانی کارگەکان و بێکاری و ..... بووە بەهۆی کێشەو ئارێشەو سەرئێشەیەکی زۆر بۆ ئێران و پاشەکشەی لە هەڵوێستەکانی پێشوویەتی.

ئایا ئەمە دوایین دانوستان دەبێ و یان وەک بەرپرسانی ئەمریکا وتنی دوایین شانسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە؟ یان بەرپرسانی ئێران



ئێران و کۆڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانووستانەکانیش دەبێ هەر بەم هۆیەوە بزانین. تەریککەوتنەوەی هەرچی زیاتری ئێران بوو بەهۆی ئەوەی کە ویلایەتی فەقیە مل بۆ داوای ئەندامانی ٥+١راکێشێ کە ئەمەش خۆی لە قبوولی دووبارەی ئێران بۆ شوێنی دانوستانەکاندا خۆی دیتەوە. دوای سەفەری عەلی باقری جێگری نێونەتەوەیی شووڕای تەناهیی ئێران بۆ بەغدا لە رۆژی سێی ئاوریل دەنگۆی ئامادە نەبوونی ئێران بۆ شوێنی دانوستانەکان بڵاو بۆوە. قبووڵی دووبارەی شوێنی دانوستانەکان دوای رەخنەی توندی ئەردۆغان لە پێوەندی لەگەڵ نەبوونی سەداقەتی ئێران نیشانەی ئەوپەری تەریکی

هەر وەک رابردوو یاریی دیپلۆماسی درێژە پێ دەدەن و بە زیز بوون و دوای ماوەیەک گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستانەکان کاتی پێویست بۆ گەیشتن بە پرۆژەو ئامانجەکانی خۆیان دەکرن؟ هێشتا زوویە کە وڵامی ئەم پرسیارانە دەرکەوێ، بەڵام بەگوێرەی هەڵوێستی ئوباما و هیلاری کلینتۆن و یەکیەتیی ئورووپا وا دیارە بەرەی دژبەرانی ئێران ئەم جارە زۆر جیددیانە هاتوون تا دوایین قسەی خۆیان دەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران بکەن. هەر لە ئێستاوە باسی توندتر کردنی گەمارۆکان لە ئەگەری شکست هێنانی دانیشتنەکاندا دەکەن.

# تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

وریا ڕەحمانی

تیرۆر یان کردەوەی هێرشبەرانە بە مەبەستی سڕینەوە (حذف)ی فیزیکیی کەس یان چەند کەسێکی دیاریکراو لە مێژووی سیاسیی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیدا، ڕابردوویەکی کۆنی هەیەو ڕەنگە لە کەمتر وڵاتێکی دیکەی دنیادا لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەم ڕادەیە لەم ئامرازە نەخوازراوە کەڵک وەرگیرابێ. دیارە پێناسەی تیرۆر بە پێی ئەو پێوەرە گشتییە داڕێژراوانەی کە لە پانتایی مێژووی سیاسیی نێونەتەوەیی بە تایبەت لە چەند سەدەی ڕابردوودا دیاری کراوە، ئاستێکی بەرینتر و بوارێکی بەرفراوانتر لە خۆ دەگرێ و تەنیا لە چوارچێوەی تیرۆری سیاسیی مۆدێلی سڕینەوەی فیزیکیی کەسەکاندا بەرتەسک نابێتەوە. وەک تیرۆری کەسێتی، تیرۆری کۆمەڵایەتی، تیرۆری ئابووری و.... بەڵام ئەوەی کە بە گشتی جێی باسی ئێمەیەو لەم نووسینەدا لە هەوڵی تێڕامانی داین هەوڵی سڕینەوەی فیزیکی یە، کە نەخوازراوترین و نامەردانەترین جۆری تیرۆرە کە پێکهاتەگەلێکی وەک کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەک یەکێک لە گرینگترین چەکە سیاسییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە جۆراوجۆرەکان، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا، کەڵکی زۆری لێ وەردەگرن.

لە ڕاستیدا بۆ دۆزینەوە و پەیبردن بە سەرەداوەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و ئەو سەرچاوە مەعریفیانەی کە پێکهاتەیەکی سیاسیی لەم چەشنە شەرعییەت و پاساوی کردەوەیەکی نابەهەنجاری ئاوهای لێ وەردەگرێ، پێویستە پێداچوونەوەیەکی ئەگەرچی خێراشمان بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بە گشتیی و بەتایبەت لە مێژووی ئێران و چییەتی و چۆنیەتی چەمکی تیرۆر لەم بەستێنەدا هەبێ. دیارە ئیسلامی ئێرانییش کە ریشەی لە ڕەوتی بناژۆخوازی ئیسلامی شیعەگەریدا هەیە وەک زۆربەی پێکهاتە ئایدۆلۆژیکەکانی دیکە لە دەروونی خۆیدا پێی وایە ئامانج، ئامراز دیاری دەکا و چییەتی گەیشتن بە ئامانج، پاساوی چۆنیەتیی ئامرازەکەیەتی. ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە چوارچێوەی تیۆری و کارکردی هێزە ئایینی و چەپە ڕادیکاڵەکاندا دەرەوشاوەتەوەو بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە کە خود ڕەنگە یەکێک لە پاساوە هەرە پشت قایمەکانی کردەوەیەکی نەخوازراوی وەک تیرۆر بێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شرۆڤەی چۆنیەتیی پێکهاتنی خۆیدا، نایشارێتەوە و ڕاشکاوانەش خۆی بە قەرزدار و میراتگری ڕاپەڕین و بزووتنەوەگەلێکی وەک» حەسەن سەباح» و «نەواب سەفەوی» و ... دەزانێ، کە خۆی بوارێکی گرینگ و بەرچاوی کارکردنی ئەو چەشنە حەرەکەتانە لە تیرۆر و سڕینەوەی نەیارانی سیاسیدا خۆی دەدیتەوە. لە ئەدەبیات و میتۆدی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا لە تیرۆریستێکی وەک «خالید ئیسلامبولی» بکوژی «ئەنوەر ساداتی میسری» وەک قارەمانێکی گەورەی مێژوویی یاد دەکرێتەوە و دەنرخێندرێ. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە وەک دەسەڵاتی تەنیا و قۆرغکردووی وڵاتێکی وەک ئێران بە پێی جەوهەرە ئایدۆلۆژیکییە تایبەتە ئایینییەکەیەوە لە پێناوی بوون و مانەوە و یەکدەست کردنەوەی پەیتا پەیتای دەسەڵاتەکەیدا بە شێوەیەکی بەردەوام و ماندوونەناسانە لە هەوڵی دوژمن داتاشین و وێناکردنی مەترسیی دوژمنێکی خەیاڵیی هەمیشەیی خۆمەڵاسداو و ڕوونکردنەوەی ئەم شێوەی ڕوانینە لە نێو خەڵک و بەتایبەت لایەنگرەکانیدا بووە. ئەم چەشنە حکوومەتانە بە پێی ئەوچوارچێوە تایبەتییانەی هەیانە، لە بنەڕەتدا ناتوانن کرانەوەیەکی ئەوتۆ بەخۆیانەوە ببینن و نەرمی بنوێنن. چون هەر پاشەکشەیەکی تەنانەت ئەگەر کەمیش بێ، لەوانەیە تا لێوی هەڵدێری نەمانیان ببا و مەترسییەکی جیددی بۆ مان و مەوجوودییەتیان پێک بێنێ. هەربۆیەش لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی تەنانەت نامرۆڤانەو هەندێک جار بە پێچەوانەی باوەڕەکانیشیانەوە ناپرینگێنەوە و پاساویشی بۆ دێننەوە.

کاتێک سەیری ماشێنی تیرۆر لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین ڕاشکاوانە دەبینین کە بە پێی قۆناغە جۆراوجۆرەکان و پێویستییەکانی سەردەم لە ڕوانگەی ئەم ڕێژیمەوە، شێوازی جۆراوجۆریشی لە خۆ گرتوە و تەنیا بوارێکی تایبەت ناگرێتەوە.

بەشێکی زۆر لە دەرکەوتەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی شەڕی نێوخۆیی دەسەڵات و ڕەوتی یەکدەست کردنەوە و دەرکردن و سڕینەوەی ناخودییەکانی نێو دەسەڵات لە پێکهاتەی گشتیی سیاسیی وڵاتدا بوو. مەرگی گوماناویی تاڵەقانی، تەقینەوەی نێوخۆیی حیزبی کۆماری ئیسلامی، بێ سەروشوێنکردنی بە سەدان و کوشتاری بێ دادگایی بە هەزاران زیندانیی سیاسی لە دەیەی شەست، کوشتارە زنجیرەییەکانی سەردەمی ئیسلاحات و... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم چەشنە ڕوویکردەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامین. لایەنێکی دیکەی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووی لە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئەم نیزامە بوو کە پاش چەند ساڵێک لە دوای شۆڕشەوە ئیتر ئیمکانی کارکردن لە نێوخۆی وڵاتیان بۆ نەمایەوە و بەناچار پەرتەوازەی ئەودیوی سنوورەکان و دەرەوەی وڵات بوون. کەچی بەم حاڵەشەوە ترسی ئەم ڕێژیمە لە پێگەو کاریگەریی ئەو کەس ولایەنانە لە نێو کۆمەڵگادا وای لێکرد کە هەوڵی تیرۆر و سڕینەوەیان بدا. لەبەرچاوترین نموونەکانی ئەم شێوازەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی دەتوانین تیرۆری شەهیدانی سەرکردەی کوردی ئێرانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی، تیرۆری شاپوور بەختیار ، فەرەیدون فەرۆخزاد و بەسەدان کەسایەتی و دژبەری دیکەی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات ئاماژە پێ بکەین.

ڕەهەندێکی دیکەی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی ڕووی لە دژبەران و نەیارانی ئەم ڕێژیمە لە ئاستەکانی جیهانی دایە و زیاتر ئەو وڵات و لایەنانە دەگرێتەوە کە لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندان. ئینجا لەگەڵ ئەوەیدا کە بەشێکی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە لە ڕێی کەس و مۆرەکانی خۆیەوە ئەنجام دەدات، بەڵام بەشێکی زۆریشی لە ڕێی گرووپ و تاقمە تێرۆریستییە هاوپەیمانەکانی وەک «حەماس»ی فەلەستینی و «حیزبوڵڵا»ی لوبنانییەوە بە ئەنجام دەگەیەنێ. ئەم شێوازەی تیرۆر لەگەڵ ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەرگیراوە بەڵام بەتایبەت پاش مەترسی ئەم ڕێژیمە لە ئەگەری شەڕێکی شیمانەکراو و بەرەوروو بوونەوەی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕەوتێکی خێراتری بەخۆوە گرتوە. تەقاندنەوەی ناوەندی فەرهەنگیی جوولەکەکان لە( بوئێنۆس ئایرێس)ی پایتەختی ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤، تیرۆری سەفیری عەرەبستان لە ئامریکا لە ساڵی ٢٠١١، هەوڵی تیرۆر و تەقاندنەوەی دیپلۆمات وسەفارەتەکانی ئیسڕائیل لە چەندین وڵات و... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو بەشە لە کرداری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە بە گشتی لە چوارچێوەی تیرۆرزمی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە.

**کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە تێرۆر وەک ئامرازێکی کاراو کارتێکی یاری لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە راستای داسەپان و زۆرجاریش بۆ « فرافکنی» و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی جیهانی دا کەڵکی وەرگرتوە**



سەرنجدان بەو مەسەلەیە کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە تێرۆر وەک ئامرازێکی کاراو کارتێکی یاری لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە راستای داسەپان و زۆرجاریش بۆ « فرافکنی» و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی جیهانی دا کەڵکی وەرگرتوە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە و ڕەنگە لە کردنەوەی هەندێک لە گرێ پووچەکانی هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم ڕژێمە یارمەتیدەر بێ.

# دوورەدیمەنی چالاکی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی لە ئێران

مەحموود شەریفی

و: ڕێبوار مەعروف زادە

گەشەی کلتووری گشتی و بردنەسەری ئاستی هۆشیاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لە ئەرکەکانی دەوڵەت دێتەئەژمار. ئەمڕۆکە خودی خەڵکیش لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانە هەنگاویان هەڵێناوە و لە ڕێگەی چالاکی لە نێو ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە هەوڵی کەمکردنەوەی بۆشاییەکان و کەمتەرخەمییەکانی دەوڵەت لە نێو بەستێنی گشتی دان. لە ئێستادا ڕێکخراوە ناحکوومییەکان(NGO) لە تەواوی دنیادا هاوتەریب لەگەل دەوڵەتەکان لە بوارەکانی کلتووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی، یارمەتی خەلکی هەژار و ... چالاکی دەکەن. چالاکی لەو ڕێکخراوانە دڵخوازانەیە و بە گشتی مەبەست لەو چالاکیانە قازانج و سوودکردن نییە. ئەو ڕێکخراوانە هەر ئەو جورە کە لە ناویشیان را دەردەکەوێ ڕاستەوخۆ بە بەشیک لە دەولەت ئەژمار ناکرێن، بەڵام ڕۆلێکی گرینگ وەک پردێکی پێوەندی لە نێوان تاک تاکی خەڵک و دەسەڵاتداران و تەنانەت خودی کۆمەڵگەشدا دەگێرن.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی جۆراوجۆر چالاکی دەکەن و زۆرتر بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسی یان کۆمەڵایەتییەکانی ئەندامەکانیان هەوڵ دەدەن. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە باشترکردنی شوێنی ژیان، هاندانی گرووپەکان و خەڵک بە ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ، بردنەسەری ئاستی خۆشبژێویی خەڵکی هەژار و ... بە هێنانە بەر باسی بەرنامەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو بکەین. لە لایەکی دیکە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان یەکێک لە کۆلەکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە قەڵەم دەدرێن و ڕادەی چالاکیی و ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە یەکێک لە فاکتەرەکانی گەشەی هەر وڵاتێک دێتە ئەژمار. لە وڵاتی ئێران چالاکی گرووپی و خێرخوازانە لە کۆنەوەوە بوونی هەبووە، بەڵام پێکهێنانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە ناوەرۆک و کارکردی ئێستا لەمێژ نییە. لە ڕاستیدا ئێران لە شەپۆلی سێهەمی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوانە لە ئاستی جیهاندا چووە ڕیزیان و پانتایی چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە لە ماوەیەکی زەمەنیی درەنگتر گەیشتە ئێران. ڕەنگە بکرێ بڵێین کە ترۆپکی کاری ڕێکخراوەکانی ناحکوومی لە گەڵ هاتنەسەر کاری محەممەدی خاتەمی سەرۆک کۆماری ڕیفورمخوازی ئێران لە ساڵی ١٣٧٦ دەستی پێکرد کە بە دروشمی پەرەدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی هاتە سەر کار و تا ڕادەیەک توانی بەستێنێک بۆ پێکهاتن و چالاکیی ڕێکخراوەکانی ناحکوومی درووست بکا و بە پێشکەشکردن گەڵاڵەی پشتگیری لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ساڵی ١٣٨١ بە پارلمانی ئێران، ڕۆڵی (NGO)کانی جێگیر کرد، بەڵام بە داخەوە بە هاتنەسەر کاری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ڕووبەڕوی کێشەی زۆر بووە. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە ڕاشکاوی چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لە قەڵەم دەدا و لە هیچ هەوڵێک بۆ لاوازکردن و بەرتەسککردنەوەیان تەنەخی نەکردوە. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد سەرەتا بە دابەشکردنی ڕێکخراوەکان بە ئەرزشی و نائەرزشی ویستی ڕادەی ئەو ڕێکخراوانە کەم بکاتەوە و لە دوا هەنگاویشدا بە هێنانی پرۆژەی چاوەدێری بە سەر چالاکی، کار و ڕێکخستنی (NGO )کان بۆ پارلمان دەیەوێ بەستێنە بەرتەسکەکانی چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە بە تەواوەتی لە نێو ببات. سەرەڕای تەواوی ئەو گوشارانە چالاکانی مەدەنی ئەو بیاڤە چونکە دڵخوازانە لەو بوارەدا کار دەکەن، بەردەوام هەوڵ دەدەن تا بە دیتنەوەی ڕێگە و شێوەی تازە درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن. هێندێک لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کە هەروا توانیویانە ئیزنی چالاکی نواندنیان هەبی چالاکییەکانیان تا ئەو شوێنەی کراوە کەم کردۆتەوە. ئەو ڕێکخراوانەش کە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی وەک مافی مرۆڤ، مافی ژنان و مندالان و ... چالاک بوون بە ناچاری ڕوویان هێناوەتە چالاکی نواندن لە بواری خزمەتگۆزاری. فەزای ئەنجامدانی چالاکی بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ناوچەسنووریەکانی ئێران و لە نێو ئێتنیکەکانی ئێراندا زۆر بەرتەسکترە. چالاکانی مەدەنی لەو ناوچانە زۆرتر ڕوویان بۆ چالاکیی شێوە (NGO) یی هێناوە. لەو ناوچانە چونکە ڕوانینێکی ئەمنییەتی بۆ چالاکانی مەدەنی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا یەکجار زۆرترە، هەر بۆیە ئەو ڕێکخراوانە زۆربەی چالاکییەکانی خۆیان لە نێو بواری فەرهەنگی ئەدەبیدا چڕ کردۆتەوە. پێکهاتنی شێوە(NGO) کانی وەک ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی فێرکردنی زمانی کوردی یەکێک لە ڕێگەکانی مانەوە و بەردەوامیی چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی لەو ناوچانەیە. (NGO) کان لەو ناوچانە هەر چەند کەمن، بەڵام بە ناسینی وردی دەرفەتەکان و کەڵک وەرگرتنی تەواو لەو دەرفەتانە هەوڵ بۆ ڕاکێشانی خەڵک دەدەن. بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە شکۆمەندەکانی نەورۆز لە لایەن چالاکانی مەدەنیی کورد دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئەکتیڤ و زیندوویە و لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەم لەمپەڕانەشدا لە پوتانسیەلێکی گەورە بۆ گەشەکردن بەهرەمەندە. ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانیش لە نەبوونی مەجاڵی چالاکی کردندا دەتوانن وەک پاڵپشتی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کار بکەن و لە ئەندام و لایەنگرانی خۆیان داوا بکەن بە چالاکبوون لەو جۆرە ڕێکخراوانەدا و هەروەها پشتگیریی ماددی لە بەرنامە و پرۆژەکانیان بۆ بەهێزکردنی هەرچی زیاتری ئەو ڕێکخراوانە هەنگاو هەڵبگرن.

**بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە شکۆمەندەکانی نەورۆز لە لایەن چالاکانی مەدەنی کورد دەرخەری ئەو ڕاستییە کە کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئەکتیڤ و زیندوویە و لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەم لەمپەڕانەشدا لە پوتانسیەلێکی گەورە بۆ گەشەکردن بەهرەمەندە**

# شیکارییەکی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

عەبدوڵڵا بەهرامی

ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵی شارو گوندەکانی کوردستان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە لە جۆری خۆیاندا بێوێنەن، بۆیە شایانی ئەوەن لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بخرێنە بەر سەرنج و شیکاری بکرێن. بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێوڕەسمانە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا بەدی بکەین. ئەو ڕێوڕەسمانە لە باری جوغرافیاییەوە بەربڵاوتر، لەباری بەشدارییەوە بەرفراوانتر، لەباری نێوەرۆکەوە هەڵگری پەیامی شوناسخوازی و سیاسی بوون . دیارە پێویستە ئەوە بگوترێ هێندێک لەو تایبەتمەندییانە لە بەشێک لە ڕێوڕەسمەکانی ساڵانی پێشتریشدا هەبوون. هەر بۆیە هەر چەشنە خوێندنەوەیەک لە ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ بە بێ ئاوڕدانەوە لە نەورۆزەکانی ساڵانی پێشوو خوێندنەوەیەکی ناتەواوە. چونکە لە ڕاستی دەکرێ بڵێین ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ساڵانی پێشوو بوونە مۆدێل بۆ ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ. دیارە لەم نێوەدا دەکرێ بەڕوونی ئاماژە بە بە مۆدێلکردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە شارۆچکەی ڕەبەت و چەند گوندی دەوروبەری بکەین.

**بەشداریی بەرفراوانتر**

بەشداریی بەرفراوانترو جەماوەریتر یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵە کە کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لە سەر بیچم گرتنی تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمانە هەبووە. چونکە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لەم فۆرمەدا لانیکەم لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەم ڕێوڕەسمانەیان لەم ئاستەدا تێدا بەڕێوەدەچێ، پێشینەیەکی ئەوتۆی، لانیکەم لە مێژووی نزیک، دا نییە. ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، بۆ وێنە بۆ ٧٠-٦٠ ساڵ لەمەوبەر کە شارنشینی لە کوردستان گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردبوو، دەتوانین بڵێین نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاوی زیاتر لە کۆمەڵێک نەریتی کۆندا ڕەنگی دەدایەوە. بۆ وێنە: ئاگرکردنەوە، ئەویش نەک بەشێوەی بەکۆمەڵ، کۆمەڵێک یاریی تایبەت کە ڕەنگە ئەوانیش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک جیاوازییان هەبووبێ. ئەم نەریتە نەورۆزییانە کە لە ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراودا ڕەنگدانەوەیان هەبووە پێ بە پێی گەشەی شارنشینی و پەرەسەندنی میدیاو ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا بەرەو کاڵبوونەوە چوون.

ئەگەر بەم پێش زەمینە مێژووییەوە بڕوانینە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کە کۆمەڵانی خەڵک تادێ بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەواندا بەشداری دەکەن، هەست بە وەرچەرخانێکی گەورە دەکەین. بەشداریی جەماوەریی لە بۆنەیەکی نەتەوەییدا نیشانەیەکی بەرهەستی گەشە ی شوناسی کۆیی (کوردبوون) لە ناخی تاکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. واتە تاکی کورد دەیەوێ بە بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئەو بۆنەیەدا هەم تەعبیر لە شوناسی کۆیی خۆی بکاو هەمیش چێژ لە شادییەکانی ئەم بۆنەیە وەرگرێ. لە حاڵێکدا لەو ساڵانەدا کە ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە نەبوون تاکەکان زۆرتر بە شوێن ئەوەوە بوون لە ئاستی تاک یان بنەماڵەییدا چێژ لەم بۆنەیەو نەریتەکانی وەرگرن.

بەشداریی بەرفراوانی خەڵکی ژمارەیەک لە ناوچەکانی کوردستان لەم ڕێورەسمانەدا لەم هەلومەرجەدا کە دەرفەتەکانی دەرکەوتنی پوتانسیلی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئاکامی فشارە ئەمنیەتییەکاندا زۆر بەرتەسکن گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

**بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە زمانی کوردی**

دەرکەوتنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و تیپ گەلی مۆسیقی و هەڵپەڕکێ کە مێژوویەکی زیاتر لە پازدە ساڵە و بگرە زیاتریشیان هەیە، بە نۆرەی خۆیان کارتێکەرییەکی بەرچاویان لە خولقانی ئەم چەشنە ڕێوڕەسمانەدا هەبوە. ئەم کارتێکەرییە هەم لەسەر لایەنی ڕێکخستن و هەم لەسەر نێوەرۆکی بابەت و بەرهەمە پێشکەشکراوەکان و تەنانەت لەسەر نەزم و دیسیپلینێک کە ڕێوڕەسمەکان هەیانە بەڕوونی هەست پێدەکرێ.

پێشکەشکرانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە زمانی کوردی بە نێوەڕۆک و پەیامی نەتەوەییەوە لەلایەن ئەدیبان و هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەکان دا، یەکێک لە ئاماژە هەرە دیارەکانی ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی کە لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییەوە تا ئێستا درێژەی هەیە، لەوانەیە توانیبێتی زەبری لە زمان و فەرهەنگی کوردی دابێ، بەڵام لە هێنانەدی ئامانجەکانی دا ناکام ماوەتەوە. ئەوەش کە لەم ڕێوڕەسمانەدا بەڕوونی بەدی دەکرێ بریتییە لە هەوڵێکی بەرین لە پێناوی بوژانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگیی حکومەتەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی.

**نێوەڕۆکی بەرنامەی ڕێوڕەسمەکان**

زۆربەی ڕێوڕەسم نەورۆزییەکان لە باری نێوەرۆکەوە جگە لەلایەنی فەرهەنگی و ئەدەبی هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و سیاسییش بوون. ئەوەش یەکێک لەم تایبەتمەندییانەیە کە پێناسەیەکی جیاوازتر لە ڕێوڕەسمێکی فەرهەنگی بەم ڕێوڕەسمانە دەبەخشن. دیارە ئەگەر بمانەوێ بەدوای هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم جیاوازیی پێناسەیە دا بگەڕێن، بەم ئاکامە دەگەین چەند هۆکار دەتوانن ئەم جیاوازییانەیان دروست کردبێ. یەکێک لەم هۆکارانە ئەو ستەمە سیاسییە مێژووییە، کە ئێستا پێ بە پێی بەرەوژووچوونی وشیاریی نەتەوەیی و سیاسیی خەڵکی کوردستان بە قووڵاییەکی زیاترەوە هەست پێدەکرێ. ئەگەر هەر لەم پێوەندییەدا بەراوردێکی نەورۆز لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ باشوورو باکوور یان ڕۆژئاوای کوردستان بکەین، دەبینین وێکچوونەکان لە نێوان پارچە ژێر ستەمەکاندا زۆرتر خۆدەنوێنێ. واتە نەورۆز لە پارچە ژێر ستەمەکاندا بارێکی سیاسیتری هەیەو بەجۆرێک ڕاقە لە ویست و یەکگرتوویی نەتەوەیی دەکا، بەڵام لە باشوور زۆرتر بارێکی کلتووریی هەیە.

لە نێوەرۆکی پەیامەکانی ئەم ڕێورەسمانە دوو پەیامی سەرەکی بە زەقی خۆیان دەنواند: یەکەم، پەیامێک کە دەربڕی ئیرادەی نەتەوەیی بۆ ئازادی و سەربەستی بوو. دووەم، ویستی یەکیەتی و یەکریزی خوازی کە رووی لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

بەشداریی خەڵکی شارەکان لە ڕێوڕەسمی شارۆچکەکان و گوندەکاندا

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گەشەو پەرەگرتن کەمبوونەوەی مەوداو جیاوازیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی نێوان شارو گوندە. بۆیە بەشداریی خەڵکی شارەکان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی گوندەکان، لە لایەک نیشانەیەکی گەشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەلایەکی دیکەوە نیشانەی کۆکبوونی خەڵک لەسەر خاڵە هاوبەشە نەتەوەییەکانە. لەم بارەیەوە تەنانەت لە چەند نموونەدا شایەدی بەشدارییەکی بان ناوچەییشین. بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی شارو ناوچەکانی پارێزگای ورمێ و سنەو کرماشان لە ڕێورەسمی شارۆچکەی ڕەبەت و سەیرانگەکانی ناوچەی مەریوان لەو نموونانەن.

دیارە ئەوە کە ڕێورەسمەکان زۆرتر لە گوندەکان و شارۆچکەکان بەڕێوەدەچوون دەتوانێ ئەم هۆکارەی هەبێ: دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو ترسە کە لە نارەزایەتیی خەڵکیان هەیە، بە هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی خەڵک هەستیارن، بۆیە مۆڵەت بە بەڕێوەچوونی ئەم چەشنە ڕێورەسمانە لە شارەکان و بەتایبەت لە شارە گەورەکان نادەن.

**بەشداریی ژنان**

بەشداریی بەرچاوی ژنان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ دا یەکێکی دیکە لە لایەنە گرنگەکانی ئەم ڕێورەسمانە پێک دێنێ. بەشداریی ژنان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێورەسمانەدا، واتە پێشکەشکاری، سروودو گۆرانی و هەڵپەڕکێ بە یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ڕۆڵگێڕانی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا لە قەڵەم دەدرێ.

جگە لەمانە بەشداریی ژنان نیشانەیەکی دیکە زیندوویی کولتوری ریشەداری کۆمەڵگەی کوردەوارییە. کولتوورێک کە بەم هۆیە کە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دەوروبەر دەرفەتی زیاتری بە بەشداریی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکان داوە، تایبەتمەندییەکی بۆخۆی خوڵقاندوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی سیاسییشەوە بڕوانین بەشداریی ژنان بە جلوبەرگی ڕەسەن و ڕازاوەی کوردییەوە لەم ڕێورەسمانەدا، نیشانەیەکی ئاشکرای شکستی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی و سیاسەتی حیجابی زۆرەملیی کۆماری ئیسلامییە لە کوردستان. دەزانین کە ئەم دەسەڵاتە لە ساڵانی دوورودرێژی تەمەنی دا بە هەموو توانایەوە هەوڵی داوە کولتووری کۆنەپەرستانەو دژە ژنی خۆی بەسەر کولتووری ڕەسەنی کوردەواریدا زاڵ بکاو تەنانەت هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک کە یەکێک لە دابونەریتە ڕەسەنەکانی کوردە لە ڕێوڕەسمە بنەماڵەییەکان و زەماوەندەکانیشدا قەدەغە یان ژنانەو پیاوانە بکا.

**ڕێکوپێکی و نەزم**

خاڵێکی بەرچاو کە بە زەقی خۆی دەنواند ئەو نەزم و ڕێکوپێکییە بوو کە لە زۆربەی ڕێوڕەسمانەدا بەدی دەکرا. ئەم خاڵە لەم بارەیەوە گرنگە کە یەکەم ئەزموونەکانی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە کەمەو، دووەم ئەوە کە ئەو ڕێوڕەسمانە تەنیا بە چاوەدێریی ژمارەیەک لە بەشداران بەڕێوەچوون. دیارە ئەم نەزم و ڕێکوپێکییە لەگەڵ ئەوەدا نیشانەی پێگەیشتووی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە هەمان حاڵدا دەشگەڕێتەوە بۆ ئەم بایەخەی خەڵک بۆ نەورۆزی دادەنێن.

**مۆدێلسازی و کارتێکەریی تلویزیۆنە کوردییەکان**

ئەوەی پێی دەگوترێ مۆدێلهەڵگرتنەوە لە میدیای بینراوی کوردی، لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵ و ساڵانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێ. ئەم مۆدێلانەش بریتین لەو مۆدێلانەی میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە، دەیگوازنەوە بۆ بینەرانیان لە ڕۆژهەڵات و ئەو مۆدێلانەی میدیاکانی باکووری کوردستان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی شارەکانی ئەو پارچەیە نیشانی بینەریان داوە. دیارە هەر دووی ئەو مۆدێلانە بەو پێیە کە وێکچوویی زۆریان لە نێواندا هەیە توانیویانە زۆرترین کارتێکەرییان هەبێ.

ئەگەر بۆ وێنە بمانەوێ نیشانەکانی مۆدێلی تلویزیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ڕێورەسمانەدا بدۆزینەوە، پێویستە ستایل، ڕێزبەندی و نێوەرۆکی بەرنامەی ڕێورەسمەکان لەگەڵ ئەوەی ناومان ناوە مۆدێلی تلویزیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی بەراورد بکەین. لەم بەراوردەدا تەنانەت دەبینین شێوەیەک لە جلوبەرگی کوردی کە ئەویش لە ڕێگەی میدیاوە بۆتە مۆدێل خەریکە برەو پەیدا دەکا.

بێجگە لەوە بەشێک لە تلویزیۆنە کوردییەکان لەم ساڵانەدا بە هاندانی خەڵک بۆ پێکهێنانی ڕێورەسمی بەرفراوانی نەورۆزی و هەروەها بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان توانیویانە لە باری هاندانی خەڵکەوە کارتێکەرییان هەبێ. لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بەم ڕکەبەرییە سالمە بکەین کە لە نێوان دانیشتوانی بەشێک لە گوندەکاندا دروست بووە.

**هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی**

هەڵوێستی ئەم ساڵی دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بریتی بوو لە خۆپاراستن لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ خەڵک لە شارۆچکەو گوندەکان دا لەلایەک و ڕێگەگرتن لە پێکهاتنی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان لە شارە گەورەکان لەلایەکی دیکەوە. دیارە ناکرێ هۆکارەکانی ئەو لانیکەمی نەرمینواندنە بۆ گۆڕانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بۆنە کەونارو نەتەوەییەکان، ئەویش لە کوردستان بگەڕێنینەوە. چونکە بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە دەزانن نەورۆز لە کوردستان لە چوارچێوەیەکی سەرووتر لە بۆنەیەکی کلتووری لێیدەڕوانرێ.

بۆیە ئەوە کە لە بەرانبەر بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمانە لە گوندەکان و پەراوێزی هێندێک شارو شارۆچکە جۆریک سەختگیرییەکی ئەوتۆیان نەنواندوە، زیاتر باری ناچاریی هەبووە. ئەوان بە هەڵسەنگاندنێک کە لە پوتانسیلی نارەزایەتی و مافخوازیی خەڵکی کوردستان کردوویانە، پێیان وایە ئەگەر بیانەوێ هیچ دەرەتانێک بۆ بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمانە نەهێڵنەوە، بە ئەگەری بەهێز لە ڕۆژانی نەورۆزدا تووشی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ نارەزایەتیی خەڵک دەبنەوە.

ڕوونە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی باش لەم ڕاستییە ئاگادارن ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک ئەویش لە بۆنەیەکی نەتەوەییداو لەم هەلومەرجە نێونەتەوەییەدا کە کۆماریی ئیسلامیی تێدایەو بەتایبەت دوای هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆیەم کە ئیدیعایان کرد خەڵک بە بەشداریی خۆیان ڕەواییان بە کۆماری ئیسلامی داوەتەوە، دەتوانێ زیانبار بێ. لانیکەمی زیانەکانیشی ئەوەیە کە ڕاست ئەم ئیدیعایەی ئەوان لە بارەی بەشداریی بەرفراوانی خەڵک و ئەو ئاکامگیریانەی

**لە نێوەڕۆکی پەیامەکانی ئەم ڕێوڕەسمانە دوو پەیامی سەرەکی بە زەقی خۆیان دەنواند: یەکەم، پەیامێک کە دەربڕی ئیرادەی نەتەوەیی بۆ ئازادی و سەربەستی بوو. دووەم، ویستی یەکیەتی و یەکریزی خوازی کە رووی لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو**



کە ئەوان لەو پێوەندییەدا کردوویانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

جگە لەمانە ئەو دۆخەش کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کۆماری ئیسلامیی تێکەوتوە، ناتوانێ لەمبارەیەوە کارتێکەریی نەبێ. چونکە ئەزموون دەریخستوە هەر کات دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتۆنەتە ژێر فشاری دەرەکی، ناچاربوون فشاری سەر خەڵک تارادەیەک کەم بکەنەوە.

**داهاتوو**

هەرچەند دەسەڵاتدارانی کۆماری لەوەدا کە توانیویانە ڕێورەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆز لە ناوەندە حەشیمەتییەکان دوور بخەنەوەو بەم چەشنە لە کاردانەوەی زیاتری پوتانسیلی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەم بکەنەوە. بەڵام بەو حاڵەش ئەوەی لەم نێوەدا وەدەست خەڵک کەوتوە بە بەرەوپێشچوونێک لە خەباتی مەدەنیدا دەژمێردرێ. بۆیە چاوەڕوانیی ئەوە کە لە داهاتوودا بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشچوونی خەباتی مەدەنی و هێمنانەی خەڵک ئەویش لە بۆنەگەلێکی نەتەوەیی وەک نەورۆزدا دروست بکرێ، چاوەڕوانییەکی بێ بنەمایە. لە بەرانبەردا چاوەڕوانیی لۆژیکی ئەوەیە هەروەک ئەمساڵ خەڵک لە ڕووبەرێکی جوغرافیایی بەرینترو بە بەشدارییەکی بەرفراوانتر لە ساڵانی پێشوو ئەم ڕێورەسمە نەتەوەییەیان بەڕێوەبرد، لە ساڵانی داهاتوودا بتوانن لە بەشێکی زیاتر لە پوتانسیلی نەتەوەیی خۆیان کەڵک وەرگرن.

# ڕۆڵی ژنان له‌ پاراستنی ژینگه‌دا

کوێستان فتووحی

**ژنان له پاراستنی ژینگەدا دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ؟**

قسەکردن لەسەر ژینگەو ژینگەپارێزی، کاری پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ژینگەیە، بەڵام ئەوەی منی هاندا لەوبارەیەوە چەند دێڕێک لەسەر کلتووری ژینگەپارێزی بنووسم، ڕۆڵ و ئەرکی ژنانە له دروست کردنی ئەو کلتوورەدا. ئەمڕۆکە پاراستنی ژینگە وەک یەکێک له گرنگترین بنەماکانی گەشەسەندنی جیهانی، پێویستیی بە بەشداریی راستەقینە و ئاگایی کۆمەڵگە هەیە.

ژنان به هۆی ئەوەی نەخش و ڕۆڵی گرنگیان له ئیدارەی بنەماڵە و پەروەردە و فێرکردنی منداڵدا هەیە، دەتوانن وەک هێزیکی کاریگەر، هەر وەک چۆن دەتوانن نیگابان و پارێزەری منداڵەکانیان بن، هەر ئاواش دەتوانن نیگابان و پارێزەری ژینگە بن.

سروشت و ژینگە بەشێوەیەکی بەربڵاو و سەرسووڕهێنەر خەریکە زیانی پێ دەگات و وێران دەبێ، هەر مرۆڤیش دەتوانێ پێش بە وێرانیی ژینگە و زۆر له کارەساتە پێوندیدارەکان بگرێ.

ژنان نیوەی کۆمەڵگەی جیهان پێک دێنن، کەواتە ڕۆڵیان له پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا لانیکەم

**ژینگە**

کۆمەڵێک هەلومەرجی دەرەکییە کە بە درێژایی تەمەن و ژیانی بوونەوەرێکی زیندووی وەک مرۆڤ، کاریگەرییان لەسەری دەبێ. وەک تیشکی خۆر، ئاو، هەوا، ڕووەک و شیناوەرد، گیانلەبەران و هەموو بوونەوەرێکی گیاندار و بێگیان کە لەسەر گۆی زەویی هەن، لەگەڵ یەکتردا لەپێوەندییدان و ژینگە پێک دێنن. لەم ساڵانەی دوایی‌دا زۆربوونی ڕێژەی مرۆڤ و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و کەڵکوەرگرتنی زیدەڕۆیانە و نادروست لە سەرچاوە و سامانەکانی گۆی زەوی، کارتێکەرییان لەسەر پیسبوون و وێرانیی ژینگە داناوە. ئەگەر لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا، بەهۆی مرۆڤەوە، دەتوانێ بە رادەی نیوەکەی دیکە بێ. بەڵام لە بواری ژینگەپارێزیدا دەتوانین بڵێین ژنان زۆر زیاتر لە نیوەی مرۆڤایەتی دەکرێ ڕۆڵیان لە پاراستن و ڕێزگرتن لە ژینگەو سروشت و جوانییەکانیدا هەبێ .دیارە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە خەبات و هەوڵدانی ژنان بۆ ئاشتی، دادپەروەری، یارمەتیدان بە لێقەوماوانی شەڕ و بەڵا سروشتییەکان، پارێزگاری لە ژینگە و مافی گیانلەبەران.

**ژنان دەتوانن پاسەوان و پارێزەری ژینگە بن**

ئەوە راستە پاراستنی ژینگە بە بەرنامە و پرۆژەکانی دەسەڵاتی هەر وڵاتێکەوە بەستراوەتەوە، واتە ئەوە حکوومەتە کە دەبێ خەڵک لە دروستکردنی ژینگەیەکی خاوێن و پاراستنی سروشت و گیانلەبەراندا بەشدار بکا. دیارە پێش هەموو شتێک ئەمە پێویستی بە ئاگاییدان و ڕۆشنگەری لەم بارەیەوە هەیە .هەرچەند لە ئاستی جیهانیدا بۆ پاراستنی ژینگە، لەلایەن دەوڵەتان ، ئەنجومەنەکان و تێکۆشەرانی بواری ژینگەپارێزییەوە لە پێوەندیی لەگەڵ پاراستنی ژینگەدا، زۆر ڕێنوێنی و ڕێگەی جۆراوجۆر پێشنیار کراون و بڕەویان پێدراوە، بەڵام بەداخەوە کلتووری سروشتدۆستی و ژینگەپارێزی لە نێو زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگەکان‌دا هێشتا زۆر لەخوارێیە. هیچ قانوونێکی ژینگەپارێزی لەجیهاندا بە تەواوی نەیتوانیوە مرۆڤەکان پابەند بکا بە پاراستنی ژینگە و خۆشەویستیی سروشت.مەگەر ئەوەی مرۆڤ لە منداڵییەوە فێری ڕێوشوێن و ڕێساکانی بکرێ. هەر پەروەردە و فێرکردنیشە دەتوانێ مرۆڤەکان پابەند بە قانوونەوە بکا .ڕێز گرتن لە ژینگە و سروشت رەوشتێکە کە دەبێ منداڵ هەر لە سەرەتاکانی ژیانییەوە فێری بکرێ تا ببێ بە باوەڕ لە بیر و زەینی‌دا.


ڕێوشوێن و ڕێساکانی پاراستنی ژینگە و ئۆگری و خۆشەویستیی سروشت، ئەگەر لە منداڵییەوە لە بیر و زەینی مرۆڤدا نەچەسپێ و نەبێتە کلتوور، لە گەورەییش‌دا ئەو مرۆڤە، بەرانبەر بە پارستنی ژینگە و سروشت ئەرکدار نابێ. منداڵان خۆیان زۆرترین قوربانیانی ژینگەی پیسن، هەر منداڵانیشن باشترین و کاریگەرترین توێژی نێو کۆمەڵگەن بۆ ئەوەی لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنیان خزمەتی سروشت و ژینگە بکەن.

لێرە دایە گرنگیی نەخشی ژنان لەو بوارەدا دەردەکەوێ. ژنان هۆکاری سەرەکیی راگواستنی کەلتوورەکانن و زۆرترین کاریگەرییان لەسەر نەوەکانی داهاتوو هەیە. ژن بە هۆی ئەوەی دایکە و بناغەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ لە لای ئەوەوە دەست پێدەکا، ڕۆڵێکی گرنگی لە فێرکردن و دروستکردنی کلتووری ژینگەپارێزی و خۆشەویستیی سروشت، لەلای منداڵدا هەیە. بەڵام بە مەرجێک لە زیان و کێشەکانی ژینگە و شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵ مەترسییەکانی سەر ژینگە ئاگا بێ، لەم حاڵەدا دەتوانێ بە هۆی فێرکردنی منداڵەکانی، پێشی زۆر لەو رەفتارانە بگرێ کە دەبنە هۆی مەترسی بۆ سەر ژینگە و سروشت.

هەر منداڵێک لە سەرەتاکانی ژیانییەوە بۆ نموونە دەبێ فێر بکرێ کە زبڵ و زاڵ نابێ بکرێتە نێوکانیاو و ئاوی بەنداو و ڕووبارەکانەوە، یان بۆ نموونە هەر منداڵێک دەبێ رابهێنرێ و فێر بکرێ کە ئەگەر بیسکویت یان بەستەنییەکەی خوارد، کاغەز یان نایلۆنی خواردنەکەی لەجیاتی ئەوەی فڕێی بداتە سەر زەوی، بیخاتە نێو سەتڵی زبڵەوە. ئەمە سەرەتاییترین وانەی ژینگەپارێزییە. ئەوەی ئەمڕۆ هەمووومان لە سەیرانگەکان و شەقام و کۆڵانەکان دەیبینین،نیشانەی ئەوەیە ئەو وانەیە لە رابردوودا بەباشی فێری منداڵان نەکراوە. زۆربەی ئەو کارەسات و بەڵایانەی لە لایەن مرۆڤەوە بەسەر سروشت و ژینگە دێن، دەگەڕێتەوە بۆ نائاگایی، کەم ئاگایی و تێنەگەیشتن لە گرنگایەتیی ژینگە بە هەموو فاکتەرەکانییەوە وەک: ئاو، هەوا، خاک و.....

باری شارستانی و پێشکەوتوویی هەر وڵاتێک، شارێک، بنەماڵەیەک. تاکێک، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە بەستراوەتەوە، کە یەکێکیان پاراستن و ڕێزگرتنی ژینگە و سروشتە. ئەوانەی ڕێزی سروشت و جوانییەکانی ناگرن، داری دارستانەکان بۆ قازانجی خۆیان دەبڕنەوە، گیانلەبەرانی کێوی راودەکەن، لە کاتی سەیران و سەفەردا زبڵ و پاشماوەکانیان فڕێ دەدەن، یان ئاوەکان پیس دەکەن و.... نە لە خۆشەویستیی نیشتمان گەیشتوون، نە دەتوانن چێژ لە خۆشی و جوانییەکانی سروشت وەرگرن.

ئەگەر بمانەوێ منداڵەکانمان وڵاتەکەیان خۆش بوێ، دەبێ ئەو دەرسەیان بەباشی فێر بکەین کە پاراستنی ژینگە یەکێکە لە ئەرکە مرۆیی و نەتەوەییەکانیان.





# ١٢٠ یاسای جیهانی بۆ سەرکەوتن لەگشت بوارەکاندا

بڕایان تریسیی.

بەشی یەکەم

و: سمایل سۆهرابی

**١– یاسای هۆ و بەرهۆ:** ڕوودانی هەر شتێک هۆکارێکی هەیە ،بۆ هەر هۆیەک بەر هۆیەک هەیە، بۆ هەر بەر هۆیەک هۆیەک یا چەند هۆیەکی تایبەتی هەن ،چ لێیان ئاگادار بین یان نا، شتێک بەناوی ڕێکەوت بوونی نییە.

**٢– یاسای هۆش:** گشت هۆیەکان و بەرهۆیەکان مێشکین. بۆچوونەکانی ئێوە دەگۆڕێن بەڕاستە قینە،لەبیری شتێک دان کە بەڕاستی خوازیاری ئەون ولەبیرکرنەوەی ئەم شتانە کە نەخوازراوی ئێوەن خۆ بپارێزن .

**٣– یاسای وەدیهێنانی ناخەکان:** دونیای دەورو بەری ئێوە دەرکەوتنی کردەوەی دونیای ناخی ئێوەیە، کاری سەرەکیی ئێوە لەژیاندا ئەوەیەکە ژیانی خوازراوی خۆتان لە ناختاندا بخوڵقێنن. ژیانی ئایدیاڵتان دەگەڵ تەواوی وردەکارییەکانی بەرجەستە بکەن و ئەو وێنەیەی مێشکتان لەژیانێکی ئایدیاڵ تاکاتێک لە دونیای دەورو بەری ئێوە نەیەتە کایە وە،بیپارێزن.

**٤– یاسای پێوەندیی ڕاستەو خۆ:** ژیانی دەرەوەی ئێوە ڕەنگدانەوەی ناخی ئێوەیە. لەنێوان چەشنی بیروهەستە کانی ناخی ئێوە لەلایەک و کردەوەو ئەزموونەکانی دەرەوی ئێوە لەلایەکی تر پێوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە.

٥– یاسای باوەڕ : هەر شتێک کەباوەڕی قووڵتان پێی هەبێ بۆتان بەڕاستەقینە جێگیر دەبێ . ئێوە ئەو شتەی کەدەی بینن باوەڕی پێ ناکەن بەڵکو ئەوشتانە دەبینن کە پێشتر وەکوو باوەڕ هەڵتان بژاردوە ،بۆیە دەبێ باوەڕە سنووردارکەرەوەکانی ئێوە کە ڕێگری سەرکەوتنی ئێوەن دەستنیشان بکەن و لەناویان بەرن.

**٦– یاسای بایەخەکان:** شێوازی کارکردنی ئێوە بەردەوام دەگەڵ ژێرخانیترین بایەخ و باوەڕەکانی ئێوە هاوئاهەنگە . ئەوەی لەڕاستی دا بایەخەکان کەبەڕاستی باوەڕتان پێیە، ئاشکرای دەکات لاف لێدانی ئێوە نییە، بەڵکوو کردار، وتەکان و هەڵبژاردنەکانی ئێوەیە بەتایبەتی لەکاتی ناخۆشی و تووڕە بووندا.

**٧– یاسای پاڵنەرەکان:** ئەوەی کە دەیکەن ودەیڵێن لە ویستەکانی ناخی ئێوەو ئارەزوو سروشتییەکانتان سەرچاوە دەگرێ، ئەوکارە دەکرێ بەشێوەیەکی هوشیارو ناهوشیار بکرێ. هێمای سەرکەوتن دوو شتە یەک: دەست نیشانکردنی ئامانجەکان و گەڵاڵە دارشتن بۆیان. دوو: دیاری کردنی پاڵنەرەکان.

**٨– یاسای چالاکیی مێشکی ناهوشیار:** مێشکی ناهوشیاری ئێوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گشت وتەکان وکردەوەکانی ئێوە بەرابەر دەگەڵ سەمبوولێک بێنەدی، کە دەگەڵ وێنەی مێشک و باوەڕەکانی ژێرخانی ئێوە هاوئاهەنگن، مێشکی ناهوشیاری ئێوە پێوەندیی هەیە بەوەی کە چۆن گەڵاڵەی بۆ دادەڕێژن، ئەو دەتوانێ ئێوە بەرەوپێشکەوتن بەرێ یا کۆسپ بێ لە پێشکەوتنتان.

**٩– یاسای چاوەڕوانییەکان:** ئەگەر دەگەڵ باوەڕ بەخۆبوون چاوەڕوانی هاتنەدیی شتێک بن لە دونیای دەوروبەرتان، دەکرێ بێتەدی. ئێوە بەردەوام هاوئاهەنگن دەگەڵ چاوەڕوانییەکانتان، چاوەڕوانییەکانی ئێوە لەسەر کردارو شێوەی هەڵسوکەوتی دەروبەرتان کاریگەری دەبێ.

**١٠– یاسای چڕبوونەوە:** هەرشتێک کەمێشکی خۆتی پێوەسەرقاڵ کەی لەژیانتدا وەدی دێ، هەرشتێک لەسەری چڕ ببیەوە و بێ پسانەوە هۆشت لەلای بێ لەژیانی ڕاستەقینەتدا وەدی دێ وپەرە دەستێنێ. کە وابوو پێویستە هۆشی خۆت لەسەر ئەم شتانە چڕ کەیەوە کە لە ژیانی ڕاستەقینەتدا ئارەزووی دەکەی.

**١١– یاسای هۆگری:** لانی کەم ٩٥٪لەم کارانەی ئێوە ڕایدەپەڕێنن لەڕووی هۆگرییەوەیە، جا ئەم هۆگرییە بەسوودبێ یازیاندەر. ئێوەدەتوانن ئەو هۆگریانەی کە سەرکەوتنتان مسۆگەر دەکات لە خۆتانی دا پەروەردە بکەن، بەشێوەیەک تا کرداری جێ پەسەندی ئێوە بە شێوەیەکی خۆگڕ و خۆڕسک جێ بەجێ نەبن، بێ پسانەوە خۆتانی لەسەر ڕابێنن وهوشیارانە دووپاتی کەنەوە.

**١٢– یاسای کێشان:** ئێوە بێ پسانەوە بۆچوون و ئارمان و دەرفەتەکان، کە دەگەڵ بۆچوونەکانی زاڵ بەسەر ئێوەدا هاوئاهەنگن بۆ لای خۆتان ڕادەکێشن. جا بۆچوونەکان ئەرێنی بن یانەرێنی. ئێوە دەتوانن چاکتر لەوەی کە هەن ببن، و دەوڵەمەندتر لە ئێستاش بن و هێزی زیاتر وەدەست بێنن، چونکە دەتوانن بۆچوونەکانی زاڵ بەسەر خۆتاندا بگۆڕن.

**١٣– یاسای هەڵبژاردن :** ژیانی ئێوە تا ئێستا ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئێوەیە. چونکە هەموو کاتێک لە هەڵبژاردنی بیروبۆچوونەکانی خۆتاندا ئازادن و کۆنترۆڵی هەموو ژیانتان و تەواوی ئەوەی بۆتان دێتە پێش لەدەست ئێوە دایە.

**١٤– یاسای بیرکردنەوەی ئەرێنی:** بۆ سەرکەوتن و هەست بەخۆشی کردن لە تەواوی لایەنەکانی ژیاندا، بیرکردنەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی کارێکی پێویستە. شێوەی بیرکردنەوەی ئێوە نیشاندەری بەهاو باوەڕ و چاوەڕوانییەکانی ئێوەیە .

**١٥– یاسای گۆڕین:** ناکرێ ئێوەخۆتان لە گۆڕین بپارێزن، چونکە مرۆڤ بە زانستی سەردەم و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو ڕێبەری دەکرێ و بە خێرای وێک نەچوو لە گەڵ ڕابردوو خەریکە دەچێتە پێشێ. ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە مامۆستای گۆڕین بن نەک لەم ڕێگایەدا قوربانی بکرێن.

**١٦– یاسای کۆنترۆڵ:** ئەوە کە تاچ ڕادەیەک لە پێوەندی دەگەڵ خۆتان ئەرێنی بیر دەکەنەوە پێوەندی هەیە بە بیر کردنەوەی ئێوە کە تا چ ڕاددەیەک ژیانتان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆتان دایە. ساخی وهەست بەخۆشی وکرداری بەرز، لەڕێگای کۆنترۆڵی تەواوی بۆچوونەکان و کردار و هەلومەرجەکانی دەوروبەرتان دێتەدی.

**١٧– یاسای بەرپرسیاری:** لە کوێ بن وکێ بن هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ویستی خۆتان. تەواوی ئەوەی کە ئێوە چین و چیتان بەدەست هێناوە وچی وەدەست دێنن خۆتان لێی بەر پرسیارن .

**١٨– یاسای پاداشت:** دونیا لە ڕێکوپێکی و هاوسەنگیی تەواو بەسەر دەبات. ئێوە بەردەوام پاداشتی بێ کەم وکوڕیی، کردارەکانتان وەردەگرن. بەردەوام لەو دەستەی کە پێی دەبەخشن هەر لەو دەستەش پاداشت وەردەگرنەوە. ئەگەر لەخەڵکانێک زیاتر ودەست دێنن هۆی زیاتر بەخشینتانە.

**١٩– یاسای خزمەت:** ئەم پاداشتانەی لە ژیاندا وەدەستی دێنن، پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕادەی خزمەتی ئێوە بەخەڵک. هەرچەندی زیاتر بۆباشتر کردنی ژیان و بەختەوەریی خەڵکی هەڵسووربن و لێکۆلینەوە بکەن و تواناکانتان زیاد بکەن، لە گۆرەپانەکانی جۆراوجۆری ژیانتاندا، پێشکەوتنی زیاتر وەدەست دێنن.

**٢٠– یاسای کاریگەریی هەوڵ:** گشت ئاواتەکان، خەونەکان، ئامانج و ئارمانەکان لەگرێوی هەوڵی بێ سنووری ئێوەدایە. چەندی زیاترتێبکۆشن، شانس و بەختی باشترتان دەبێ بۆسەر کەوتن . هیچ ڕێگای لابڕوبێ زەحمەت بوونی نییە.

**٢١– یاسای خۆسازدان:** لە ڕاستی شانس و بەخت، پێکەوە لکانی دەرفەت و خۆسازدانە.کارکردی باش ئاکامی ئامادەیی بێ کەموکووڕیی ئێوەیە. وەدەستهێنانی قوناغەکانی باش ترووزۆرتر، لە خۆسازدانی حەوتوو، مانگ و ساڵەکانی پێش ئێستا دەست پێدەکا. لە هەر بەشێک سەرکەوتووترین کەس ئەوانەن کە بەردەوام لە بەراوەرد دەگەڵ کەسانی ناسەرکەوتوو کاتی زیاتر بۆخۆسازدان بەکار دێنن تا کارەکانیان ڕاپەڕێنن.

**٢٢– یاسای ڕاددەی توانایی:** هیچ کات بۆ ڕاپەڕاندنی تەواوی کارەکانتان کاتی پێویست نییە، بەڵام بەردەوام بۆ جێبەجێ کردنی گرینگترین کارەکان کاتی پێویست هەیە. چەندی زیاتر هەوڵ بدەن کاریگەرتر دەبن . بەڵام ئەگەر بخوازن لە رادده بەدەر توانایی خۆتان بۆ جێبەجێ کردنی هەموو جۆرەکارەکان نیشان بدەن ئاکامەکەی بێجگە لەوەی کە دەر دەکەوێ توانایی ئێوە سنووردارە شتێکی تر نییە .

**٢٣– یاسای بڕیاردان :** سوور بوون لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی تاکە سەرکەوتووەکانە . لە ژیانی ئێوەدا هەر بازدانێک لە ڕاستای پێشکەوتندا کاتێ دێتە دی کە لە بوارێک دا ڕوون و ئاشکرا بڕیار بدەن.

**٢٤– یاسای داهێنەری:** مێشکی ئێوە دەتوانێ بەهەر شتێک بگا کە بکرێ لێی تێگاو باوەڕی پێی هەبێ. هەر چەشنە پێشکەوتنێک لە ژیانتاندابە بیرۆکەیەک دەست پێ دەکات. چۆن توانایی ئێوە لە داهێنانی ئارمانە نوێیەکانی بێ سنوورە، دوارۆژی ئێوەش سنووردار ناکرێ .

**٢٥– یاسای خۆڕێکخەر:** لەدەستنیشان کردنی ئامانجەکانتان دا سوور بن، بەڵام سەبارەت بە شێوازی وەدەست هێنانیان خۆڕێکخەر بن . لەسەردەمی ئاڵوگۆڕی خێراو پێشبڕکێی توندو، بەردەوام کۆن بوونی هەموو شتێک، خۆڕێکخەری وهاوئاهەنگی لە مەرجە بنەڕەتییەکانی سەر کەوتنن.

# هاوبەندییەکی ئێرانی و هێندێک لە بابەتە پێوەندیدارەکان لە روانگەی کوردانەوە

## «یەکپارچەیی خاک، «تمرکز»ی سیاسی، زمانی فارسی و ئاڵای ئێران»

ناسر ئێرانپوور

بەشی یەکەم

و: مەسعوود ڕەواندوست



**ئاماژە:**

**ڕۆژانـــی حــەوت و هەشتی ژانویەی ئەمساڵ لە شاری کۆڵنی ئاڵمان کۆبوونەوەیەک لەژێر ناوی «کۆبوونەوەی هاوبەندی بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ» بەڕێوەچوو. دواتر چەند کەس لە بەشدارانی ئەم کۆبوونەوانە بە نووسینی وتار، حیزبە کوردستانییەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەیان دایە بەر ڕەخنە کە گوایە ئەم ڕێکخراوانە بۆ «ڕازی کردنی چەند ناسیۆنالیستی پانیرانیست» لە ستراتێژیی دامەزراندنی فێدرالیزم لە ئێراندا پاشگەز بوونەتەوە. بە گشتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا باوەڕی سیاسیی جۆراوجۆر بەدی دەکرێن کە بەشێکی بەرچاو لەم باوەڕانە خاڵی هاوبەشیان هەیە. داخوا ناکرێ لەسەر بنەمای ئەم خاڵە هاوبەشانە هاوبەندی و ئاڵتێرناتیوێکی سیاسی پێک بێ؟**

**ئـەم پرسیـارانـە لـە حیزبە کوردییەکان دەکرێن و وڵامدانەوەیان زۆر ئاسان نیە، چونکە ئەم حیزبانە:**

١) لە هێندێک بابەت و چەمک (ی وەک ئەم بابەتانەی سەرەوە) بۆچوونی تایبەت و جیاوازیان هەیە.

٢) خاوەن ستراتێژییەکی هاوبەش و یەکگرتوو و جێگرتوون و، هەر ئەم روانگە و دوورە دیمەنە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەیان لە هێندێک لە کەسایەتی و ڕێکخراوە سەراسەرییە ئێرانییەکان و، یەکگرتن لەگەڵ ئەوان دژوارتر دەکا.

٣) بە تایبەت لەم حیزبانەدا بێ باوەڕییەکی مێژوویی بە ڕەوتە «سەراسەری» و ناوەندئاژۆکان هەیە و ئەوەش هۆکارێکی دەروونیی بەهێزە کە دەتوانێ ڕێگر بێ لە بەردەم یەکگرتن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانییەکان.

لەم دێڕانەی خوارەوەدا هەوڵ دەدرێ بە وەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە فکرییانە وڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزرێتەوە، بێ ئەوەی ئیدیعا بکرێ کە ئەم پێشنیارانە بۆ چارەسەری گرفتەکان، یەکگرتوویەکی لۆژیکییان هەیە و تەواو و بێ کەموکوڕین. کاتێک ئەم نووسراوە مەبەستی خۆی دەپێکێ کە ببێتە هاندەرێک بۆ وتووێژی بنیاتنەر لەم بیاڤەدا.

١. ئامادەیی بۆ پێکهاتن مەرجی یەکەمی هەر هاوبەندییەکە. سروشتییە کە ڕووناکبیرێکی سەربەخۆ هەمیشە قورساییەکە بخاتە سەر جیاوازییەکان و ڕەخنە و ڕەتکردنەوە و، لەوانەیە ئەرکی سەرەکیی ڕووناکبیرێکیش هەر ئەمە بێ. بەڵام حیزبێکی بەرپرسیار، ئەویش حیزبێک کە بە دوای پێکهێنانی هاوبەندی و یەکگرتوویەکی گشتگیردا بێ، ناکرێ ئاوا بیربکاتەوە و کاربکا. بەرنامەی هیچ هاوبەندییەک دەقاودەق بەرنامەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار لە هاوبەندییەکەدا نیە. لە ڕاستیدا ئەگەر هەوڵێکی لەم دەستە بدرێ هیچ هاوبەندییەک پێک نایە. لەبیرمە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ڕێکخراوە سیاسییە سۆسیالیستەکانی ئێران مشتومڕیان بوو کە داخوا لە یەکیەتییەکدا بۆ دامەزراندنی «کۆماری دێموکراتیکی میللی» یان «کۆماری دێموکراتیکی خەڵق» بەشدار بن کە تێیدا «باڵادەستیی چینی کرێکار» مسۆگەر نەکرابێ؟!. لە ئاکامدا هیچ هاوبەندییەک پێک نەهات: نە بە «باڵادەستیی چینی کرێکار» و نە بێ ئەو باڵادەستییە (کە زیاتر مەبەست باڵادەستیی حیزبەکانیان بوو). هێندێک لە بنەما و پرەنسیپەکان ناکرێ ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێ. بەڵام هێندێک لە پرەنسیپەکان - هەرچەند گرنگ و ستراتێژیکیش بن - دەکرێ لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەتنێکی هاوبەش بۆ داهاتوو دوابخرێن، یان لانیکەم وەک پێش مەرج بۆ ڕێککەوتن دیاری نەکرێن. لەوانەیە یەکێک لەم بنەمایانە بۆ کەسانێک بۆ وێنە «پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات» بێ و بۆ کەسانێکی دیکە «مافی دیاری کردنی چارەنووس» بێ. هونەری دیپلۆماسیی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە خاڵێکی هاوبەش لەم دوانە دروست بکرێ. ئەو پرەنسیپ و بنەما نەگۆڕانە بۆ حیزبە کوردستانییەکان (و هەروەها بەشێکی زۆری ڕێکخراوە دێموکرات و چەپە ئێرانییە هاوپەیمانەکانیان) چین و ئەو خاڵە هاوبەشە دەبێ چۆن بێ؟ پێشنیارەکانی نووسەری ئەم دێڕانە ئەمانەن:

- سەرەتا دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە کە مەبەست لە پێکهاتن ئەوە نیە کە چاوەڕوان بکرێ لایەنێک ئەو شتانەی لایەنی بەرامبەر دەیانڵێ قەبووڵ بکا. نەخێر. لێرەدا پێکهاتن تەنیا بەو مانایەیە کە دەبێ یان لەسەر ئەم بابەتانە لە نێوەڕاستدا ڕێککەون یان ئەوەی ئەم بابەتانە لە دەستووری کار وەدەرخەن. بۆ وێنە: لایەنێک بە هۆ یان بێ هۆ بەردەوام باس لە «میللەتی ئێران» دەکا و لایەنی دیکەش بۆ وێنە کوردەکان باس لە «میللەتی کورد» دەکەن. لەو نێوەدا پێکهاتن ئەوە نیە کە یەکێک لەم دوو دەستەواژەیە قەبووڵ بکەین. بەڵکوو ڕێگە چارە ئەوەیە یان وشەی کێشەلەسەری میللەت وەلا بنرێ و بۆ هەردووکیان لە وشەی خەڵک کەڵک وەرگیرێ یان هاوکات هەردوو دەستەواژەکە بەکاربهێنرێن. (بە هۆی گرنگیی ئەم بابەتە لە درێژەی باسەکەدا زیاتر شی دەکرێتەوە). لە

کەس شاراوە نیە کە هەرکام لەم چەمکانە هەڵگری واتای سیاسیی خۆیانن و لە دەزگایەکی فکریی دیاریکراوەوە سەرچاوە دەگرن و پەیامێکی دیاریکراویشیان پێیە. قەبووڵ کردنی یەک لایەنە و بێ ئەملاو ئەولای یەکێک لەم چەمکانە لە لایەن لایەنی بەرامبەرەوە بە مانای قەبووڵ کردنی ئەم دەزگا فکرییە و پەیامەیەکەیەتی.

- لە هەمان کاتدا دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەگەر بە ڕاستی دەمانهەوێ یەکیەتییەک لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکان‌دا بەدی بێ، پلاتفۆرمی هاوبەش دەبێ خاڵی هاوبەشی ئەم حیزبانە بێ نەک بۆچوون و ئایدۆلۆژیی سیاسیی حیزبە بەشدارەکان لە هاوبەندییەکەدا. موجاهیدینی خەڵق ئەم هەوڵە هێژمۆنیستی و باڵادەستانەیان دا و ئاکامەکەی بوو بەوە کە ئەمڕۆ زۆر لە پێشوو تەنیاتر و تەریک کەوتووترن. تەنانەت دەبێ لە پێداگری لەسەر دەستەواژە کێشەلەسەرەکان خۆبپارێزن چ بگا بە دیاریکردنی مەرجی قەبووڵکردنی ڕوانگەکانی لایەنێک وەک مەرجی ڕێککەوتن. بەڵام ئەم پرەنسیپە دەبێ بۆ هەردوو لا وەک یەک ڕەچاوبکرێ.



- لە ڕوانگەی نووسەری ئەم بابەتەوە ڕەوا نیە هیچ سازان و دانواندنێک لەسەر سێ بنەمای دێموکراسیی پارلمانی، فێدرالیزم و سێکۆلاریزم بکرێ. بۆ ڕەوتەکانی کوردستان ئەم سێ بنەمایە لێک جیانەکراوەن. بە تایبەت فێدرالیزم دەوری سەرەکی دەگێڕێ. هەر ڕەوت و کەسایەتییەکی سیاسی کە لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دادەنیشێ دەبێ پێشتر ئاگاداری ئەم سێ بنەمایە بێ.

- جگە لەم سێ بنەمایە زۆر بابەت و بنەمای دیکە هەن کە دەکرێ لەسەریان ڕێککەون یان بێ دەنگەیان لێ بکرێ و بە واتایەکی دیکە نەبن بە مەرجی ڕێککەوتن. لە بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا (بۆ وێنە) باس لە «مافی دیاری کردنی چارەنووس» و «سۆسیالیزم» و زۆر شتی دیکە دەکرێ. بە باوەڕی من ڕەوانیە ئەمانە وەک مەرج و بنەمای ڕێککەوتن دیاری بکرێن، ئەگەرچی زۆربەی ڕێکخراوە چەپە ئێرانییەکان نەک لەگەڵ سێ بنەمای باسکراو، بەڵکوو لەگەڵ ئەم دووانەش کێشەیەکیان نیە و لە زۆریان‌دا لە بنەما سەرەکییەکانی بەرنامەکەشیانە. بەوحاڵەش دەکرێ لەسەر ئەم دوو خاڵە سازان بکەن. لە مەسەلەیەکی وەک «کۆماریخوازی»دا: حیزبە کوردستانییەکان بە گشتی کۆماریخوازن. ئەمن وەک خۆم تەنانەت سازان و پێکهاتن لەسەر کۆماری و قەبووڵ کردنی سیستمی مەشرووتە بە مەرجی قەبووڵ کردنی سێ بنەمای دێموکراسیی پارلمانی (دوو مەجلیسی)، فێدرالیزم و سێکۆلاریزم لە لایەن مەشرووتەخوازان بە دەگمەن و ئاستەم نازانم. ئێمە دەتوانین لەسەر ئەم سێ بنەما سەرەکییە ڕێککەوین و، وڵامی پرسیاری «مەشرووتە یان کۆماری» بە ڕاپرسی بسپێرین، بەو ئاکامە کە ئەم مەسەلەیە نەبێتە بەربەستێک لەبەردەم هاوکاری و تەنانەت هاوبەندیی حیزبە کۆماریخوازەکانی کوردستان و ڕەوت و کەسایەتییە مەشروتەخوازەکانی ئێران. لەم پێوەندییەدا تۆپەکە هێشتا لە مەیدانی مەشرووتەخوازەکان‌دایە و ئەم وەرچەرخانەی لە وڵامی ناوچەکانی وەک کوردستان لەخۆیان‌دا پێکیان هێناوە و پەسندکردنی «بڵاوکراوەی حکوومەتە ناوچەییەکان» لە لایەن ئەوانەوە تەواوو وڵامدەر نیە.

- ئێستا بڕیارنامەی کۆبوونەوەی ناوبراو بڵاوبۆتەوە. تێیدا باس لە فێدرالیزم نەکراوە بەڵام باس لە سیستمی «غیرمتمرکز» کراوە. دەزانین کە هەر سیستمێکی فێدراتیو «غیرمتمرکز»ە، بەڵام هەر سیستمێکی «غیرمتمرکز» فێدراڵ نیە. سیستمی «غیرمتمرکز» زیاتر لە سەر بڵاویی دەسەڵاتی ئیداری پێ دادەگرێ، لە حاڵێکدا کە مەبەست لە سیستمی فێدراڵ، سیستمێکی بەربڵاو لە باری سیاسییە، ئەگەرچی بە وەبەرچاوگرتنی فرەچەشنی لە سیستمە فێدراڵ و «غیرمتمرکز»ەکان‌دا، ناکرێ ئەمە بە حوکمێکی قایم و نەگۆڕ بێنینە ئەژمار. بەراوردکردنی سیستمی «غیرمتمرکز»ی بریتانیا و فێدراتیوی ئۆتریش لەوانەیە لەم بارەوە بەسوود بێ. بە ڕواڵەت بە هەڵبژاردنی دەستەواژەی «غیرمتمرکز» هەوڵ دراوە هەم نیگەرانی لە سیستمێکی فێدراڵ نەهێڵن و هەم داخوازی حیزبە نەتەوەیی - ناوچەییەکان بۆ گەیشتن بە سیستمێکی «غیرمتمرکز» دابین بکەن. دەکرێ ئەم فۆرمۆلەکردنە بۆ دەسپێکی وتووێژەکان قەبووڵ بکرێ بەڵام دۆخێکی دڵخواز نیە و ناتوانێ ئاکامی پێکهاتنێکی ڕاستەقینە و پایەدار بێ. پرسیاری ڕاستەقینە لە دژبەرانی فێدرالیزم ئەوەیە کە داخوا ئەوان بێ وەبەرچاوگرتنی داخوازی حیزبە نەتەوەیی - ناوچەییەکان، بە ڕاستی خوازیاری سیستمێکی «متمرکز»ی سیاسی، ئابووری، نیزامی، ئەمنییەتی و فەرهەنگین؟!! ئەو ئەگەرە بەهێزە کە وڵامەکەیان «نەخێر» بێ. کەوابێ پاشەکشە و پێکهاتنێک کە دەبێ نێونجی داوای دوو لایەن بێ لە کوێیە؟ چونکە ئەم بڵاوی و «عدم تمرکز»ە داخوازی ئەوانیشە. بە باوەڕی من ئەگەر ڕێککەوتنێک لەسەر فێدرالیزم بەدی نەیە، واباشە کە تەنیا پێ لەسەر ئەوە دابگیرێتەوە کە کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەڕۆیی لە وڵاتەکەمان‌دا بووە و دەبێ لە سیستمی سیاسی‌دا دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن و، شێوە و ناو و خەستی و قووڵیی ئەم دابەشکردنەی دەسەڵات دیاری نەکرێ. دەکرێ وڵامی کۆتایی و یەکجارەکیی ئەم پرسیارە بە ڕەوتی داهاتووی باس و وتووێژەکان، یان بە کارناسانی ئەم بوارە بسپێردرێ، بەڵام تەنیا قسەکردن لە سیستمی «غیرمتمرکز» دەبێتە هۆی یەکلابوونەوەی ئەم ڕەوت و دەسەڵاتە و ڕێگە لە باس و دیالۆگ لەم بوارەدا دەگرێ. واباش بوو ئێستا کە ناوی سیستمی «غیرمتمرکز» لە جیاتی فێدراتیو هەڵبژێراوە لانیکەم گوترابا سیستمی «غیرمتمرکز»ی سیاسی - حکوومەتی کە جیای کردباوە لە «تمرکز»ی تەنیا دەسەڵاتی ئیداری. ئەمە خۆی پێکهاتنێک بوو لە نێوەڕاستدا، ئەگەرچی ئەمن پێم وایە حیزبە کوردستانییەکان و بە گشتی چەپ و دێموکراتە ئێرانییەکان نابێ لەسەر مەسەلەی فێدرالیزم سازان و پێکهاتن بکەن. دوکتور قاسملوو لە خواستی خودموختاری‌دا پاشەکشەی نەکرد، ئەویش لە وتووێژی خوێناوی لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی نابی محەممەدی‌دا، ئایا ئێستا ڕەوایە بۆ دواتر بکشێینەوە ئەویش ٣٠-٢٠ پاش ئەو کات و لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن‌دا؟!! بە باوەڕی من نا.

- ئاماژەکردن بە پابەندبوون بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هونەر نیە. مەگەر لە دنیای ئەمڕۆدا لایەنێک دەدۆزییەوە کە باوەڕهەبوون بەم بنەمایانەی لە ئاڵا و دروشمەکەی‌دا تۆمار نەکردبێ، ئەویش لە ئۆپۆزیسیۆن‌دا؟!!

- بە شێوەیەکی تایبەت قسەکردن لە «مافی مرۆڤ» لە باسی پێکهاتەی سیاسی‌دا لەوانەیە زۆر بەجێ نەبێ و ببێتە هۆی تێکەڵ کردنی مەسەلەکان. هەر مرۆڤێک لە هەر کوێ بژی دەبێ بە پێی پێناسەکان خاوەنی «مافەکانی مرۆڤ» بێ، لە حاڵێکدا کە ئەوەی ئێمە لە ئێران‌دا پێویستمانە سیستمێکی حقوقیی لەوە زیاترە کە پێک دێ لە: ١)مافە بنچینەییەکان ٢)مافی هاووڵاتی بوون ٣) مافی بەکۆمەڵ. لە جیهانی ئەمڕۆدا هەروەها بنەما و ئامرازی حقووقیی دیکەش هەن وەک بڵاوکراوەکان و ڕێککەوتننامەکان کە بەڕێوەبردنیان بە تایبەت لە ئێران‌دا زۆر گرنگە. ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە پەسەندکراوەکانی «ئەنجومەنی ئۆرووپا» لە پێوەندی لەگەڵ زمانەکان و کەمایەتییەکان‌دا بخشێنینەوە.

- لە بڕیارنامەی باسکراودا هەروەها تەنیا باس لە دێموکراسی کراوە، لە حاڵێکدا دەزانین کە چەندین جۆر دێموکراسی هەیە. بە واتایەکی دیکە دێموکراسی یەکسان نیە لەگەڵ دێموکراسی. هەر کۆمەڵگایەک جۆرێک لە دێموکراسی دەخوازێ. بە وەبەرچاوگرتنی فرەچەشنیی ئێران و بزووتنەوەکان و داخوازە نەتەوایەتی - ناوچەییەکانی و هەروەها پێویستیی بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیزەکردنی ڕاستەقینەی پێکهاتەی سیاسیی ئێران، بێ وەبەرچاوگرتنی فێدرالیزم، ئەوەی دەبێ بە ڕوونی پێی لەسەر دابگیرێتەوە دێموکراسیی پارلمانی (دوو مەجلیسی) یە. دێموکراسیی زۆرینە لە ئێران و لە بەستێنی سیستمێکی سەرۆک کۆماری‌دا قەیران خوڵقێن و ناوەندئاژۆ دەبێ.

لە بڕیارنامەکەدا هاتووە:

ئێمە خوازیاری جیایی بنیاتی دین لە بنیاتی دەوڵەت و دەسەڵاتین و هەروەها خوازیاری سیستمێکی دێموکراتیک، «غیرمتمرکز» لەسەر بنەمای بڵاوکراوەی مافی مرۆڤ، لە مسۆگەرکردنی یەکسانیی مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی هەموو نەتەوە و قەومەکانین (فارس، تورک، بەلووچ، عەرەب، تورکەمەن، کورد، لۆڕ و ...) کە بەیەکەوە میللەتی ئێران پێک دێنن.

داڕشتنێکی نێونج (نەک دڵخواز) بۆ پێکهاتن دەکرا بە شێوەی خوارەوە بێ کە هەڵگری سێکۆلاریزم، مافی هاووڵاتیبوون و بنەماکانی «سوپسیدیاریتی» بێ:

«ئێمە خوازیاری جیایی دین لە دەوڵەت و، سیستمێکی دێموکراتیکی پارلمانی و «غیرمتمرکز»ی سیاسین لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و یەکسانیی مافە سیاسی و فەرهەنگییە تاکە کەسی و بەکۆمەڵەکانی هەموو خەڵکی ئێران، بێ وەبەرچاوگرتنی نەتەوە، قەوم، زمان و فەرهەنگەکەیان.»

٢) خۆبواردن لە سیاسەتی وەلانان لە باسی یەکیەتییەکان‌دا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران شتێکە کە پێوەندی بە هەموو ئێرانییەکانەوە هەیە و هەر ئێرانییەک مافی خۆیەتی وێنا و بۆچوونەکانی خۆی لەم بارەوە دەرببڕێ. دەزانین کە ئەم وێنایانە لە چەپ هەتا ڕاست، لە سۆسیالیستی هەتا لیبراڵ، لە پاشایەتیخوازانەوە هەتا کۆماریخوازانە، لە ناسیۆنالیست و شۆوێنیستەوە هەتا یەکسانی خواز و ناوچەگەرا لەخۆ دەگرێ. وەبەرچاونەگرتن و وەلانانی باڵادەستانەی ئەوان ئاکامێکی نابێ و لەگەڵ پرەنسیپی پلورالیزمی سیاسی ناتەبایە. من ئەوە بە شتێکی باش دەزانم کە ئەم دانیشتنە لە لایەن نوێنەرانی فکرە جیاوازەکان لە کۆڵن بەڕێوەچوو و هیوادارم لە داهاتوودا دانیشتنی لەم چەشنە زیاتر بن. ڕاستە هێندێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە هیچ پێگەیەکیان لە نێو خەڵکی ئێران‌دا نیە و پێشموانیە خۆشیان ئیدیعایەکی پێچەوانەی ئەوەیان هەبووبێ. بەڵام گومانم نیە لەوەیکە ئەوان نوێنەرایەتی بیروبۆچوونێکیان کردوە کە بێ شک لە نێو کۆمەڵگای ئێران‌دا هەیە. ئاگادارین کە لە ڕۆژەکانی بەر لە دەست پێکردنی کۆبوونەوەکان‌دا، لە لایەن تەلەڤیزیۆنە شۆوێنیستەکانەوە پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو لە دژی هێندێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بڵاوبۆوە و هەوڵدرا لە بەشداری لە کۆبوونەوە لەگەڵ «فێدراڵیست» و «جیاییخوازەکان» بەدووریان بکەن. کەوابوو ئەوە هەر حیزبە کوردستانییەکان نین کە کەوتوونەتە ژێر ئەم گوشار و هێرشانە، بەڵکوو ئەم تەنگژەیە ڕووبەڕووی لایەنی بەرامبەریش بۆتەوە. بە باوەڕی من ئەوە ئەزموونێک بوو کە تێیدا هەوڵدرا جیاوازییەکان نەبنە بنەما و پێ لەسەر خاڵە هاوبەش و یەکیەتی بەخشەکان دابگیرێ. ئەگەر دەمانهەوێ کۆمەڵگایەکی هاوبەش لەسەر بناخەی پلۆرالیزم و فرەحیزبی دابمەزرێنین نەک لەسەر بنەمای دەسەڵاتی تەک حیزبی، دەبێ توانای دروست کردنی هاوبەندیمان هەبێ و بە تایبەت نابێ هیچ کەس و هێزێک وەلابنێین. دیارە ئەوەی لە کۆڵن ڕووی‌دا شتێک نەبوو جگە لە باس و ڕاوێژ بۆ پێکهاتن و بەدیهێنانی یەکیەتییەک لەسەر بنەمای ئەم پێکهاتنە

ل ١٠

# کورد لە سووریا، وەک فاکتەرێکی بە هێز هەڵسوکەوت دەکا

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نوورانی**

هەولێر، عێراق ـ کەمایەتیی نەتەوەیی کورد لە مێژساڵە لە سووریا لە ژێر گوشاری زۆرداران دایە و بە هەموو شێوەیەک زوڵم و زۆری لێدەکرێ. ئێستا کە سوریا تووشی قەیران و ئاڵۆزیی نێوخۆیی هاتوە کوردەکان بوونە فاکتەرێکی گرنگ و بە توانای شاراوە بۆ بەهێز کردنی بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن کە لە نێو سووریا بە دژی حکوومەتی ناوەندی لە ئارا دایە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ.

تا ئێستا کوردەکان وەک پێویست و بە تامەزرۆییەوە و بە هەست و ئێحساسی شۆڕشگێڕانەوە نەهاتوونە مەیدان و بە تەواوی پشتگیری و بەشداریی شۆڕشی سووریا بە دژی حکوومەتی ناوەندییان نەکردوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان لە عەرەبی سوننەی زۆرینە نیگەرانن. پێیان وایە ڕەنگە لە داهاتوودا ئەوانیش وەک ڕێژیمی ئێستا کوردەکان بخەنە پەراوێزەوە و مافی کورد پشتگوێ بخرێ.

بەڵام ڕۆژانە کوردەکان لە شارەکانی باکووری سووریا بە شێوەی ئارام و هێمنانە خۆیان سەرقاڵ و سەرگەرمی مانگرتن و خۆپیشاندانی دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەکەن. حکوومەت بە زۆری هێزەکانی خۆی لەسەر ڕاپەڕینەکانی عەرەبی سوننە لە شارەکانی حومس و حەما و ئەدلیب چڕ کردۆتەوە بەرە بەرە بەرەو شەڕێکی نێوخۆیی دەڕوات. لە زۆر بواردا ڕێژیم لە سەرکوتی کوردەکان خۆ دەپارێزێ، نایەوێ بەرەیەکی دیکەی شەڕ بۆ خۆی دروست بکا.

عەرەبی سوننە لە وڵاتی زیاتر لە ٢٢ میلیون کەسیی سوریادا زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن کە بۆ ماوەی چەند دەیەیە بە هۆی کەمایەتیی عەرەبە شیعەکانی عەلەوی حکومرانی بەسەردا دەکرێ. کوردەکانیش لە نێوان ٨ تا ١٥ لە سەدی دانیشتووانی ئەو وڵاتە مەزندە کراون. بە هۆی ئاڵۆزیی ئایینی و مەزهەبیی جۆراوجۆر، ڕاپەڕینی سووریا لەگەڵ ڕاپەڕینی تونێس، میسر و لیبیا جیاوازیی زۆر هەیە.

ئەو جارە ڕەنگە کوردەکان سەبارەت بە دارمانی ڕێژیمە لەرزۆکەکەی ئەسەد سووریا بۆچوونی جیاوازیان هەبێ، کە ئایا ئەو ئاڵترناتیگەی کە پاش ڕووخانی ڕێژیم لە وڵات دێتە سەرکا هەڵسوکەوت و نەقش و ڕۆڵی سەبارەت بە کوردەکان چۆن دەبێ. بەڵام ئامریکا و هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی بە گشتی هەوڵ دەدەن کە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کوردەکان بە قەناعەت بگەیەنن و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن هاوڕایان بکەن. بەڵام ئەو کارە هەروا ئاسان نییە، چونکە کوردەکان متمانەی زۆریان بە ئامریکا نییە و دەڵێن کوردەکان لە شەڕی ئامریکا و هاوپەیمانان لەگەڵ عێراق دا تەنیا دۆستی ڕاستەقینەیان بوون، نزیک بە هەشت ساڵ لە عێراق مانە و کێشەی نەوت و کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانیان پاش گوێخست. بۆیە ئەو کارە زۆر دژوارە.

دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی کە بە سیاسەتی سووریا و وەزعییەتی نێوخۆیی ئەو وڵاتەوە سەرقاڵە وتی:» ئامریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی ئورووپایی کاریان کردوە بۆ ئەوەی بۆچوونی زاڵ لە ئۆپۆزیسیۆن دا بێنە سەر ئەو باوەڕە کە پاش نەمانی ڕێژیمی ئەسەد کوردەکان بە مافی خۆیان بگەن».

ئەو دیپلۆماتکارە ڕۆژئاواییە کە نەیویست ناوی بڵاو بێتەوە وتی:» ئەگەر کوردەکان بڕیار بدەن و بێنە نێو ئۆپۆزیسیۆن، دەبێتە حەرەکەتێکی پڕ بایەخ و لە باری فیزیکی و بە کردەوە دەتوانن کۆنترۆڵی ڕێژیم بە دەستەوە بگرن و هاتنی وان ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دیمەشق و حەلەب هەیە، کوردەکان بالانسی حەرەکەتەکە دەگۆڕن».

بە گشتی ناوچەی کوردنشینەکانی سووریا لە بواری ستراتیژییەوە زۆر گرینگە بە هۆی ئەوەی هاوسنوورە لەگەڵ تورکیە و عێراق و کانگا و پاشەکەوتی نەوتیی بەرچاوی هەیە، کە لە ڕاستیدا هەروا ماوەتەوە و بایەخی پێویستی پێ نەدراوە.

کاربەدەستانی تورک کە بۆخۆشیان هەر لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی لەو بابەتە خەریکن و هەر ئێستا شەڕ لەگەڵ باڵی شۆڕشگێڕ لە ئارا دایە، لە مێژ ساڵە کوردەکان دەچەوسێننەوە و زاڵمانە سەرکوتیان دەکەن، لە عێراقیش کوردەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو توانیویانە بە حەق و ئاواتی چەند ساڵەیان بگەن. بە نیگەرانییەکی زۆرەوە حەرەکەتی کوردەکانی سووریایان خستۆتە ژێر چاوەدێری و لە نزیکەوە نیگەرانی کاردانەوە و شەپۆلی ڕووداوە سنوورییەکانن. کوردەکان کەمایەتییەکی نەتەوەیی گەورەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەسەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریادا بڵاو و بەش کراون، لە مێژساڵە بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد هەوڵ دەدەن. بەڵام لەلایەن وڵاتانی حاکم بە توندی سەرکوت کراون، ئازار و ئەزیەت و شکەنجە دراون و ئێعدام کراون.

چیرۆکی ڕاپەڕینی کوردەکانی سووریا، داننان بە کورد لەسەر بنچینەی وتووێژ و چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایان و ڕێبەرانی کورد لە سووریا و دراوسێ بوونی عێراق کلیلی تێگەیشتنی کێشەکانە. بۆچی شۆڕشەکەی کوردستان بە ئارامی دەڕواتە پێش بەڵام لە شوێنەکانی دیکە زۆر بە خەستی دەڕواتە پێش.

کاتێک بۆ یەکەم جار لە مانگی مارسی ساڵی ڕابردوودا کە خەڵکی سووریا ڕژانە سەر شەقامەکان بە دوای ڕاپەڕینەکانی توونێس، میسر و لیبیا، بە گوێرەی چاوپێکەوتنە تەلەڤیزیۆنییەکان، ڕێبەرانی سیاسیی کورد زۆریان حەز دەکرد لە کوردستان ڕاپەڕین هەبێ. کوردەکان وەک نەتەوەیەکی چەوساوە و زوڵم لێکراو بە درێژایی مێژوو ڕابردوویەکی پڕ لە چەرمەسەری و خوێناوییان هەبوو، بە بەردەوامی لە خەبات و ململانێ دابوون لەگەڵ داگیرکەران، چووکترین هەلیان بۆ ڕەخسابێ ڕژاونە سەر شەقام، داوای مافی نەتەوەیی خۆیان کردوە بەڵام ئەوجارە ڕێبەرانی سیاسیی کورد بڕیاریان داوە کایە بە چارەنووسیان نەکرێ.

عەبدولباقی یووسف سیاسەتمەدارێکی کوردی سووریا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیونی لە هەولێر وتی:» ڕێژیمی بەعس بە بەردەوامی هەوڵی داوە ئەوە فێری دانیشتووانی سووریا بکات کە کوردەکان هەوڵ دەدەن سووریا دابەش بکەن. هەر لە سەرەتا کە ئێمە دەستمان بە مانگرتن و خۆپێشاندان کرد ڕێژیم وتبووی کوردەکان تێکدەر و جیاییخوازن».

یوسف وتی:» کە شۆڕش لە شاری دەرعای باشووری سووریاوە دەستی پێ کرد، کوردەکان خۆپێشاندانی گەورەیان لە شاری قامیشلی لە باکووری ڕۆژهەڵات و بە گشتی لە شارەکانی دیکەی ناوچە کوردییەکانی ئەو وڵاتە وەڕێ خست، وێنە و پۆستەرەکانی بەشار ئەسەد دڕان و فڕێ دران، پەیکەری حافز ئەسەدی باوکی بەشار ئەسەد و سەرۆک کۆماری پێشوویان هێنایە خوارێ».

لە مانگی ئۆکتۆبردا دوای کوشتنی مەشعەل تەمۆ، چالاکی ناوداری کورد، ڕق و بێزاریی کوردان بە دژی ڕێژیم بەرز بۆوە. لە کاتی ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەمۆ بە دەیان هەزار کەس لە شارەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕژانە سەر شەقام بۆ مەحکووم کردنی ئەو کارە ناڕەوایە، هێزەکانی ئەمنیەتیی ڕاستەوخۆ تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد. لە خۆپێشاندانی ناوچە کوردییەکان لەگەڵ ئەوەی دروشمی دژی ڕێژیمی ئەسەد بەرز دەکرێتەوە، داوای دەسەڵاتی زیاتر و مافی بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان لەو ناوچانەدا دەکەن. خۆپێشاندەران ئاڵای سورو سپی و سەوزی کوردستان ڕادەوەشێنن. هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی بەعس لە نزیکەوە بە وردی چاودێری خۆپێشاندانەکان دەکەن، بۆ شناسایی چالاکوانانی سیاسیی کورد و بۆ بڵاو کردنی خۆپێشاندەران گازی فرمێسک ڕێژ بڵاو دەکەنەوە. بەڵام هێزە ئەمنیەنییەکان نیشانیان داوە بەو توندوتیژییەی کە لە شارەکانی حەما و حومس، بە تۆپباران وتانک ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران دەبنەوە لە کوردستان بەو ڕادەیە نییە، چونکە ئەوان نایانەوێ بەرەیەکی دیکە دژ بە خۆیان لە کوردستان دروست بکەن.

زۆربەی کوردەکان پێیان وایە ڕێژیمی ئەسەد نایەوێ لەگەڵ کوردەکان دەرگیر بێ و پرسەکە لەخۆی ئاڵۆزتر بکا، بەشێک لە کوردەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە پرسی کورد لە سوریا دەبێ لە ڕێگا هێمنانە و دیالۆگ جێ بەجێ بکرێ بۆیە زیاتر تیشک دەخەنە سەر چارەسەری ئاشتیانە.

بەڵام دیدنس ناتالی پرۆفیسۆرێکی زانکۆی بەرگریی ئامریکا کە دەیان ساڵ لەسەر کار و باری سیاسی کورد لێکۆڵینەوە دەکا وتی: «ڕێژیمی ئەسەد دەیەوێ دڵی حیزب و لایەنەکانی کورد بداتەوە و بە پێدانی هێندێک پۆوان وەک مافی هاووڵاتیبوون و ناسنامە چاویان بنووسێنێ. ئاخر ئەو ڕێژیمە، هەر ڕێژیمەکەی بەعس نییە کە دەیان ساڵە حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد لەو وڵاتەدا دەکا ؟ دەبێ کوردەکان بە وریایی هەنگاو بنێن چونکە ئەگەر ڕێژیم خۆ بگرێتەوە ئەوانیش بە توندترین شێوە سەرکوت دەکا».

ئەگەرچی ڕێبەرانی کورد دەڵێن زۆربەی هەرە زۆری کوردەکان لە سووریا زۆر لێبراوانە بەربەرەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەکەن، بەڵام کوردەکان ڕۆژ بەرۆژ زیاتر نیگەرانی پیلانەکانی دەوڵەتی ئەردوغانن سەبارەت بە هەڵوێستی ڕێژیمەکەی کە ڕۆڵ و دەوری ڕێکخستنەوەی ئۆپۆزیسیونی سووریای گرتۆتە ئەستۆ. تورکیە بۆ سەرکوتی کوردان هەمیشە دەوری خراپی گێڕاوە. بە هەر شێوەیەک بۆی بکرێ بەربەرەکانی کوردەکان دەکا و نایەڵێ بە مافی خۆیان بگەن. تورکیە ئێستا بۆتە پەناگایەک بۆ پەنابەرانی سووریا کە لە ترسی حکوومەتی سووریا ڕادەکەن و هەروەها بۆ ئەندامانی ئەندامانی باڵەکانی چەکداری ئۆپۆزیسیونی سووریە کە بە ئەرتەشی ئازادی سووریە ناسراوە.

ئێستا ڕێبەرانی تورک نەخشەی سیاسیی خۆیان بۆ سووریا کێشاوە. ئەوان لەوانەیە ئاگاداری کاروباری کوردەکان بن لە هەر ئاڵوگۆر و وەرچەرخانێکدا. ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەمێژ ساڵە خەبات دەکەن بۆ ئافراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ. ناوچە دووردەستەکانی سوورییایان وەک شوێنی حەسانەوە و هێرش بۆ سەر تورکیە لە ڕابردوودا بەکار هێناوە. ئەوان ئاسانتر دەتوانن بە هاوکاریی ڕێژیمی ئەسەد خەباتی خۆیان بە دژی تورک درێژە بدەن هەتا ڕێژیمێکی دیکە لە دوای ئەسەد دێتە سەر کار. کوردەکان لە کۆبوونەوەی حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لە مانگی مارسی ساڵی ڕابردوو پێک هات لە ئەنتالیا بەشدارییان نەکرد، بەشێکی زۆر کەم لە کۆنفرانسی ئیستانبوڵ بەشدار بوون، ئەوانەش کە چووبوون بۆ کۆبوونەوەکە پەشیمانن، چونکە دەڵێن زۆربەی ئۆپۆزیسیۆن هەر وەک ڕێژیم بیر دەکەنەوە نایانەوێ مافی کورد بە ڕەسمییەت بناسن.

سەرۆک مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ دروست کردنی پێوەندی لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە سووریا، مانگی ڕابردوو لە هەولێر پێتەختی هەرێم، میوانداریی کۆبوونەوەیەکی پێکهاتوو لە سیاسەتمەدارانی کوردی وڵاتی دراوسێی کرد. قەولی پشتیوانی بۆ بوژانەوەی ئەو بەشەی کوردستان و پێدان و داوای لێکردن لە دەوری یەک کۆببنەوە چونکە هاتنەدیی سەرکەوتوویی کوردستان لە گرەوی یەکگرتن دایە. هەروەها جەختی لە سەر خەباتی مەدەنیانە و ئاشتیانە کرد و وتی خەباتی چەکدارانە لە ناوچەکەدا کاتی بەسەر چووە.

کورد لە سووریا دەبێ یەک ڕیز و یەک گوتار بێ. دەرکەوتوە نە ئۆپۆزیسیون دان بە مافەکانیان دا دەنێ و نە ڕێژیمی ئەسەد، چونکە هیچیان باوەڕیان بە مافی کورد نییە، ئەوە کوردە کە دەبێ بە یەکڕیزی و برایەتی و پشت بەخۆبەستن لەو هەلومەرجە ناسکەی سووریادا مافەکانی خۆی وەدەست بێنێ.

سەرچاوە: واشنگتۆن پۆست



درێژەی:

# هاوبەندییەکی ئێرانی و هێندێک لە بابەتە پێوەندیدارەکان لە روانگەی کوردانەوە

## «یەکپارچەیی خاک، «تمرکز»ی سیاسی، زمانی فارسی و ئاڵای ئێران»

لە نێوان ئێرانییەکان‌دا. سروشتییە کەس لە بەرنامەی حیزبی خۆی پاشەکشەی نەکردوە. ئەم بەرنامانە وەک خۆیان هەن. لەسەر سێ بنەمای باسکراویش هیچ سازان و پێکهاتنێک ڕووی نەداوە، بەڵام ئەم بەرنامانە بە گشتی بۆ هاوبەندی دانەڕێژراون و تەنانەت ئەگەر هاوبەندییەکیش بۆ پێکهێنانی حکوومەت بێتە ئاراوە، تەنیا بەشێک لەم بەرنامانە بەڕێوەدەچن. هەروەها ئێمە دەبێ لانیکەم توانای وتووێژ لەگەڵ یەکترمان هەبێ. ئەگەریش بە هۆکاری بەرنامەیی لە ڕەوتی پرۆسەکەدا بەو ئاکامە گەیشتین کە ناتوانین لە بەرەیەکدا کار بکەین، لانیکەم بیروبۆچوون و لێکدانەوەکانی یەکترمان بیستوە و دانوسانێکی دیموکراتیکمان پێکەوە هەبووە. هەر ئەو مەسەلەیە خۆی زۆر گرنگە، چونکە گرفتی ئێمە ئێستا بنەڕەتی‌ترە لە نەبوونی یەکیەتی و یەکڕیزی. ئێمە هێشتا بە تەواوی فێری پێکەوە دانیشتن و وتووێژ نەبووینە. هەر دانیشتنێکیش بەو مانایە نیە کە ئەوە یەکگرتنێکی لێ دەکەوێتەوە. دڵنیا بن کە لە داهاتوودا نەک لەگەڵ هاوبەندییەک، بەڵکوو لەگەڵ چەندین هاوبەندی بە بەرنامە و بۆچوونی جۆراوجۆرەوە بەڕەوڕوو دەبینەوە کە ئەوە شتێکی باش و ئەرێنی‌یە، چونکە لە هەرحاڵ‌دا خەڵک ئاڵتێرناتیڤی جۆراوجۆریان دەبێ. بەڵام داخوا ڕێگەی دۆزینەوەی هاوپەیمان دانیشتن و وتووێژکردن نیە؟ ئایا خۆمان لەو کارەش ببوێرین؟!! پێشنیارەکانی من بریتین لە:

- ئامانج دەبێ ڕوون و دیاریکراو بێ. لە پلەی یەکەم‌دا ئاڵوگۆڕی بیروڕا، وتووێژی ڕاستەوخۆ و ئەگەر کرا پێکهێنانی هاوبەندییەکی گشتگیر بە نێوەرۆکێکی دێموکراتیک لەدژی کۆماری ئیسلامی. ئەرکی ئەم هاوبەندییە لە پلەی یەکەم‌دا دیاریکردنی بەند بە بەند و وردی سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران نیە، بەڵکوو بەر لە هەرکارێک ڕێکخستن و چالاک کردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە لە دەوری دروشمی ڕووخان و وەلانانی ڕێژیم.
- وای‌دانێین لایەنەکانی دیکەش لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمی سیاسیی داهاتوودا ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان هەیە. ئەوەی پەسند دەکرێ تێکەڵاوێکە لە هەمووی ئەم بەرنامە و وێنایانە و بە تەواوی لەگەڵ هیچکام لەم بەرنامانە یەک ناگرێتەوە.
- هەوڵ بدرێ بەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕەوانی و لەسەرەخۆیی ڕوانگە جۆراوجۆرەکان تاوتوێ بکرێن. بۆ گەیشتن بە ڕێککەتنێک، دەوری زمان و شێوەی دەربڕین لە وتووێژەکان‌دا زۆر زیاتر و گرینگترە لە ناکۆکییە زەینی و تەنانەت ڕاستەقینەکان. کەوابوو دەبێ بە زمانێکی نەرم و سیاسی و بەڵگەمەند وتووێژ بکرێ.
- وای‌دانێین کە هاوبەندییەک لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێک نایە. بەڵام بەوحاڵەش دەبێ هەوڵ بدرێ زیاترین هێزەکان کۆبکرێنەوە. سروشتییە کە بنەمای یەکیەتی دەبێ لێک نزیکبوونی بەرنامەی ئەم هێزانە بێ. بەڵام ئێمە ئێستا پێویستیمان بە کەشوهەوایەکە کە تێیدا لە نزیکەوە ئەو بەرنامانە بۆ یەکتر باس بکەین و ڕوون بکەینەوە. کەوابێ لە گرتنی هەڵوێستێک کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێشداوەری لە لایەنی بەرامبەردا خۆ ببوێرین و خۆشمان بە پێشداوەرییەکی ڕەش‌بینانەوە بەشداری دانیشتنەکان نەبین. لە هەبوونی پێوەندی لەگەڵیان خۆ نەبوێرین و تەنانەت بۆ بانگهێشتنیان دەستپێشخەر بین. لەم کارەدا تەنیا بزووتنەوەی دێموکراتیکی ئێران و خەڵکی کوردستان قازانج دەکەن. باوەڕمان بە خۆمان هەبێ.
- لەم پێناوەدا هەوڵ بدرێ لەبارەی بابەتە کێشەدارەکان کەمتر دەنگ وەربگیرێ و زیاتر هەوڵی تێگەیاندن و بە قەناعەت گەیاندن بدرێ. ئەگەریش پێویست بە دەنگ وەرگرتن بوو ئەم کارە لە کۆتایی پرۆسەیەکی دوورودرێژی باس و وتووێژ بکرێ.
- لە خاڵە هاوبەشەکانەوە دەست پێ بکرێ و خاڵە جیاواز و ناکۆکان بخرێنە قۆناغی کۆتایی وتووێژەکان.

# مامۆستا هێمن ، شاعیری گەل

نیعمەت مەلا

ڕەنگبێ باسکردن لە شاعیرێکی وەک هێمن بەوە بەس نەبێت کە بڵێین کە خەڵکی کام شوێنە و یان لە کام شوێن لە دایک بووە و ڕێکەوتی مردنی ئەو کەڵەشاعیرە چییە. بۆیە ئەمجارە دەمەوێ تیشک بخەمە سەر چەند شێعرێکی مامۆستا و بڵێم کە شاعیر لە ئاست عیشق و ئازادی دا چۆنە و چۆن لەم بارەوە دواوە.

هێمن بە کردەوە و بە شێعری پاراو چۆتە لوتکەی ئەدەبیاتی کوردی. لە نووسینی وتار و چیرۆک و شێعر بە ئەزموون بووە، بەدەربڕینی هەست و ڕای خۆی و دانانی شێعری سیاسی سەلماندوویەتی کە لە سیاسەت دا شارەزا بووە و هەروەها لە کاتی خۆیدا بە هەڵوێست گرتن، سیاسەتی کاری خۆی نیشانداوە. بەهەڵگرتنی چەک دژی زۆرداری و ستەم وەک خەباتکار ناوی لە ڕیزی خەباتکاراندا تۆمارکراوە. بەدەرکردنی گۆڤاری سروە و هاوکاری لەگەڵ گۆڤارەکانی هاوکاری کورد و هاواری نیشتمان و گڕوگاڵی منداڵان و هەڵاڵە لە مەیدانی ڕۆژنامەوانیشدا ئەسپی تاو داوە و بە نووسینی پێشەکییە بە تام و چێژەکەی تاریک و ڕوون، تیشکی خستۆتە سەر بەشێکی تاریکی سەردەمێکی درێژی کوردستان و مێژوی نووسیوە. ئەوەی کە لەو وتارەدا دەمەوێ باسی لەسەر بکەم، ڕەنگدانەوەی کێشەی نەتەوایەتی و بیری ئازادیخوازی لە شێعری مامۆستا هێمن دایە. مامۆستا هێمن بۆخۆی لەم بارەوە دەڵێ: «شاعێر پێی وایە ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی کە دەبێ بۆ ڕزگاری نەتەوەو نیشتمانی خۆی هەوڵبدا. ئەگەر لە وڵاتێک دا بام کە ژیانێکی نەتەوایەتی سەربەخۆم هەبا پێم وایە قەت نەدەچوومە نێو سیاسەتەوە، هەرچەند پێم وانیە ئەدەب و سیاسەت لێک دوورن». هێمن شاعیری گەلە. گەل خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری هەوێنی شێعری ئەو شاعیرەن. وڵات و گەل و نیشتمانەکەی لە پەنا وڵات و گەلانی تر خۆش ویستووە و ڕێزی بۆ هەموو گەل و نیشتمانێک داناوە. واتە خۆی لە چوار چێوەی ناسیونالیزمی بەر تەسک دا نەهێشتوتەوە و تووشی بیری شۆوینیزم نەبووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر مرۆڤانە نیشتمانپەروەری لەگەڵ بیری فراوانی ئینترناسیونالیزم تێکەڵ کردوە. لە پراکتیکدا بە نووسینی شێعری کورد و ئازەربایجانی سەلماندوویە کە گەلان هەموو برای ئەون. ئەگەر بێت و لەچاوی فەلسەفەی ئەمڕۆییەوە بە ناخی شێعری هێمندا ڕۆچین، دەبینین کە وەک ئێگزیستانسیالیزمەکان باوەری پتەوی بە ئەوپەڕی ڕەنگدانەوەی ئازادی تاکەکەس لە کۆمەڵدا بووە. لە ئاسۆیەکی بەرفراوانی بیرەوە پێی ناوەتە هەرێمی ناسینی گەلان و مرۆڤ بە گشتی:

**ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژین**
**چۆن گەلی داماو و دیل و مات و غەمگینم دەوێ؟**

هێمن تەنیا بە خۆشەویستی نیشتمانەوە نەوێستاوە. هەوڵی ناسینی نیشتمان و گەلەکەی بە خەستی داوە و دەردی کۆمەڵی ناسیوە و ئەمجار بۆ لابردنی ئەم دەردانە تێکۆشاوە. نیشتمانی مامۆستا هێمن وەک خۆی ناسیویەتی وڵاتێکی تەواو سوننەتی یە و ڕادە و پلەی خوێندەواری خەڵک یەکجار کەمە. هەربۆیە بە شێوەیەکی زۆر شارەزایانەو سادە و ساکار شێعری نووسیوە و لە وشەی هەرە ڕەسەنی کوردی کەڵکی وەرگرتووە. یا خۆ بە وتەی خۆی لەبەر ئەوەی کە لە دێ شێعر نووسینی دەست پێ کردوە هەوڵی داوە بە زاراوەی خەڵکانی گوند بنووسێ و هەر ئەوە بۆتە هۆ کە لە زمانیشدا شێعری پاراو و جوان بن. وەک پسپۆڕێک بەو قەناعەتە گەیشتوە کە زمانی سادە و شێعری سادە دەتوانێ هاندەری خەڵک بێ و کاریان بکاتە سەر:

**گوارەکەی زێڕت بە کارنایە لە گوێ بگرە قسەم**
**لایقی گوێی تۆ عەزیزم شێعری سادەی هێمنە**

هێمن شاعیری سەردەمی غەوارەبوونی هوشیاری یە، هوشیاری کۆمەڵ و تاک لە نزمترین ئاستی خۆی دایە. ئەو کۆمەڵەی کە ئێستاش تاک ناتوانێ شوێنی لەسەر دابنێ و هەموو وەک کۆ دەژێن. یان ئەوەتا هەموو تێکڕا ئاگر دەگرن یان هەموویانساڵیانی زۆر لە بەستەڵەکی ژیاندا دەبنە پەیکەر. زانایی لەوەها کۆمەڵێکدا خۆی لە خۆیدا دەرد و ئازارە. هەستکردن بەو ئازارە تاقەت پرۆکێنتر لەو ئازارەیە کە بەسەر ئەم کۆمەڵە نوستووەدا زاڵە و لێی بێ خەبەرە:

**دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی**
**دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی**

کاتێ هێمن باسی ئەو گرووپە دەکا کە بۆ یەکسانی گرتوویەتی خوێنەر دوو یەکسانی لە مێشکی دا دەنەخشێ:

یەکەم ئەوەیە کە شاعیر دەیهەوێ گەلەکەی وەک هەموو گەلانی تر مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و مافی یەکسانی پێ ڕەوا ببیندرێ و چیتر مافەکانی پێشێل نەکرێ.

دووهەم ئەو یەکسانییەیە کە ژنیش وەک نیوەی کۆمەڵ مافی خۆی پێ بدرێ و هیچی تر ژێر چەپۆکە و مافخوراو نەمێنێ. دەزانێ کۆمەڵێک ڕزگاری بە خۆیەوە دەبینێ کە ژن لەو کۆمەڵەدا ڕزگار و ئازاد بێ:

**چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ**
**بەس نەبێ ئەو کۆیلەیی و ئەو کچ لە ژووردا بەستنە**

کورد خۆی لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینە تەریک ماوەتەوە وەک لە تایبەتمەندییەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا ئاماژەمان پێکرد کوردیش لە چوارچێوەی تەسکی بیرە داخراوەکاندا قەتیس ماوەتەوە. ئەمە بۆتە هۆ کە خۆشی وەک گەلێکی دیلی ئەم بەندانە بە دەردی خۆی نەزانیوە. هەربۆیە هێمن وەک گۆرانی شاعیر بە شێوەیەکی کۆمەڵناسی ئەم ئاستەنگییەش بە دەردێکی کۆمەڵایەتی ناو دەبا و بۆ سارێژی ئەم زامە هەوڵیداوە:

**ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد**
**هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد**

هێمن بەو دەرد و ئازارەی زانیوە کە کورد سەرەڕای ئازایەتی و نەترسی، بە هۆی جۆراوجۆر نەیتوانیوە بە مافەکانی بگا. بە خوێندنەوەی مێژوو ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوون بۆتەوە کە لە زۆر هەلومەرجی ناسکدا و لە زۆر سەرهەڵدانە بە هێزەکاندا هەڵەیەک یان بەلارێ دا ڕۆیشتنێک بووە بە هۆی چەواشەبوونی جوڵانەوەکە و نەزۆکبوونی بەدواوە بووە. هەروەها ئەزانێ کە خەڵک بەو قەناعەتە نەگەیشتوون کە خۆیان وەک مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست بێنە مەیدان و شارەزایانە گوڕەپانی هیوا و هومێد بپێون و لێزانانە و پێگەیشتوو چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن. چاوی هومێد و هیوای بڕیوەتە پێش سوارەکان و کاتێ ئەوانیش تەواو نابینێ وەک هۆکاری سەرنەکەوتن دەستنیشانیان دەکات:


**لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەڕنی بیستەمدا**
**سەرم سوڕما کە ئەسپی سووکەسواری کوردی بۆ وەستان**
**وڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جیهان دیدە**
**خەتای سواران نەبوو، پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان**

هەروەک گوتم هەموو گلانەکان لە ناوەستایی نەبووە. دەبێ بارودۆخ و هەلومەرجی تایبەتی سەردەم و ناوچەش لە بیر نەکەین . زۆرجار خیانەتی وڵاتێکی بەڕواڵەت دۆست بۆتە هۆی شکست و هەندێ جاریش دەستێوەردانی زلهێزەکان ماڵی کوردی وێران کردوە. هەر بۆیە هێمن بەوپەڕی متمانەوە پاڵ بە کۆمارەکەی پێشەواوە دەدا و گەل و نیشتمانەکەی بە ئەو دەسپێرێ:

**تۆم بە خوا ئەسپارد و ئەسپاردم بە تۆ ئەی پێشەوا**
**میللەتی دڵپاک و چاک و نیشتمانە جوانەکەم**

هێمن لەگەڵ هیواکانیدا دەژی. مرۆڤی بێ هیوا لە ژیان بێ بەشە. عیشق و ئازادی دوو پەنجەرەن کە ڕوو بە هیواکانی هێمن دەکرێنەوە. ئەو هیوایانەی کە شاعیر بەرەو ڕووناکی و ئاسۆ باڵی بۆ گرتوونەتەوە و هیچ هێزێک ناتوانێ تازە بەرە و شەیتان و تاریکی بیانبات. ئەو ڕێبوارە نەسرەوتەیە کە هەردەم لە ڕێپێوان دایە. لە ڕێدامانی پێ لە ڕاوەستان باشترە، دەیەوێ مرۆڤەکان هان بدا بۆ ئەوەی خەبات بکەن بۆ ئامانجەکانیان، تەنانەت ئەگەر پێشیان نەگەن:

**هەتاکوو دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم**



**ئەگەر بێجگە لە ناکامییش نەبینم بەرهەمێکی تر**

ئازادی وشەی ڕۆح سووکی سەرزار و قەڵەمی هێمنە. هەموو شتێکی بۆ ئازادی دەوێ. مرۆڤایەتی لە ئازادیدا دەبینێ. ئازادی ئامانجی خەباتی ئەو و گەلەکەیەتی. مامۆستا دەزانێ بە هۆی نالەباریی بارودۆخ لە وڵاتی ئێمەدا ژن دوو جار دیلە. واتە جیا لە ئەو دیلییەی کە وەک نەتەوە بەدیلی ماوەتەوە و نەیتوانیوە شنەی ڕزگاری هەڵمژێ جارێکی تر لە بەندی پیاوسالاریدا ماوەتەوە و یاسای پیاوسالاری ژینی لە ژن ئەستاندوە. هەر بۆیە مامۆستا لە تاکە بەیتە جوانەکەیدا زۆر بە جوانی ئەو دەردەی زەق کردۆتەوە:

**ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم**
**تەماشا کەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم**

مامۆستا لە وڵاتی خۆیدا هونەرەکەشی بە دیل دەزانێ. دەیەوێ لە هونەردا بە ئازادی بگا. بە هۆی نالەباریی ئاستی ژیان بۆ هونەرمەند مامەڵەی نادروستی کۆمەڵ لەگەڵ هونەرمەند، هونەرەکەی خۆی بە غەریب و تەنیا دەزانێ. مامۆستا وەک شاعیرانی مەکتەبی ڕۆمانتیک ویستوویەتی وشە ئازاد بکا و لە دیلی نەجاتی بدا. هەربۆیە دەبێ کەوتبێتە بەر تانە و تەشەری نەزانان و لەهونەریشدا ئاڵۆزی و پەرێشانی بەرچاو کەوتبێ:

**هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەی دا**
**بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانەخەرابی با**

واتە مامۆستا هێمن رزگاری تەنیا لە خەبات و شەڕی چەکدارانە و بەرهەڵست بووندا نابینێ بەڵکوو پێی وایە کە ژیان دەبێ چێژ لە هونەری پاک و بێ ئاڵۆزیدا بێ و دنیاش لە یاسا و ڕێکوپێکی بەهرە ببا و ئازادی وەک فریشتە ڕێزی لێ بگیرێ . ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا پێک بێ و ڕۆشنبیری بە لووتکەی خۆی بگا. فریشتەی ژین لە شێعری هێمن دا ژنە و هەوێنی ژیانیش ئازادی. بۆیە کاتێ دەیهەوێ لە نرخی ژیان بدوێ، فریشتە و هەوێنی ژین لە پەنا یەک ڕادەگرێ و بە دەربڕینی خۆشەویستی لە ئاست یەکیان ئەوینی بە ئەوی تر نیشان ئەدا:

**بەڵێ سەختە یەکجار سەختە**
**دووری لە ژن نامرادی**
**بەڵام لە ژن خۆشەویستتر**
**لە لای من ئەتۆی ئازادی**

ئازادی لە ژیانی شاعیری گەلدا نرخی ساندوە و پەڕەوازەی هەندەرانی کردوە. هەر ئەوەی کە نەیتوانیوە چیتر زوڵم و ستەم دەرحەق بەخۆی قبووڵ بکا و دژ بە سیستم نارەزایی دەربڕیوە و سنووری پەڕاندوە و لە بەرامبەر زاڵماندا ڕاوەستاوە و بە هەموو شێوەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لە خەباتدا بووە، خۆی دانی نرخی ئازادییە. تا ئەو ڕادەیە کە کراوەتە نیشانەی تیری خەم و شانی لە بن باری خەمدا داخزیوە و پاش هەست بە زۆرداری کردنێکی زۆر بە تێغی زۆرداری بریندار کراوە. هێمن کاتێ زانیویەتی وشە ناتوانێ بەر بە فیشەک بگرێ هاتوە دڵی بخنێتە لوولەی تفەنگەوە. هەر بۆیە شەهید لە شێعری هێمندا ڕۆحی پەری ئازادی یە:

**تا بە دەستی پەری ئازادی لە سەر گۆڕی شەهید**
**گوڵە شللێرە لە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریم**

شەهیدبوون تەنیا بۆ لەدایکبوون و مانی پەری ئازادی بە رەوا دەزانێ. دەنا هێمن شاعیری جوان پەرەست و ژیان خۆشەویست و ئاشتیخوازە. هاوڕازی بولبول و وەنەوشە و مەی و ساقی و نەیە. ژینی تەنیا لە ڕێی حەزرەتی ئازادی دا دەبەخشێ:

**نایەڵن قەد چێژی ئازادی بچێژم من دەنا**
**خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێنینم دەوێ**

هێمنی سەوداسەری ئازادی تا دوا هەناسەی ژیانی هیچ کەند و کۆسپێک هەنگاوی پێ شل نەکرد. هەر وەک دەڵێ لە شان و باهۆی خۆی را دی و سەدان گابەردی زلی تل دا و بە هەڵبژاردنی ژیانی پڕ لە فرمێسک و ماتەم خۆی سووتاند و بەزمی خەڵکی ڕۆشن کرد. ئەو هەموو نامرادییە نەیتوانی کار بکاتە سەری و بەرە و ئاسۆی ڕوون هات و ئاواتەکانی هەر بەهێز بوون بۆ نموونەش کە لەم شێعرەدا دەڵێت:

**دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی**
**هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی**

شێعر و ژیان و نووسراوەکانی هێمن بوونەتە قوتابخانەیەک . ئێستاشی لەگەڵدا بێ خۆشترین و بەتام و چێژترین سروودی خەبات و نەسرەوتن و بەرەوپێش چوون لە شێعرەکانی هێمن دروست بوون. زۆربەی شێعرەکانی وەک گۆرانی کوتراونەتەوە و هەر بەسەر زاری خەڵکەوە بوون. هێمن کاتێ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت لەگەڵ هەموو کوڵ و دەرد و حەسرەت و ئاواتە مەزنەکانی چۆتە نێو دڵی خەڵکەوە و هەتا هەتایە هەر دەمێنێ و نەوەکانی کورد بەرێزەوە ناوی دەبەن تا هونەر و شێعر زیندوون ڕۆحی هێمن ئاوێتەی ڕۆحی گەلەکەیەتی:

**ئاگری سینەم بڵێسەی دێ و وڵات ڕۆشن دەکا**
**ئەو دەمەی خۆم وەک دڵۆپێک دەچمە نێو دەریای عەدەم**

بەڵام ئەو شاعیرەی کە هەموو ژیانی لە خزمەت گەلەکەی دابوو لە دوای دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی ڕەنگین لە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشە هۆگران و عاشقانی ئەدەبی کوردی و بەتایبەت بەرهەمەکانی جێ هێشت و لە سەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی شاری مەهاباد بە خاک سپێردرا و گۆڕەکەی جێگای ئەویندران و هۆگرانی ئەدەبی کوردی یە.

---

هەڵە چێنی

## تەهدیداتی نەورۆز

مستەفا شێخە

ئەم نەورۆزە ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر تووشی گرفتمان دەکات. زۆرم لا سەیرە کەس لا لەم پەیدەیە ناکاتەوە و هیچکەس لەم مەیدانەدا لە فکری نەجاتی ئەم ئۆممەتە دا نییە. کەسیش ئەم تەهدیدە موهیممە بۆ سەر دین و دونیامان بە جددی تەلەقی ناکات. لە غەربی کشوەر، نەورۆزی ئەمساڵ زۆر لە ساڵەهای قەبل شەنیعتر و خراپتر بەرگوزار کرا. مەسئوولینی موحتەرەمی نیزامی موقەددەسیش زۆر بە بێ زەوقی تەوجۆهـ بەم پەدیدەیە دەکەن. هەمووومان دەزانین ئەم پەدیدەیە لە ئایەندەدا تووشی چ موعزەلێکمان دەکات.

ئەوەی ئەمساڵ لە غەربی کشوەر لەلایەن کەسانی نائاگاهەوە بەدەستی موزدوورانی ئەجانب ئیجرا کرا، بۆ ئەوە دەبێ بە نیگاهێکی کونجکاوانەوە تەوجوهی پێبکرێت و مەسئوولینی موحتەرەم بە دیتنی ئەم وەزعە، لازمە ئیحساسی مەسئولیەتی زیاتر بکەن و لە تکراری چونین سەحەنەهایەک جلەوگیری بکەن. مەسئولینی موحتەرەم متوەجیهی ئەوە بوون چلۆن لە ئەییامی نەورۆزدا، دەستی ئەجانب و بێگانە لە ئاستینی هەوادارانی زیددی ئینقلابی لەخودا بێخەبەر دەرهات و بە زیندوو کردنەوەی خوڕافاتی ئەییامی ئاتەشپەرەستیەوە خاهەران و بەرادەرانی نائاگاهی بە سوویی لەهو و لەعەب و حەرەکاتی مەوزوونی ناشەرعی و تەییج کونەندە هان دا. ئەم حەرەکاتە مەوزوونە لە گەڵ مووسیقای تاغووتی و موهەییەج، جەوانانی کەمتەجروبە بەرەو کارهایی نائەخلاقی تەشجیع دەکات.

هەر ئەم هەڵپەڕین و حەرەکاتی مەوزوونە بە وەسیلەی ئەفڕادی فورسەتتەڵەب فیلمبەرداری کران ئەز راهی ئیرتباتاتی پوشتی پەردەی تەشجیع کوننەدگانی ئەم بەزمە و زیددی ئینقلابەوە، گەیشتنە ئەو تەلەویزۆنانەی لە لایەن سەهیۆنیزم و شەیتانی گەورەوە بۆ زیدد ئینقلابەکان دروست کراون. زیددی ئینقلابیش وەک خۆراکی تەبلیغاتی لەو تەلەویزیۆنانەدا سوئی ئیستفادە لەم فیلمانە دەکات و جەوانانی پێ گومراه دەکات و شەهروەندان بۆلای تەجموعهایی غەیری ئەخلاقی سەوق دەدات.

لەم بورهە تاریخیەدا کە مەملەکەتی ئیسلامیمان لە شەرایەتێکی زۆر حەساس دایە و نیرووهایی دوشمەنی قەسەمخوردە هەموو ئەتڕاف و ئەکنافیان گرتووە و هەروا مەحاسەرەیان توندتر دەکەن، چونین حەڕەکاتێکی شەنیع و دوور لە شئوناتی ئیسلامی، مەخسوسەن لە سەروبەندی نوێبوونەوەی ساڵی هیجری شەمسیدا، لە داهاتوودا زیانی جوبڕان ناپەزیر بە نیزامی موقدەسمان دەگەیەنێت.

زیددی ئینقلابی ئەز خودا بێخەبەر بەوەش ڕاناوەستێت، هەر قدەمێک ئێمە عەقەبنشینی بکەین، دووقەدەم دێنەپێشەوە و بەوەسیلەی کەسانی نائاگاهـ زیاتر فشار بۆ نیزام دێنن.

دوای ئەوەی ئەم ئاگرکردنەوە و حەڕەکاتە مەوزوونانە لە تەلویزیۆنەکانی زیددی ئینقلابەوە بڵاو کرانەوە، ئەفڕادی دەستنیشاندە و مەعلومولحاڵ بە عەجەلە خۆیان گەیاندە ئەم تەلویزیۆنانە و لە ڕێگەی شەبەکەی خەتەرناکی ئینترنێتەوە دەستیان کرد بە تەحلیل و تەفسیری ئەم حەڕەکاتە. هێندێک لەو کەسانە پێیان فەراتەر لە مەوزووعەکە راکێشا و باسی زەرفییەتی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نەورۆزیان کرد و ئینتزار دەکەن لە ساڵانی ئایەندەدا دەست وپەیوەندەکاینیان کە لەناو خەڵکی موستەزعەف و هەمیشە دەرسەحنەدا کەمیش نین، دەسیسە و ئەمیالی شەیتانیی ئەوان لەوەش زیاتر جێبەجێ بکەن. ئەگەر ئەمیالی ئەو جۆرە کەسانە جێبەجێ بێت و تیریان بە سەنگ نەخوات، ڕەنگە نیزام تووشی ئەم کێشانەی خوارەوە بێتەوە:

١- ئەو خۆبادان و حەڕەکاتی مەوزوون و خوێندنەوەی شێعر و مەتڵەبی بابیتەبعی زیددی ئینقلابە، لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر لەوە گوسترش پەیدا بکات بە تەواوی لە کۆنتڕۆڵ دەربچێت.

٢- ئەفڕادی وابەستە بە جەڕیانهایی مەعلوومولحاڵ، هەتا نەورۆزێکی دیکە، زیاتر فێری ئەو شێعر و مەتڵەبانە بن کە بە مەزاقی زیددی ئینقلاب خۆش دێن و دەبنە هۆی سەرئێشەی مەسئولینی موحترەمی ڕەدەباڵای نیزام.

٣- ئیحتماله تێکەڵ بوونی خاهەران لەگەڵ ئەم مەجلیسی بەزم و ڕەزمی لەهو و لەعبە باعس بێت، کچ و ژنانی بێشەرمی ناو ئیجتماع زیاتر ڕوویان ببێتەوە و حەتا ئیحتمالی هەیە لە ساڵی ئایەندەدا کچ یان ژنی وا هەبێت وێڕای هەڵپەڕین و خۆبادان لە دەستی پیاوی نامەحرەمدا بە ئاشکارا بە دەنگی بەرز، ئاوازی موبتەزەلیش بڵێتەوە.

٤- ئەگەر ئەم بایە لەو کونەوە بێت، ئیحتمالی هەیە ساڵی ئایەندە منیش شەیتان فریوم بدات و تێکەڵی ئەم حەڕەکاتە مەوزوونە بم.

# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 581 19 April 2012



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC


بەر لە ماڵاوایی

## سێبەری خەستی مۆتەکەی مەرگ و دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە بۆکان

**وریا ڕەحمانی**

دۆزرانەوەی تەرمی کچێکی لاوی بۆکانی لەم چەند ڕۆژەی رابردوودا لە پارکی ساحیلیی ئەو شارە کە بە شێوازێکی نامرۆڤانە و دوور لە ئینسانییەت لە لایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرابوو، شعوور و هەستی مرۆڤانەی کۆمەڵگەی کوردستان و بە تایبەت شاری بۆکانی بە شێوەیەکی جیددی هەژاند و ترس و دڵەراوکەیەکی زۆری خستە نێو دڵی جەماوەری خەڵکەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێی ئاژانسەکانی هەواڵ و خەڵکەوە بە دەست گەیشتوون لەم ماوەیەی رابردوودا نزیک بە ١٠ قەتڵی دیکەی لەم چەشنە لە شاری بۆکاندا رووی داوە کە هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی پێش لە دزەی هەواڵی ئەم کردەوانەیان بەرامبەر بە دنیای دەرەوە گرتوە و تەنانەت لە وڵامێکی گونجاو و شایان بەرامبەر بە بنەماڵەی کوژراوەکانیش خۆیان بواردوە.

لێرەدا چەند پرسیاری جیددی و سەرنجراکێش خۆی دەنوێنێ.

بکەر یان بکەرانی ئەم کردەوە ناشیرینانە کێن و بە چ مەبەستێکەوە ئەنجامی دەدەن؟

لەم پێوەندییەدا ئەرکی هێزە ئینتزامی و ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی چییە و ئایا ئەم هێزانە ئەرکی یاسایی و حقوقیی خۆیان جێبەجێ کردوە؟

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆچی پێش لە گواستنەوەی تەندروستی هەواڵی ئەم کردەوە بکوژیانە بۆ بیروڕای گشتی دەگرن و چ مەبەستێک لە پشتەوەی شاردنەوەی ئەم ڕاستیانەدا شاراوەیە؟ و بە دەیان پرسیاری گرینگی دیکە کە مافی ڕەوای لانیکەم خەڵکی شاری بۆکان و کوردستان و تەنانەت ئێرانیشە کە وڵامەکانیان بزانن.

بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان رووی زۆربەی ئەم قەتڵانە لە کچانی لاوی دەبیرستانیی بۆکان و دەوروبەرەکەیەتی و وێدەچێ ئەندێشە و هۆکارێکی تایبەتیان لە پشتەوە بێ. ڕەنگبێ باسکردن لە ئەنگیزە و پاڵنەر و هۆکارە مەعریفییەکانی ڕوودانی ئەم چەشنە کردەوانە لە ئێستادا زۆر لەگەڵ واقعییەتی بابەتەکەدا نەیەتەوە و لە حەقیقەتی پرسگرەکەشمان دوور کاتەوە. کەچی شرۆڤە و لێکدانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیداری ئەم بابەتە، بەتایبەت دەور و بەرپرسیارەتیی هێز و لایەنە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی ئێران لەم بەستێنەدا، گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە حەقی خۆی پێبدرێ. زۆر سەیرە ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بە کۆماری ئیسلامییشەوە کوردستان بە بەشێکی جیانەکراوەی وڵاتێکی دەستکردی وەک ئێران دەزانن، بەڵام نیگاهی هەموویان بەتایبەت کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گرفتەکانی ئەم ناوچەیە هەمیشە نیگایەکی سیاسی و ئەمنییەتیی نابەرپرسیارانە بووە. شاراوە ڕاگرتن و نابەرپرسانە جووڵانەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕووداو و کارەساتگەلێکی لەم چەشنە خۆی بە زەقی دەرخەری لە ئارادا بوونی ئەم جۆرە دیدەی حکوومەتە کە بە داخەوە لە زۆربەی کاتەکانیشدا خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی کوردستان و دیکەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران تێیدا زەرەرمەندانی سەرەکین. شێوازی هەڵسوکەوتی ئەمنییەتی و سیاسیی حکوومەتی ناوەندی لەگەڵ ئەم کێشە و ناهەنجارییە کۆمەڵایەتیانەدا کە بە گشتی چوارچێوە و پێناسەیەکی حقووقییان هەیە نیشاندەری ڕوانگەی دووگانەی ئەم حکوومەتەیە بەرامبەر بە خەڵکێک کە بۆخۆی وەک نەتەوەیەکی واحیدیان دەنرخێنێ.

بۆکان لەوپەڕی خۆیدا حەشیمەتێکی لە ٣٠٠٠٠٠ کەسی زیاتر نییە و پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی یەکەیەکی وەها کارێکی زۆر قورس و گران نانوێنێ. کەچی ڕەفتاری دووگانە و کەمتەرخەمیی نامەسئوولانەی کاربەدەستانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا پاساوێکی تەکنیکی و کرداری لە خۆیدا هەڵناگرێ و دەروونی نەخۆش و بێکەرامەتی حکوومەتێکی عوقدەیی و ئیدیۆلۆژیکی لەم چەشنە زیاتر لە جاران دەردەخات. سەرهەڵدانی بەینابەینی ئەم جۆرە کردەوانە لە ئێران بە گشتی و کوردستاندا بە تایبەتی ئەو ڕاستییەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەمنییەتی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان نیە بەداخەوە لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان و ئەمنییەتی گیانییش بێبەشن. خودی ئەم مەسەلەیەش وێڕای زۆر پەیام و سیگناڵی دیکە، پەیامی نامەشرووعبوونی ئەم سیستمە دەسەڵاتدارییەتییەمان بەوپەڕی خۆیەوە پێدەدا. خۆشبەختانە خەڵکی کوردستان ئێستا خاوەنی ئاگاهی و تێگەیشتنێکی باشی سیاسی و مەدەنین و لە حاڵەتی بەرپەرچدانەوەی کردەوەیەکی وەهادا شێوازێکی شارستانیانە و سەردەمیانەی گونجاو هەڵدەبژێرن. هەر بۆیەش جێی خۆشحاڵییە کە خەڵکی بۆکان بەرامبەر بەم کردەوە نامرۆڤانەیە و نابەرپرسیارەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندەدا بە نیشانەی بێزاری دەربڕین لە حەرەکەتێکی خۆڕسکی مەدەنیدا قوتابخانە و زانکۆکانی ئەم شارەیان تەعتیل کرد و سیگناڵێکی پڕ لە تووڕەیی بەڵام شارستانیانەیان بۆ بکەرانی ئەم کوشتارانە و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نارد.

باشە، بەراستی، کۆماری ئیسلامی بۆکان (کوردستان) بە کوێ دەزانێ؟!

## جەژنی تایبەتی جوولەکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیسرائیل



«صحرانە» یان «سەیرانە» یەکێک لەو دوو جەژنە گەورانەیە کە هەموو ساڵێک کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی کاناڵی بی بی سی (فارسی) ئەم جەژنە دەرفەتێکی باش و گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی بۆ وێنە وەک ئەلیاهۆ غەریب پور کە شەست ساڵ لەمەوبەر شوێنی لەدایک بوونی خۆی (شاری سەقز)ی جێهێشتوە ، بۆدیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ دۆستان و ئاشنایان و خواردنی کەباب و هەڵپەڕکێی کۆنی کوردەواری.

غەریب پوور دەڵێ «لەهەمووشارەکانەوە دێنە ئێرە و بەیەکەوە قسە دەکەین ، لە ئێران یەکترمان دەناسی ، بەڵام لێرە پەرش و بڵاو بووینەتەوە ، دەمانەوێ لەدەوری یەکتر کۆببینەوە».

بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە ، ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چوونەتە ئیسرائیل لە نێوانی بیست تا پەنجا هەزار کەس دەبن.

(موشێ تەوەکولی) کە خۆی بە خەڵکی شاری سنە لەقەڵەم دەدات، پێی وایە کوردە جوولەکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێرە کۆمەڵەیەکی یەکانگیر و یەکگرتوو نین.

شایانی باسە کوردە جوولەکەکان زیاتر لەباکوری ئیسرائیل ژیان بەسەر دەبەن ، شاری (قودس) و بەندەری (ئەشدود) شوێن و ناوەندی گرنگی نیشتەجێ بوونی ئەوانە.

## کۆچی دوایی ژەنیارێکی کوردی خوراسان

هونەرمەندێکی تارژەنی کوردی خوراسان بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.



غوڵامحوسێن سەمەندەری، هونەرمەندی بەناوبانگی ژەنیاری دووتار لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە شاری توربەتی جام بە هۆی سەکتەی مێشک، کۆچی دوایی کرد.

سەمەندەری مانگێک لەمەوبەر تووشی سەکتەی مێشک و هەو کردنی سییە بوو و بۆ ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەی شاری توربەتی جام لەژێر چاوەدێریی پزشکیدا بووە.

ئەم هونەرمەندە دووتارژەنە لە تەمەنی ٨ ساڵیەوە هۆگری مۆسیقا بووە و بە یەکێک لە ژەنیارە بەتواناکانی توربەتی جام و ناوچەی کوردنشینەکانی خوراسان دەهاتە ئەژمار کە دەیتوانی دووتاری ٧ و ٩ پەردە بژەنێت.

سەمەندەری لە ژیانی هونەریی خۆیدا لە زۆربەی فێستیڤاڵە بەرزەکانی مۆسیقا وەک ئاڵمان، ئیتالیا، فەرانسە، یوونان، لوبنان، سویس و نۆرویژ وەک ژەنیاری هەڵبژاردە بەشداری کردوە.

«یەهودی منوهین» کەمان ژەنی گەورەی جیهانی و ئەندامی ئۆرکێستری نێودەوڵەتیی لەبارەی پەنجەکانی ئەم مامۆستا دووتارەژەنەوە دەڵێت: من خۆزگەم دەخواست تەواو فەخری ژیانم لەگەڵ پەنجەکانی ئەم کابرا گوندنشینە بگۆڕمەوە.

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە کۆنگرەی هاوبەشی «جووڵانەوەی دێموکراتیکی یارسان» و «یاری کورد»





هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆمیتەی دەرەوەی وڵات ڕۆژی شەممە، ١٩ ی خاکەلێوە لە کۆنگرەی هاوبەشی جووڵانەوەی دێموکراتیکی یارسان و یاری کورد دا بەشداربوون کە لە شاری شۆپینگی سۆئێد بەڕێوە چوو.

لەو کۆنگرەیەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ ئەو کۆنگرە لە لایەن بەڕێز سەعید بێگزادە پێشکەش کرا کە لە لە گەڵ پێشوازیی گەرمی بەشداران ڕووبەڕوو بۆوە.

شایانی باسە کە هەیئەتی حیزب بۆ بەشداری لەو کۆنگرەیە لە هاوڕێیان سەعید بێگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ڕەحیم محەمەدزادە ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی پێک هاتبوو.

## فیلمێک لەسەر منداڵانی هەڵەبجە خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی سینەمایی کەنداوی بەدەست هێنا



فیلمی (هەڵەبجە.. منداڵە ونبووەکان) خەڵاتی گەورەی فیستیڤاڵی سینەمایی کەنداو بۆ ساڵی ٢٠١٢ وەردەگرت.

ئەو فیلمە کە لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد (ئەکرەم حەیدۆ) یە، باس لە چیرۆکی (عەلی زمناکۆ) ئەو منداڵە هەڵەبجەییە دەکا کە لە کارەستانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا لە ساڵی (١٩٨٨) پەرەوازەی ئێران دەبێ و لەلایەن خێزانێکی ئێرانییەوە بەخێو دەکرێت و دوای (٢١) ساڵ لەو کارەساتە دەگەڕێتەوە شارەکەی و بە بنەماڵە ڕاستەقینەکەی خۆی شاددەبێتەوە.

فیلمەکە لەکاتی نمایشکردنیدا بووە مایەی سەرنجدانی ڕەخنەگران و بە باشترین فیلمی بەشداربووی فێستیڤاڵەکە دەستنیشان دەکرا.

ئەکرەم حەیدۆ وێنەگر و دەرهێنەرێکی سینمایی کوردە، خەڵکی خۆرئاوای کوردستانە و لەساڵی (١٩٩٥) ەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی.

تا ئێستا فیلمی (هەڵەبجە، منداڵە ونبووەکان) لە چەندین فێستیڤاڵی سینەمایی جیهانی بەشداری پێ کراوە و خەڵاتیشی بەدەستهێناوە، لەوانە: فێستیڤاڵی سینەمایی ساوپاولۆ لە بەرازیل و فێستیڤاڵی ئۆرن لە ئەڵمانیا و فێستیڤاڵی دیاربەکر لە تورکیا و فێستیڤاڵی سینەمای ڕاستەقینە لە تاران و فێستیڤاڵی هونەری حەوتەم بۆ فیلمی کوردی لە لەندەن.

## لە تورکیە ٢٢ هەزار کتێب قەدەغە کران

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی نێوخۆی تورکیا لە ماوەی شەست ساڵی رابردوودا زیاتر لە ٢٢ هەزار کتێب لە تورکیا قەدەخە کراون.

وەلی ئاگبابا پەرلەمانتاری پارتی گەلی کۆماری CHP پرسیارێکی بۆ سەعدوڵڵا ئەرگین، وەزیری دادی تورکیا ناردوەو پرسیویەتی لە تورکیا چەند کتێبی قەدەخە کراو هەن. بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی لا نەبووەو داوای زانیاری لە وەزارەتی ناوخۆ کردوە ئامارێکی لەو بارەیەوە بدەنێ.

ئیدریس نایم شاهین وەزیری نێوخۆ لە وەڵامی پارلمانتارێکی پارتێکی ئەم وڵاتەدا دەڵێ: «لە ساڵی ١٩٥٢ تا ئێستا بڕیاری قەدەخە و ڕاوەستانی چاپ کردن لە دادگاکاندا بەسەر ٢٢ هەزار و ٦٠١ کتێب دراوە، هەروەها ٥٢٩ کتێب کۆکراونەتەوە لە بازاڕەکان هەژماری بڕیاری کۆکردنەوەش ٥٢٩ یە!».

لە نێو کتێبە قەدەخە کراوەکان پەرتووکی «مەم و زین»، هەیە، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و توریستی تورکیا چاپ کراوە، هەروەها چەند بەرهەمێکی دیکەش قەدەخە کراون لەوانە (مانیفێستۆی کۆمۆنیست و ئەلف و بێی سۆسیالیزم، هەروەها هەندێک لە پەرتووکەکانی نازم حیکمەت، عەزیز نەسین، موسا عەنتەر و ئیسماعیل بێشکچی لە نێو پەرتووکە قەدەخەکراوەکاندان.




وتوویژی ئیستانبوڵ- نیك ئاهەنگ کەوسەر